کەســـە دەســـەڵات دارەکـــان بـــۆ گیرفـــان و بەرژەوەندیـــەکانی خۆیـــان مامەڵـــەی پێـــوەی دەکـــەن ئەگـــەرنا ئـــەوەی ئـــەمڕۆ لـــە نێـــو ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا دەبینرێـــت کـــە شـــە پۆلێکی جـــەنگ و خوێنـــاوی وکاولکـــاری ڕووی تێـــدا کـــردووە, کەچـــی ئـــەو وڵاتانـــەی خۆیـــان بـــە وێنـــەی دیموکراســـیەوە خۆیـــان نیشـــان دەدەن کەچـــی دەبیـــنین هـــیچ جـــۆرە هەڵوێســـتێکی ئـــەوتۆی خۆیـــان نیشـــان نـــادەن, تـــەنها بەشـــێوەیەکی ڕووکەشـــی دا هەڵوێســـتەکانی خۆیـــان نیشـــان دەدەن بـــە تایبـــەتی ئـــەو ڕێکخراوانـــەی کـــە لۆگـــۆی مـــافی مرۆڤیـــان بـــە خۆیانـــەوە دا هـــەڵگرتووە ئـــەوانیش تـــەنها کۆمەڵـــە کەســـانێکی قـــازانج ویســـتن لـــە ئـــە نجامی ڕوودانـــی کارەســـاتە جۆراوجۆرەکاندا ,هـــەر بۆیـــە دیموکراســـی و داد پەروەریـــەکی تـــەواوەتی بـــە هـــیچ شـــێوەیەك و هـــیچ کـــاتێکیش بـــوونی نابێـــت چـــوونکە تـــاوەکو مرۆڤـــی دڕەنـــدە و جـــەنگ خـــواز هـــەبن لەســـەر ئـــەم گـــۆی زەویـــەدا بۆیـــە بـــە شـــتێکی مـــەحاڵ هـــەژمار دەکرێـــت, خـــۆی هەرچـــندەش ڕۆژ بـــەڕۆژ مرۆڤـــە باشـــەکان بـــەرەو کـــەمی دەچـــن یـــان لەناو دەبرێن بە هەر هۆیەك بێت ئیتر ,

بـــوونی ململانێـــی مەزهـــەبیش لـــەنێو ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا, بەشـــێکی گـــەورەی نائارامیەکـــەی ئـــەم ناوچـــەیە نیشـــان دەدات کـــە بـــە درێـــژایی مێـــژوو تێپەڕانـــدنی بـــە خۆیـــەوە بینیـــوە کـــە تـــاوەکو ئێســـتاش هـــەر بەردەوامـــە لـــە پاڵیشـــیدا بـــە هـــەزاران خـــوێنی یـــەکتری تێـــدا ڕژاوە وە یـــاخود ڕق و کینـــەکان بەرامبـــەر بەیـــەکتردا تـــۆخ تـــر دەکـــرێن تـــەنها بـــەهۆی دوو مەزهەبـــەوە کـــە لەیـــەك

ئاینـــــەوە ســـــەری هەڵـــداوە کـــە ئـــەویش ئاینی( ئیســـلامە ), کـــە ئەمـــەش تـــەنها کۆمەڵـــە کەســـانێکن پێیـــان دەگوترێـــت: بازرگـــانی مەزهـــەبی واتـــە بـــۆ ڕایـــی کردنـــی کـــارو بارەکـــانی خـــۆی و بڵاوکردنـــــەوەی ئایـــــدیاکانی خۆیـــــان دا وە هـــــەروەها بـــــۆ فراونکردنـــی ســـنورەکانی دەســـەڵاتی خۆیانـــدا پشـــت بـــە چـــەندین مـــەرامی جیـــاوازدا دەبەســـتنەوە, چـــوونکە ئیســـلام یـــەك ئـــاین و یـــەك ئایدیایـــە بۆیـــە ئـــیتر ناکرێـــت کەســـە بەرژەوەنـــد خوازەکـــان بیکـــەن بـــە چـــەندین گـــرووپ و مەزهەبـــدا ,کـــە لـــە ئە نجامیشـــدا ناســـەقامگیری لـــەنێوان تاکـــەکانی گۆمـــەڵگا درووســـت دەکـــەن وە لـــە جیـــاتی ئـــەوەی تاکـــەکان ڕووحـــی مرۆڤایـــەتیان تێـــدا بەرجەســـتە ببێـــت کەچـــی بـــەهۆی درووســـتبونی ئـــەم گرووپانـــەوە گێژاویـــەکی بـــێ ســـەرو بەرانـــە لـــەنێوان تاکـــەکانی کۆمـــەڵگادا درووســـت دەکـــات بـــەڵام ئـــەوەی لێـــرەدا گرنگـــە پێویســـتە تـــاك لەســـەروی ئەمانـــەوە بیربکاتـــــەوە واتـــــە بەشـــــێوەیەکی ( ڕۆشـــــنبیرانەوە ) هـــــەنگاوەکانی بنێت.

ســـوریا نموونەیـــەکی گـــەورەی نـــا ئـــارامی ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت نیشـــاندەدات کـــە مـــاوەی 9 ســـاڵە بـــە بـــەردەوامی جـــەنگ و کووشـــتاری تێـــدا دەبینرێـــت کـــە ئەمـــەش لـــە دەرئـــە نجام دا ئـــەوەی بـــە درێـــژایی ئـــەم چـــەندین ســـاڵەدا باجەکـــەی دەدات تـــەنها خەڵکـــە هەژارەکەیـــە کـــە مـــاڵ و ژیـــانی خـــۆی لـــە دەســـتداوە جگـــە لـــەوەی کـــە ڕووبـــەڕووی چـــەندین دەســـت درێـــژی جـــۆراو جـــۆر دیکـــە بوونەتـــەوە کەچـــی ســـەرۆك و خێزانەکـــەی لـــە مـــاڵێکی گـــەرم و گـــوڕدا ژیانیـــان

دەگوزەرێنن بەبێ ئەوەی هەست بەبوونی هیچ ئازارو کەم کورتیەکدا بکەن, کەچی لە پاڵ ئەوەیشدا بە دەیان منداڵی بێ تاوان خۆیان لە ئاوارەیی و بێ نازی دا دەبیننەوە, دیارترین نموونەش کە لەم کۆتاییەدا ڕووی دا هێرشەکەی تورکیا بوو لە 9ی ئۆکتۆبەردا بۆسەر ڕۆژئاوا کە بە دەیان خێزان ئاوەرە بوون چەندان منداڵ بەبێ نازکران, کەچی هەر لە کۆتایشدا دەسەڵات دارەکان بۆخۆیا لەسەر مێزێکدا کۆ دەبنەوە و دەست دەخەنە نێو دەستی یەکتریەوە لە چاوی کامێراکانەوە بە پێکەنینەوە دەسکەوتی گەورەی خۆیان ڕادەگەیەنن.

*ئاخۆ دەبێت ئەو ناوچە نائارامانەی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ کاتێك ئاڵای ئاشتی و دادپەروەری بەرز دەکەنەوە ,وە ئیتر کۆتاییش بەم وێرانکاریانە دەهێنن

بلاوکراوەتەوە لە ماڵپەری خەندان9|11|2019

## خێزان لە نێوان بەختەوەری و هەژاریدا

تاکەکان و کۆمەڵگاکان یان کۆمەڵگاکان و تاکەکان دوو جەمسەری سەرەکین بۆ تەواوکردنی یەکتری, بەڵام باسەکەی من لەسەر خێزانە وە بێگومان خێزانیش لە کۆمەڵێک تاک پێک دێت کە سەرەتا دوو تاک لە دوو ڕگەزی جیاوازدا یەک دەگرن و پێ دەخەنە نێو ژیانی هاوسەرگیریەوە وە لە دەرئەنجامی ئەم یەکگرتنەدا چەند تاکێکی تر دروست دەبێت کە پێی دەوترێت ( خێزان ) واتە خێزان لە کۆمەڵێک تاک پێک دێت

بەڵام لەکاتی دروست بوونی ئەم خێزانە دوو ئاراستەی جیاواز دروست دەبێت بۆ ئەم خێزانە ئەویش ئاراستەی بەختەوەری و هەژاریە( نا بەختەوەری ).

دروست بوونی ئەم دوو ئاراستەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری ئەو دوو تاکە کە لەسەرەتاوە بڕیاری دروست بوونی خێزانیان داوە, هەرچەندە ئەمڕۆ لە نێو کۆمەڵگای خۆمان ئەم دوو ئاراستەیە هەیە بۆ نموونە کەسێک هەڵدەستێت ژیانی هاوسەرگیری پێک دەهێنێت و کەچی دەبینیت خاوەن داراییەکی مسۆگەر کراو نیە وە هەروەها هاوسەرەکەیشی خاوەن هیچ داراییەك نیە وە جگە لە لە مانەش هەڵدەستێت بە خستنەوەی چەندین منداڵدا کە ئەمەش بارێکی گەورە دەهێنێتە سەر شانی

خـــۆی وە هـــەروەها لـــە نێـــو خانوویـــەك دایـــە کـــە مـــوڵکی خـــۆی نیـــە ئـــیتر ئـــەم جـــۆرە خێزانـــە بـــە ژیـــانێکی هەژارانـــە دەژیـــن و نـــاتوانن چـــێژ لـــە خۆشـــیەکانی ژیـــان دا بکـــەن و وە هـــەروەها نـــاتوانن بـــۆ یـــەکجاریش گەشـــتێکی وڵاتـــان بکـــەن بـــە درێـــژایی تەمـــەنیان دا, هۆکارەکەیشـــی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ نـــەبوونی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری لـــە پێك هێنانی خێزاندا

بـــەڵام خێزانـــی بەختـــەوەر کـــێن؟ ئـــەو خێزانەیـــە کـــە بـــە ڕۆشـــنبیریەوە هـــەنگاو دەنێـــت بـــۆ پرۆســـەی هاوســـەرگیری و وە خـــۆی بـــە دوور ڕادەگرێـــت لـــە خســـتنەوە ی زۆر منداڵـــدا چـــوونکە لەســـەردەمی ئێســـتادا بـــە هـــۆی پێشـــکەوتنی زیـــاتر و فرانبـــوونی بابەتـــەکانی ژیـــانی ڕۆژانـــەدا زۆر منـــداڵی یەکێکـــە لـــە هۆکـــارە گـــەورەکانی نابەختـــەوەری خێـــزان یـــان درووســـت بـــوونی هـــەژاری لـــەناو ئـــەو خێزانـــەدا, چـــوونکە هەرمنـــداڵێك لـــە ســـەردەمی ئێســـتادا زۆرتـــرین پێداویســـتی پێویســـتە وە ئەگـــەر تـــۆش چـــەندین منـــداڵت هـــەبێت و وە خـــاوەنی داراییـــەکی کـــەم بیـــت بێگومـــان نـــاتوانی بەشـــێوازێکی جـــوان و بەختەوارانـــە پێداویســـتیەکانیان دابـــین بکـــەی.وە هـــەروەها لـــە پێـــك هێنـــانی خێزانـــدا تـــەنها بـــۆ کـــاری ســـەرجێ کـــردن و یـــاخود پەیـــداکردنی دوو لووقمـــە نـــان نیـــە بـــەڵکو چـــەندین پرەنســـیبی تـــر بـــەدوای دا دێـــت چـــوونکە خێـــزان بڕبـــڕەی پشـــتی کۆمەڵگایـــە ئەگـــەر ئـــەم بڕبڕەیـــە تەندرووســـت نـــەبێت ئـــەوە لـــە ئـــە نجام دا کۆمـــەڵگایش نـــا تەندرووســـت دەبێـــت .هەنـــدێ کـــەس دەڵێـــت ژیـــان زۆر زەحمەتـــە بـــەڵام هـــیچ کـــات ژیـــان

بــەڕووی مرۆڤــەکان زەحمــەت نــەبووە ئــەوە تــەنها مرۆڤــەکانن کــە ئــەم ژیانــە لــەخۆیان دەکــەن بــە زەحمــەت وە کەچــی لــە کۆتایشــدا ناتوانن ڕووبەرووی ببنەوە.

خســـتنەڕووی ئـــەم بابەتـــەم بـــۆ خوێنـــەری ئـــەزیز تـــەنها بۆچـــوونی خۆمــە بــۆ ژیــان و پێــك هێنــانی خێــزان چــوونکە مــن هەمیشــە بــۆ چـــوونم وایـــە کـــە هۆکـــاری ســـەرەکی بەختـــەوەری خێـــزان وە دوورکەوتنـــەوەی لـــە هـــەژاری وە بەســـەر بردنـــی ژیـــانێکی خـــۆش تــەنها لــە کــەم منــداڵی دایــە بــۆ نموونــە ئەگــەر تــۆ یــەك منــداڵت هەیـــە وە خـــۆت و خێزانەکـــەت خـــاوەنی داراییـــەکی ســـەربەخۆن ئـــەوا بێگومـــان تـــۆ دەتـــوانی بـــە جـــوانترین شـــێوە ئـــەو منداڵـــەت پـــەروەردە بکـــەیت و ســـەرجەم پێداویســـتیەکانی بـــۆ دابـــین بکـــەیت و وەهەرگیز لە هیچ شتێکی کەم نەبێت .

هیوای ژیانێکی بەختەوەر بۆ هەموو خێزانێك دەخوازم

بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان 2011|8|15

## باببین بە دۆستی کتێب

سەرەتا بە پێناسەیەکی بچووك بڕوانینە( کتێب )بریتییە لە نەخۆشخانەیەکی گەورە بۆ مێشکی مرۆڤ کەلە چەندین چارەسەری جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێت بۆ خودی تاك, هەروەکو چۆن مرۆڤ پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە ڕۆژانە بەهەمان شێوەش مێشکی مرۆڤیش پێویستی بە خوێندنەوەی کتێب و زانیاری هەیە, بۆ ئەوەی لەڕووی بیرکردنەوە کەسێکی بیر فراوانی لێ دەربچێت, هەروەها خوێندنەوە وات لێ دەکات لە تووشبوون بە ئیفلیجی مێشك بتپارێزێت چوونکە خوێندنەوەی کتێب وا لە مێشك دەکات بەردەوام بێت لە بیرکردنەوەو جوڵاندنی, پێویستە ئەوەش بڵێم کە تاوەکو ئێستا کتێب نەبۆتە بە دیاردەیەك یان کەلتوورێك لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کەچی دەبینم لەلای بەشێکی تاکی کوردی وە تایبەتیش لە نێو چینی گەنجان دا کتێب بەشێوازی دووژمنانە سەیر دەکرێت هەروەها خۆیان لێی بە دوور ڕا دەگرن,ئەمەش لەئەنجامدا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری خوودی ئەو گەنجە

کەوای لێ دێت ناتوانێت بەشێوازێکی ئەرێنیانەو سیستەماتیکیانە هەنگاو بنێت لە ژیانیدا بۆ ئێستاو داهاتووی,کاتێك بەهەر گەڕەکێکدا دەڕۆم دەبینم دوو بۆ چوار

گـــازینۆی تێدایـــە کـــە گـــە نجان زۆرتـــرین کاتـــەکانی خۆیـــان تێـــدا بـــە هـــەدەر دەبـــەن لـــەو جێگایە ,بـــەڵام تائێســـتا کـــەمپێك یـــاخوود کافتریایـــەك بـــە ئەســـتەم هـــەبێت کەتێـــدا گـــە نجان کتـــێبی لـــەنێو بخوێنێتـــەوە بـــۆ ئـــەوەی تواناکـــانی لـــەڕوو ڕۆشـــنبیریەوە بـــەهێز بکات.

بۆیـــە پێویســـتە هاوشـــێوەی کۆمـــەڵگاکانی جیهـــان پێویســـتە کۆمـــەڵگای کـــوردیش ( کتێـــب ) بکـــات بەکـــەلتوورێك لـــەنێو ماڵەکـــەی خۆیـــدا واتـــە بـــە درووســـکردنی کتێبخانەیـــەکی بچـــووك لـــە ماڵەکـــەی دا کـــە ســـەرجەم ئەنـــدامانی خێـــزان ســـوودی لـــێ وەربگرن

هـــەروەها لـــە کۆتـــایی دا دەڵـــێم هیـــوای ســـەرکەوتن بـــۆ خوێنـــەرانی کتێـــب و شۆرشـــگێرانی کتێـــب هیـــوادارم نموونـــە خوینـــەری کتێـــب لـــە کوردســـــتانەکەم زیـــاتر بێـــت و بەتایبـــەتی لـــەناو گـــە نجانی خۆشەویست ...

بلاوکراوەتەوە لە ڕ. خەبات 24|6|2019

**بەیانیانێکی زوو لەگەڵ تێکستە شعرەکانی سەلام عومەر**

**هەڵبەتـــــە لــــــە ســــــەرەتادا ویســــــتم ناونیشـــــانی وتارەکــــــەم بەشــــێوەیەکی تــــر بێـــت واتـــــە لـــــەژێر ناونیشانی( چـــۆن دەســـــتم بەخوێندنـــەوەی شــعر کــرد )، بـــەڵام لـــە پاشـــان بڕیـــارم دا بیگـــۆڕم بـــەم ناونیشـــانەی ســـەرەوە چـــوونکە دانـــانی ئـــەم ناونیشـــانەی ســـەرەوە بـــۆ وتارەکـــەم زۆر پـــیرۆزەو وە خـــاوەنی وێســـتگەیەکی بیرەوەریـــە لـــە ژیـــانی قوتابیـــەتی زانکـــۆم کـــە ئـــەم وتـــارەش بـــۆم دەبێتـــە بیرەوەریـــەك بـــۆ هـــەتا هەتایـــە دەمێنێتـــەوە، هەرچـــەندە مـــن لـــە ســـەرەتادا کاتێـــك خۆشەویســـتیم بـــۆ خوێندنـــەوەی کتێـــب درووســـت بـــوو بـــەڵام ئـــەو خۆشەویســـتیەیەم بـــۆ خوێندنـــەوەی شـــعرو دونیـــای شـــعر نـــەبوو بـــەڵکو تـــەنیا گوێبیســـتی نـــاوی شـــاعیرەکان بـــووم ،لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــەو کاتانـــەی کـــە قوتـــابی بـــووم لـــە قۆنـــاغی ناوەنـــدی و ئامـــادەیی لـــەنێو کتـــێبی کوردیـــدا کۆمەڵـــە شـــعرێکی تێـــدا بـــوو هـــی شـــاعیرە دیارەکـــانی کـــورد بوون،لـــە بنەڕەتـــدا شـــعرەکان جـــوان و نـــازك بـــوون بـــەڵام نەبوونـــە هـــۆی ئـــەوەی مـــن بێمـــە نێـــو دونیـــای خوێندنـــەوەی شـــعرەوە وە هۆکارەکەیشـــم نـــەزانی ئـــیتر هەرئـــەوەبوو کـــە مـــن ئـــارەزووم لـــە خوێندنـــەوەی شـــعر نـــەدەکرد ،بـــەڵام وتەیـــەك هەیـــە کـــە دەڵێـــت مرۆڤـــەکان دەگـــۆڕێن، بـــەڵی لـــە پـــاش چـــەندین ســـاڵ لـــە خۆبـــەدورگرتنم لـــە خوێندنـــەوەی شـــعرو دونیـــای شـــعرەوە کەچـــی لـــە**

ساڵی 2019 وە واتە لەسەردەمی قۆناغی دووەمی قوتابیەتی زانکۆمەوە ئاشنایەتیم درووست بوو لەگەڵ چەند تیکستە شعرێکی مامۆستا سەلام عومەر کە لەنێو ماڵپەڕ و گۆڤارەکان بڵاویان دەکردەوە بەتایبەتیش لەنێو ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان و دەنگەکان وە هەروەها منیش بەردوام لە ڕێگای ئەو دوو ماڵپەرەوە بەردەوام خوێنەریان بووم کە ئیتر لەو کاتەوە من خۆشەویستیەکی سەرەتایم بۆ خوێندنەوەی شعر درووست بوو, بەڵام تەنیا ئەو چەند تێکستە شعریانەی مامۆستا سەلام عومەر بەس نەبو یاخود تێنوویەتی منی نەشکاند لە دنیای شعردا بەڵکو لە کۆتاییەکانی ساڵی 2019 دیوانێکی شعری بڵاوکردەوە بە ناوی هێلانەیەك لە پەشمەك کە چەندین تێکستە شعری زۆر جوان لەخۆی گرتبوو چوونکە لە کاتی خوێندنەوەی هەریەك لەو تێکستانە وا هەستم دەکرد ڕووحم لەنێو تێکستە شعریەکاندایە یاخودو وا هەستم دەکرد کە خۆم نووسیومەتەوە, هەربۆیە منیش ئەو کتێبە شعرەیەم لەنێو مۆبایلەکەم دانا و هەموو بەیانیەك لە تاو چاوەڕوانی پاسی چل مەتری وە لە کەشێکی ساردی بەیانیان , مۆبایلەکەم بەدەستەوە گرت بۆ خوێندنەوەی ئەو تێکستە نازکانە کە هەرگیز ئەو ڕۆژانە لە یاد ناکەم , ئەوە ی کە بەلامەوە خۆشتر بێت ڕۆژێکیان لەکاتی چاوڕێم بۆ هاتنی پاسی چل مەتری بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ کۆلێژ وە هەرچەندەش کەش و هەواکەش زۆر سارد بوو منیش مۆبایلەکەم بەدەستەوە بوو خەریکی

خوێندنەوەی تێکستە شعریەکانی مامۆستا سەلام عومەر بوو کەچی بە هۆی سەرقالبوونم بە جوانی ئەو تێکستانەوە پاس بەلامەوە تێپەڕی کەچی منیش هیچ ئاگایەکم لەخۆ نەبوو ئەوەش بوو بەشێك لە پاڵ بیرەوەریەکانی بەیانیانم بۆ کۆلێژ , چوونکە خۆی لەبنەڕەتدا ژیانی قوتابیەتی زانکۆ کۆمەڵێك بیرەوەری خۆش وناخۆشی تێدایە کە لە پاڵیان دا تێکستە شعریەکانی مامۆستا سەلام عومەریش یەکێکە لەو بیرەوەریە خۆش و جوانانە کە هەرگیز لەیادی ناکەم, لەگەڵ ئەوەشدا زۆریش خۆشحاڵم کە کەسێکی هەستناسك ونموونەی پیاوی ڕۆشنبیر وەکو مامۆستا سەلام عومەرم ناسی لە ژیانی قوتابیەتی زانکۆم کە یەکێکە لەو شاعیر و نوسەرەی کە خاوەنی ئەزموونێکی زۆر جوانە , چوونکە من هەمیشە لە تەمەنێکی کەمەوە دڵم بەو کەسە ڕۆشنبیر و نوسەر و هونەرمەندانە زۆر خۆشبووە وە جێگای ڕێزێکی گەورە بوونە لەنێو دڵی مندا, چوونکە کەسانی وەکو مامۆستا سەلام عومەر و هاشێوەکانی بۆ نەتەوەکەم گە نجینەیەکی گەورەن کە لە زێر و یاقوت و مەرجان بەنرخترن هەربۆیەئەم جۆرە کەسانە هەمیشە لەنێو دڵی من زۆر بە گەورەیی دەمێننەوە, هەرچەندە لە پاش ئەوەی کە سەرجەم تێکستە شعریەکانی نێو ئەو دیوانەم خوێندەوە بیرم لەوە نەکردەوە کە کە ئەم کتێبە شعریە پەراوێزی بخەم بۆیە هەتاوەکو ئێستا لەنێو مۆبایلەکەم ولاپتۆکەم ماوەتەوە کە جاروبار بەتێکستە شعریەك دا

دەڕۆمـــەوە , ئـــیتر لـــە پاش تێکســـتە شـــعریەکانی مامۆســـتا ســـەلام عومـــەرەوە مـــن خۆشەویســـتیم بـــۆ خوێندنـــەوە شـــعر درووســـت کـــە ئێســـتا ئـــیتر لـــە پاڵ خوێندنـــەوی بابـــەتێکی دیکـــە بەشـــێکی کـــاتم بۆ خوێندنەوەی شعریش دادەنێم .

لـــەکۆتایی دا هیـــوای تەندرووســـت باشـــی و ســـەرفرازی بـــۆ مامۆســـتا سەلام عومەر نوسەر و شاعیری گەلەکەمان دەخوازم.

*ماڵپەری ڕێگای کوردستان 26|1|2020

**ڕووناکبیران و نووسەران ئەو چینەی کە بەدرێژایی مێژوو وە کو قەڵغانێکی گەورە وابوونە بۆ کۆمەڵگاکانیان لە دژی دەسەڵاتە فاشیزم و ستمەکارەکان , کە بەردەوام بەچەکی دەستیان کە قەڵەمەکەیان بووە ڕوبەڕوی دەسەڵاتداران بوونەتەوە لە هەر ستمەکاریەك کە لەبەرامبەر چینی هەژار و کرێکاران ئەنجام درابێت, ئەگەرچی بە پێچەوانەش هەبووە بەدرێژایی مێژوو کە ڕووناکبیرو نووسەری قەلەم فرۆش واتە ئەو جۆرە نووسەرانە تەنیا قەلەمەکانیان لە پێناو دەسەڵاتە ستەمکارەکان بووە وە هەروەها بەهەموو شێوەیەك خۆلیان کردۆتە چاوی هەژاران و زۆرجاریش لەدژی چینی هەژاران وەستاونەتەوە بەڵام ئەو جۆرە نووسەرانە هەرزوو لەگەڵ شە پۆلی نارەزایەتی چینی هەژارو کرێکاران ڕاستەوخۆ نوقم بوونە یاخود ئیتر بەهەموو شێوەیەك پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەست داوە, جاری واش هەبووە هەرلەلایەن خودی دەسەڵاتەوە ڕاستەوخۆ ئەو نووسەرانە کۆتایی بەژیانیان دەهێنرێت چوونکە ئیتر دەسەڵات کاری پێ نامێنێت و لە درەنگانی شەو لە کوچەی شەقامێك کۆتایی بەژیانی دەهێنێت, بەڵام هەمیشە نووسەرو ڕووناکبیرە ڕاستەقینەکان**

بەســـەربەزری لـــەناو خـــەلك دەژیـــن و بەســـەربەرزیش تیرۆردەكـــرێن كە لە پاشان دەبنە سیمبولێك بۆ كۆمەڵگا.

ئـــەوەی لـــەم وتـــارەدا دەمـــەوێ باســـی بكـــەم , ئـــەویش كەســـایەتیەكی تیرۆكـــراوی مێـــژووی كـــوردە كـــە هاوكـــات بەیەكـــەم ڕوونـــاكبیر و نووســـەری تیرۆركـــراوی كـــورد دادەنرێـــت , ئـــەو كەســـایەتیەش نـــاوی ( جـــەمال عیرفـــان ) كـــوردێكی ئـــازادی خـــواز و ڕۆشـــنبیر بـــەڵام دەســـتێكی دیكتاتۆرانـــەو ناڕۆشـــنبیرانە جـــەمال عیرفانی تیرۆكرد.

كـــوردیش بـــە درێـــژایی مێـــژوو خـــاوەنی كۆمـــەڵێك لەنووســـەر و ڕوونـــاكبیری ئـــازاو بـــوێر بـــووە كـــە توانیویـــەتی بـــە قەلەمەكـــەی پارێزگـــاری لـــە میلەتەكـــەی خـــۆی بكـــات لەبـــەردەم هـــەموو جـــۆرە ســـتەمكاریەك بوەســـتێتەوە بـــەڵام بـــۆ دواجـــار ئـــەو نووســـەرو ڕووناكبیرانـــە چارەنووســـێكی نادیاریـــان بەردەكـــەوێت, یـــەكێك لـــەو ڕوونـــاكبیر و نووســـەرانەی كـــورد كـــە ڕەنگـــە تـــەنیا زۆركـــەس ناوەكـــەی بیســـتبێت هـــەروەها بەشـــێوەیەكی تـــەواو دەربـــارەی ژیـــانی ئاشـــنا نـــەبووە كـــە ئـــەویش ( جـــەمال عیرفـــان )ە هەرچـــەندە خـــۆم لەســـەرەتادا تـــەنیا وەكـــو نـــاو گوێبیســـتی ئـــەو كەســـایەتیە بـــووم بـــەڵام بەشـــێوەیەكی فـــراوان ئاشـــنایەتی ژیـــانی نـــەبووم بـــەڵام لە پاشـــان لـــەكاتی بڵاوبوونـــەوەی كتێبێكـــی بـــەڕێز كـــاك مۆفـــەق میراودەلـــی كـــە لـــە كۆتـــایی ســـاڵی 2019 بڵـــاوكراوە

بەناونیشـــانی ( جـــەمال عیرفـــان ڕوونـــاکبیریکی گومنـــاو ) کـــە کـــاری ئامـــادەکردن کۆکردنـــەوەی بـــۆ کردبـــوو , ئـــیتر بـــەهۆی ئـــەو کتێبـــە تـــوانیم ئاشـــنایەتیەکی فـــراوان دەربـــارەی ژیـــان و کارەکـــانی پەیدابکـــەم , خـــۆی لەڕاســـتیدا ئێمـــە دەبێـــت بـــەردەوام ئـــەو کەســـایەتیانەی خۆمـــان کـــە بەدرێـــژایی مێـــژوو کـــە ژیـــاون و توانیویانـــە خزمـــەت بکـــەن بـــە نیشـــتمانەکەیان بۆیە پێویســـتە لـــەیادیان نەکـــەین, کتێبەکـــە لـــە 190 لاپـــەڕە پێـــك هـــاتبوو , کتێبەکـــە لەچـــەند بەشـــێك پێکهـــاتبوو بەشـــێکیان تاییـــەت کرابـــوو بـــە وتارەکـــانی جـــەمال عیرفـــان کـــە ئـــەو کـــاوت لـــە ڕۆژنامـــەی پێشـــکەوتن دەینووســـی وە بەشـــەکانی تـــریش کۆمـــەڵێك یاداشـــت و بـــیرەوەری کەســـانی ئـــەو ســـەردەمەن کـــە کـــەنزیك بوونـــە لەجـــەمال عیرفانـــەوە کـــە لەســـەریان نوســـیوە هەربۆیـــە بـــەڕێز کـــاك مۆفـــەق میراودەولـــی هەڵســـتاوە بـــە کۆکردنـــەوەیان لـــە کتێبێکـــدا بـــۆ ئاشنابوونی خوێنەران بە ژیانی جەمال عیرفان.

جـــەمال عیرفـــان لەســـاڵی 1881 لـــەدایك بـــووە دایکـــی کـــوردەو باوکیشـــی چەرکەســـەیە,بەڵام بـــۆ دواجـــار لـــە بـــەرواری 12|12| 1923 دەســـتێکی ڕەش هەڵدەکوتێتـــە ســـەر ماڵەکـــەی جـــەمال عیرفـــان بەچـــەند گولەیـــەك کۆتـــایی بـــەژیان و خـــەباتی دەهێـــنن بـــۆ ڕۆژی دواتـــر لـــە مەراســـیمێکی تاییـــەتی بـــە ئامـــادەبوونی خـــەڵکێکی زۆر بـــەخاکی دەســـپێرن , هەرچـــەندە دەربـــارەی مردنەکـــەی قســـەی زۆر جیـــاواز هەیـــە کـــە هـــەتاوەکو ئێســـتا نازانرێـــت بەدەســـتی کـــێ کـــوژراوە کەچـــی هەنـــدێك دەڵـــێن لەلایـــەن

ئینگلیزەکانـــەوە کـــوژراوە وە هەنـــدێکی تـــریش کـــە پێـــی وایـــە دەســـتی خیانـــەتی نـــاوخۆیی تێدایـــە کـــە تێیـــدا شـــێخ مـــەحمود پێـــی تاوەنبـــار دەکـــەن , بـــەڵام بڕیـــاردان لەســـەر کوشـــتنەکەی زۆر کـــارێکی قورســـە کـــە ســـەدەیەك تێپـــەڕیوە بەســـەر تیرۆرکردنەکـــەی, چـــوونکە جـــەمال عیرفـــان جگـــە لـــەوەی نووســـەرو ڕووناکبیرێکی کـــوردی شـــاری ســـلێمانی بـــووە لـــەو ســـەردەمەدا کەچـــی لەهەمانکاتیشـــدا ئەفســـەرو سیاســـەتمەدارێکی کـــورد بـــوو لەســـووپای عوســـمانی بـــەڵام جـــەمال عیرفـــان خـــاوەن فەلســـەفەی تایبـــەت بـــەخۆی بـــووە وە لەهەمانکاتیشـــدا خـــاوەنی بیرێکـــی چـــەپی ئـــازادی خوازانـــە بـــووە کـــە دژی هـــەموو جـــۆرە نایەکســـانی و ناداد پەوەریەك بۆتەوە.

بـــەڵام ئـــەوەی کـــەمن دەمـــەوێت ئامـــاژەی پـــێ بکـــەم دەربـــارەی تیرۆرکردنەکـــەی جـــەمال عیرفـــان ئەوەیـــە کـــە خـــۆی لـــە دوو تێـــرۆر دەبینێتـــەوە ( تـــیرۆری سیاســـی و تـــیرۆری فکـــری ) ئـــیتر ئـــەوە گـــرنگ نیە کەلەلایەن هەرکەسێکەوە ئە نجام درابێت .

ئـــەوەی لـــەم وتـــارەدا باســـم لێـــوەی کـــرد تـــەنها نمونەیـــەکی دیـــاری مێـــژووی کـــورد بـــوو کـــە تێیـــدا ڕووناکبیرێـــك لەســـەر فکـــری ئـــازادی خوازانـــە تیرۆرکـــراوە . بـــەڵکو بەدرێـــژایی مێـــژوو کەســـایەتی زۆر هەبوونـــە کـــە لەلایـــەن فـــەرمانڕەواکان تیرۆرکـــراون یـــاخود شـــار بـــەدەر کـــراون , بـــۆ نمونـــە ســـۆکرات فەیلەســـوفی یۆنـــانی کـــە بـــەردەوام ڕخنـــەی لـــە پاشـــا دەگـــرت بـــەڵام بـــۆ دواجـــار ژەهـــر خـــوارد

کــرا لەلایــەن پاشــاوە , وەهــەروەها کــارل مــارکس کــە بــەردەوام پشــتیوانی چــینی هــەژاران و کرێکــارانی دەکــرد و لــەدژی چــینی بورژەوازیــەکان وەســتایەوە بــەڵام لەلایــەن بورژەوازیەکانــەوە شــار بــەدەرکرا ,ئــیتر ئەمانــەوە چــەندین کەســانی تــر بــەڵام بــۆ دواجــار ئــەو کەســانە ناویــان و ڕێبــاز و کارەکانیــان بەزینــدوویی ماوەتەوە بۆ خەڵك.

*ماڵپەری دەنگەکان,2020|4|1

**یەکەم کتێبی مێژوویی کە خوێندمەوە...**

**لە گەرمای هاوینی ساڵی 2015 بوو کە ئەوکات پۆلی 10 ئامادەیی بەشی وێژەییم تەواو کرد لەگەڵ ئەوەشدا لە چاوەڕوانی قۆناغێکی تری خوێندن دابووم , وە هەروەها هاوینەکە زۆر دوورو درێژو گەرم بوو لە پاڵ ئەوەی هاوینێکی گەرم و دوورو درێژ بوو کەچی کات لە شوێنی خۆی وەستابوو بەهیچ شێوەیەك جوڵەی نەدەکرد لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ناوچەکانی دەورووبەرمان نالەبار بوو بەهۆی سەرهەڵدانی گرووپێکی تیرۆرستی بەناوی( داعشەوە ) کە ترسێکی زۆری لەنێو دڵی خەلکی درووست کردبوو, بەڵام بەهەرحال من بەشێوەیەك توانیم زاڵ بم بەسەر ئەو هاوینە گەرم و دوورو درێژەدا کە ئەویش لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێب و سەیرکردنی فلیمە سینەمایەکان بوو کە ئەم دوانە بۆم بوونە دوو هۆکاری گرنگ کە توانیان چێژێکی گەورە پێم ببەخشن لەو هاوینە گەرمەدا لە هەمانکاتیشدا وە کو هاوڕێیەك وابوون بۆ من, وە ئیتر هەستم نەدەکرد کە چۆن کات و ڕۆژەکانی هاوین تێپەڕبوو بەهۆی خوێندنەوە و سەیرکردنی فلیمە سینەمایەکان ,بەڵام ئەوەی بۆ من زۆر بەچێژتر و سوود بەخشتر بوو خوێندنەوەی کتێبەکە بوو کە هەرچەندە بینەری زۆرترین فلیمی سینەمایی بووم بەڵام نەگەیشتە ئەو چێژەی کە لەکاتی خوێندنەوە هەمبوو بۆ لا پەڕەکانی کتێب,ئێوارەیەکی گەرمای هاوین بوو بڕیارم دا بڕۆم بۆ بازار**

**بـــۆ کـــڕینی کتێبێـــك و لەگـــەڵ چـــەند فلیمێکـــی ســـینەمایی بـــەڵام کتێبەکـــەی ئـــەم جـــارەم جیـــاواز بـــوو کـــە هاوکـــات بـــە کـــڕینی ئـــەو کتێبـــە بـــووە دووەم کتێـــب کـــە مـــن بیکـــڕم لـــە کتێبخانـــە وە , چـــوونکە بـــەهۆی ئـــەوەی خۆشەویســـتی مـــن بـــۆ دونیـــا کتێـــب و خوێندنـــەوە زۆر نـــوێ بـــوو کـــە تـــەنیا نزیکـــە چـــەند مـــانگێگ لەمـــەو پـــێش بـــوو مـــن ئـــارەزووم لـــە خوێندنـــەوەی کتێـــب درووســـت ببـــو , ئـــەو کتێبـــەی کـــە کـــڕیم کتێبێکـــی مێـــژوویی بـــوو دەربـــارەی ژیـــانی کەســـایەتیەك و سیاســـەتەکانی بـــوو کـــە خـــۆم لەســـەرەتادا تـــەنها گوێبیســـــتی بـــــووم بەشـــێوەیەکی کـــورت لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کـــە هەرچـــەندە خـــۆمیش قوتـابیـــەکی وێژەیی( ئـــەدەبی ) بـــووم ئـــیتر بڕیـــارم دا کـــە کتێبێکـــی مێـــژوویی بکـــڕم بـــە ناوی( مســـتەفا کـــەمال ئـــەتاتورك ) کـــە لەلایـــەن مەنســـور عەبدلحـــەکیم نووســـرابوو وە لەلایـــەن شـــەویار حەســـەنەوە کرابـــوو بـــە کـــوردی لـــە ساڵی( 2012 )هـــەولێر, کـــڕینی ئـــەم کتێبـــە مێژووییـــە لـــەوەدا هـــات کـــە لـــە پـــۆلی 10ی ئامـــادەیی وانەیـــەکی تاییـــە تمان دەربـــارەی مێـــژوو هـــەبوو کـــە زۆر سەرســـامی ئـــەو وانەیـــە بـــووم وە لەهـــەمان کاتیشـــدا لـــە وانـــەی مێـــژوو نمرەیـــەکی زۆر باشیشـــم هێنـــا , هەڵبەتـــە مامۆســـتای مێژووەکـــەمانیش مامۆســـتایەکی زۆر شـــارەزاو ڕۆشـــنبیر بـــوو لـــە بـــواری مێـــژوودا کـــە نـــاوی مامۆســـتا نـــەوزاد کـــەلهور بـــوو لەگـــەڵ ئەوەشـــدا یـــەکێك بـــوو لـــە مامۆســـتا ڕووناکبیرەکـــانی قوتابخانـــەی ڕۆژی نـــوێی کـــوڕان , کـــە لەهـــەمان کاتیشـــدا خـــاوەنی چـــەند کتێبێکـــی چـــاپکراو بـــوو, ئـــیتر هـــەر ئـــەوە**

بـــوو کـــە منـــیش وا بڕیـــارم دا کـــە یەکـــەم کتـــێبی مێـــژوویم دەربـــارەی ژیـــانی و سیاســـەتی مســـتەفا کـــەمال ئـــەتاتورك بێـــت بـــۆ خوێندنـــەوە, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کتێبێکـــە نزیکـــەی چوارســـەد لاپـــەڕەبوو کـــە ئەمـــەش وای لـــە مـــن کـــرد ئـــەم کتێبـــە دووجـــار بیخوێنمـــەوە چـــوونکە کتێبـــە خـــۆی لـــە چـــەندین بابـــەتی جـــۆارو جۆر بینیەوە دەربارەی کەسایەتی ( مستەفا کەمال ئەتاتورك )

هەڵبەتـــە کـــەم کـــەس هەیـــە نـــاوی ئـــەم کەســـایەتیەی نەبیســـتبێت کـــە نـــاوێکی دیـــارو لەهـــەمان کاتیشـــدا کاریگەریـــەکی ئـــەوتۆی درووســـت کـــرد بەســـەر مێـــژووی تورکیـــاو وە هاوکـــاتیش تـــەواوی جیهـــان بەتاییـــەتیش بـــۆ کورد, مســـتەفا کـــەمال ئـــەتاتورك خـــۆی بـــەناوی بـــاوکی هـــەموو تورکـــان ناســـاند کـــە هاوکـــات لـــە پـــاش ڕووخانـــدنی گـــەورەترین دەوڵـــەت و ئیمپڕاتۆریـــەتی تـــورك کـــە ئـــەویش دەوڵـــەتی عوسمـــانی بـــوو کـــە ئـــەم ئیمپڕاتۆریەتـــە لـــە ســـاڵی 1299ز بناغەکـــەی خـــۆی دامەزرانـــد بـــە ســـەرۆکایەتی ( عوسمـــانی کـــوڕی ئەرتـــەغۆل ) کـــە بـــە یەکـــەم ســـوڵتانی دەوڵـــەتی عوسمـــانی دادەنـــرا, ئـــەم دەوڵەتـــە خۆیـــان بـــە میراتگـــری ئـــاینی ئیســـلام دادەنـــا بـــەڵام بـــۆ دواجـــار لـــە پـــاش هەشـــت ســـەدە لـــە حـــوکمڕانی ئـــەم دەوڵەتـــە لـــە جـــەنگی جیهـــانی یەکـــەم لـــە ســـاڵی 1914ز بـــە تـــەواوەتی لەناوچـــوون ئەمـــەش وای کـــرد مســـتەفا کـــەمال ئـــەتاتورك ببێتـــە فـــەرمانڕەوای دەوڵـــەتی نـــوێی تورکیـــای کۆمـــاری وە هاوکـــاتیش کۆتـــا ســـوڵتانی دەوڵـــەتی عوسمـــانیش عەبدلحەمیـــدی دووەم بوو, کاریگـــەری ئـــەتاتورك بەســـەر

**کۆمـــەڵگای ئەوکاتـــەی تورکیـــا ئـــەوە بـــووە کـــە تورکیـــا لـــەو کاتـــە لـــە ژێـــر ئایـــدۆلۆژیای دەوڵـــەتی عوسمـــانی بـــوو واتـــە دەوڵـــەتێکی ئیســلامی بـــوو, بـــەڵام بـــە چـــاو توروکانێـــك ئـــەو دەوڵەتـــە کۆتـــایی پـــێ هـــات و وڵـــات کەوتـــە ژێـــر هـــەژموونی دیموکراســـیەت, بـــەڵام دیموکراســـیەك لـــە ژێـــر بـــەرگی دیکتاتۆریـــەت بـــەهۆی ئـــەوەی کـــە ئافرەتـــانی بەزۆرلـــە سەرپۆشـــکردن قەدەغـــەکرد کـــە هەرچـــەندە بەشـــێکی ئافرەتـــان بڕیارەکـــەی ئـــەتاتورکیان پـــێ بـــاش بـــوو کـــە بـــە ئـــازادی ئـــافرەت ناویـــان دەبـــرد چـــوونکە لەســـەردەمی دەوڵـــەتی عوسمـــانی ئافرەتـــان بـــەردەوام وەکـــو کۆیلەیـــە ك تەماشـــا دەکـــران لـــە پـــاڵ ئەمەشـــدا بـــانگی مزگەوتـــەکانی نەهێشـــت بـــۆ نوێژکـــەران کـــە ئەمـــەش لـــە قـــالبی دیموکراســـی دەرچـــووبون زۆربـــەی کارەکـــانی ئـــەتاتورك, کـــە ئەمـــەش وای کـــرد ناڕازایەتیـــەکی گـــەورەی بـــەدوای خۆیـــدا بهێنێـــت, بـــەڵام لـــە پاڵ ئەوەشـــدا خـــەڵکانێکی زۆر پشـــتگیری لـــە کارەکـــەی ئـــەتاتورکیان کـــرد , بەمـــەش وڵـــات خـــۆی لـــە دوو بـــەرەی دژ بەیـــەکتر بینیـــەوە بـــەڵام لـــە دەرئە نجامـــدا ئـــەتاتورك ئـــەو بەرەیـــەی کـــە دژی بـــوون بـــەردەوام بـــوو لـــە ســـەرکوتکردنیان, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بەبـــەردەوامی دەیگـــوت دەبێـــت تورکیـــا ببێتـــە پێشـــکەوتوترین دەوڵـــەت لـــە ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت و تـــەواوی جیهـــان ئـــەوەش بـــە گەڕانـــەوەی زمـــانی خۆمـــان نـــەك زمـــانی عـــەرەبی بیابـــانی کـــە چـــەندین ســـەدەیە تورکیـــا خـــۆی لـــە دواکـــەوتوویی دەبینیـــەوە لەســـایەی ئـــەو زمانـــەوە, بـــەڵام لەمـــەو بـــەدوادا بەهـــەموو جیهـــان پیشـــانی دەدەیـــن کـــە وڵاتەکـــەمان لـــە چ**

ئاسـتێکی پێشـکەوتن دا دەبێـت, ئـیتر بەمانـەوە نەوەسـتاو هەڵسـتا بـە چـەندین کـاری دیکـە کـە ئـیتر خـەلکیش وای لێهـات ملکەچـی کارەکـانی بـن , بـەڵام لـە پاڵیـدا گرووپێـک هـەبوون بـەردەوام دژایـەتی ئـەتاتورکیان دەکرد,ئەگەرچـی بـە پێی ئـەو باسـکردنە بێـت ئـەتاتورک کەسێکی مـێ بـاز بـوو کـە بـەردەوام حـەزی لـە ڕابـواردن و خواردنـەوە بـووە کـە هەرچـەندە ڕۆژێکیـان بـە سەرخۆشـی دەیـەوێت دەسـتدرێژی بکاتـە سـەر خوشـکی خێزانەکەی بەڵام سەرکەوتوو نابێت لە کارە ئاژەڵیەکەی.

سـەبارەت بـە پرسـی کـورد و ئـەتاتورک , پرسـێکی ڕەش و تاریکـە بـۆ گـەلی کـورد بـەهۆی ئـەوەی کـە کـورد هـەلێکی زێـرینی بـۆ هـاتبووە پـێش لـەو سـەردەمەدا بـۆ درووسـتبوونی دەوڵـەتێك بـەلاَم مسـتەفا کـەمال ئـەتاتورک بـووە ڕەشـەبایەکی ڕەش بـۆ کـورد کـە تـەواوی مافـەکانی کـوردی زەوت کـرد و بـەردەوام بـوو لـە دژایـەتی و چەوسـاندنەوەیان لـە پاڵ ئەوەشـدا ئـەتاتورک نـاوی کوردەکانی نابوو( تورکی چیایی )

بـەڵام بـۆ دواجـار لـە سـاڵی 1938 ئـەتاتورک بـە نەخۆشـیەکی کووشـندە کۆچـی دوایـی کـرد وە بەیەکـەم سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا دادەنرا لە مێژووی تورکیای کۆماری.

*بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری ڕێگای کوردستان 8|2|2020

## ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە

ئینـــاس و پیاوەکـــانی خەلیفـــە ناونیشـــانی ڕۆمـــانێکی نووســـەر و ڕۆژنامـــەنووس شـــاخەوان بـــرایم عەبدولایـــە کـــە لـــە ســـاڵی 2019 خســـتیە بەردیـــدی خوێنـــەران و ڕۆشـــنبیران , بـــەتیراژی 1000 دانە و لەلایەن چاپخانەی ڕۆکسانەوە چاپ کراوە.

ڕۆمانەکـــە لـــە هەشـــت بـــەش پێـــك دێت,هاوکـــات نـــاوەڕۆکی ڕۆمانەکـــە بـــاس لـــە کچـــێکی ئێزیـــدی تەمـــەن 14 ســـاڵ دەکـــات بـــە نـــاوی ئینـــاس شـــەنگالی کـــە بەشـــێوەیەکی زۆر دڕندانـــە دەکەوێتـــە ژێـــر چـــنگی چـــەکدارانی داعشـــەوە وە لـــە هـــەمان کاتیشـــدا خێزانەکـــــەی ئینـــــاس بەشـــــێوەیەکی دڕندانـــــە لەلایـــــەن چـــەکدارەکانەوە دەکـــوژرێن ,ئـــیتر تـــەنیا ئینـــاس لـــەو خێزانـــە دەمێنێتـــــەوە ودەبێتـــــە قوربـــــانی ســـــێکس بـــــە دەســـــتی چـــەکدارەکانەوە, کـــە هـــەرجارەو چـــەکدارێك یـــان خەلیفەیـــەکی داعـــش لەگـــەڵی جـــووت دەبێـــت کـــە لەکۆتاییشـــدا ئیناســـی تەمـــەن 14 ســـاڵ کـــە لەســـەرەتای بـــەهاری تەمـــەنی دابـــوو کەچـــی گورگـــە برســـیەکانی ســـێکس توانیتـــان پـــەردە کچـــێنیە نازکەکـــەی خـــۆی لـــە دەســـت بـــدات , بەخوێندنـــەوەی ڕۆمانەکـــە بزەیـــەك لـــە نێـــو جەســـتەت بـــۆ درووســـت دەبێـــت بـــەهۆی ئـــەو ووشـــە پـــڕ لـــە ئـــازار و نامرۆڤایەتیـــەی چـــەکدارانی داعـــش ئـــە نجامیان دا کـــە لـــەماوەی ئـــەو ســـاڵانەی ڕابـــردوو دا لـــە بەرامبـــەر ســـەرجەم مرۆڤایـــەتی و

بەتایبەتیش پێکهاتە مەسیحی و ئێزدیەکان کە هەڵبەتە ئازارێکی زۆر گەورەی بەدوای خۆی بە جێ هێشتووە کە بەشێوەیەکی ئاسان ناتوانرێت لە یاد بکرێت کە لە هەمان کاتیشدا دەتوانم بەڕۆژانی ڕەش و قێزەون هەژماری بکەم بۆ ژیانی مرۆڤایەتی کە هەرچەندە ش ئەوکەسانەش مرۆڤ بوون بەڵام تەنیا لە ڕووخسارەوە مرۆڤ بوون بەڵکو ناخ و دڵیان لە گورگێکی درندەی بۆگەن دەچوو کەتەواوی سیفاتە ئەخلاقیەکانی مرۆڤایەتیان لەدەست دابوو, گەورەترین قوربانی دەستی ئەم چەکدارە دڕندانە ڕەگەزی مێیەنەیە کە بوونە گەورەترین قوربانی دەستی ئەو چەکدارە دڕندانە هەروەها لە ئە نجامی هەر ڕووداوێك و کارەساتێکی دڵتەزێن ئافرەتان( مێ ) دەبنە گەورەترین قوربانی لە ڕووی جەستەییەوە , بەهۆی ئەوەی ئافرەتانیان وەکو کۆیلەی سێکس بەکاردەهێناو لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەی کڕین وفرۆشتنیشیان پێوە دەکرا لە بازاڕی ڕەش, کە دەتوانم بڵێم بازارێکی گەورەیان درووست کرد بۆ ساغکردنەوی ئافرەتانی کەنیزە واتە ئەوانەی کە لە ئە نجامی جەنگ و جیهاد کردن وەکو دەستکەوتێك بە دەستیان هێنا, ئیتر ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان هەموو جۆرە کارێکی نامرۆڤانەیان لەگەڵ ئەو ئافرەتانە ئە نجام دەدا.

ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بکەین دەبینین نموونەیەکی دیار و زەقمان پێ پیشاندەدات کە ئەویش ژیانی

ئیناسی شەنگالیە کە لە ڕاستیدا بە هەزاران ئیناسی دیکە لە ڕاستیدا بوونیان هەبووە کە کرابوون بە قوربانی دەستی ئەو چەکدارە دڕندانە, ئەگەر چی بەشێك لەو کچ و ژنانە ژێر دەستی داعش ژیانیان کۆتایی هات مردن وە هەندێکی تریش تووشی باردۆخێکی دەروونی مەترسیدار بوون کە سالانێکی زۆری دەوێت هەتاوەکو دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان ڕەنگیشە نەتوانن جارێکی تر ژیانێکی ئاسایی درووست بکەنەوە, بێگومان ڕووداوێکی ئاسایی نیە بۆ کچێك کە لەژێر چنگی دڕندەیەك بێت بە ئارەزووی خۆی جەستەی بەکارهێنێت و بیلسێنێتەوە, یان لە پاشان بکەوێتە ژێر دەستی بە کۆمەڵ کە هەریەکەو وەکو گورگێکی برسی چنگ بۆ ئەندامێکی هەستیاری بدەن کە لەڕێگای ئەو ئەندامە هەستیارانەی کچەکانەوە گورگەکان ئارەزووەکانی خۆیان بەتال کردو بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ژیانی ئەو کچانەی ژێر چنگیان بەڵکو بە دڕندانە ترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

داعش کێ بوون؟ ئاما نجیان چی بوو:

داعش کورتکراوەی ناوی( دەولە أسلامیە فی عیراق وشام ) کە لە سەرەتادا لە سوریاوە وەکو ڕەشەبایەکی مەترسیدار دەرکەوتن بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و دواتریش گەشەی سەندو بەرەو عێراق و چەندین ناوچەی دیکە ڕۆیشتن, هەڵبەتە ئەم گرووپە یاخود

**ئــەم ڕێکخــراوە تیرۆرســتیە بــە زنجــیرە تەواوکــەرەکانی ڕێکخــراوە تیرۆرســتیەکانی پێشــووتر دادەنرێــت وەکــو( قاعیــدە و جونــدو ئیســلام و بــەرەی نوســرەو ) بــەڵام ئــەوەی ئــەم جــارە بــە ناونیشــانێکی دیکــەوە بــەڵام هــەمان ئایــدۆلۆژیاو ئامــانجی ڕێکخراوەکــانی پێشــووتر بــەڵام ئــەوەی داعــش دەتــوانم بڵــێم زۆر قێزەونتر بوو کە لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی دەرچووبوون.**

**ئامــانجی داعــش لــەوەدا بــوو کەویســتی دەوڵــەتێك درووســت بکــات لــە ژێــر چــەتری ئــاینی ئیســلام وە جیهــادکردن لــە پێنــاو خــودا بــۆ سەرخســتنی ئــاینی خــودا کــە بــە کۆتــا ئــاین دادەنرێــت ئــەویش ئــاینی ئیســلامە هەربۆیــە ئامــانجی داعــش ئــەوەبوو کــە خــەڵکیان بەشــێوەیەکی زۆر هێنایــە ســەر ئــاینی ئیســلام بەتایبــەتی ئەوانــەی کــە دووربــوون لــە ئــاینی ئیســلام واتــە بــێ بــاوە ڕەکــان ئەمــەش لەدیــدی ئەوانــەوە کــە خــەلکیان ئــارەزووی خۆیــان جیــادەکردوە ئەگەرچــی هەرکەســێکیش ملکەچــی خــۆی بــۆ ئــەم ئاینــە دانەنابوایــە ڕاســتەوخۆ ســەریان لــە لاشــەیان دەکــردەوە کــە ئەمــەش بــووە کارەســاتێکی گــەورە دژ بــە پێکــەوە ژیــان و ئــارامی چــوونکە ناکرێــت مرۆڤێــك بگرێــت و بــە زەبــری هەڕەشــە تــۆ ئــاین و فکرەکــەی بگۆڕیــت , ئەمــە بەهــەموو شــێوەیەك جێگــای بــاوەڕپێکردن نیــە چــوونکە مــرۆڤ ئــازادە بــۆ خــۆی لەســەر چ ئــاین و فکرەیەکــە هەربۆیــە بــەبوونی ئــەم جــۆرە فکــرە توندڕەوانــە جیهــان دەکەوێتــە مەترســیەوە,ئەگەر چــی ئــەو چــەکدارانە بەشــێوەیەك هەڵخــەلێتێنرابوون کــە گوایــە دەبێــت جیهــاد بکــەن لــە پێناو**

**سەرخستنی ئاینەکەی خودا و لە ناوبردنی کافران و بێ باوڕان ڕاستەوخۆ خودا لە دونیایەکەی دیکە ئەو چەکدارانە بە بەهەشت و چەندین حۆری جوان شاد دەکات کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بریتیە لە یاری کردن بە ئەقلی مرۆڤە بێ ئەقلەکان بەهۆی ئەوەی ئەگەر کەسێك خوێندنەوەی هەبێت و ڕۆشنبیر بێت ئەوە زۆر مەحالە بکەوێتە دوای ئەقلی ئەم جۆرە گرووپانەوە, هەڵبەتە من لە پێشووتردا وتاریکم بە ناونیشانی ( چارەنووسی داعشە زیندانی کراوەکان بەرەو کوێ ) بڵاوکردبوو کە ئاماژەم بەو داعشە یاخود ئەو نامرۆڤانە دا کە ئێستا لەکووچی زیندانەکاندان بۆیە دەبێت ئەوانە زوو دەست بەجێ چارەسەرێکی ڕیشەیی بکرێن بۆ ئەوەی جارێکی تر بەشێوەیەکی تەندرووست بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگا یان ئەگەرنا هەموویان ژەهر خوارد بکرێن و کۆتاییان پێ بهێنرێت هەروەکو چۆن خۆیان کۆتاییان بەژیانی هەزاران خەڵکی بێتاوانیان هێنا بۆ ئەوەی جارێکی تر نەبنەوە مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی وە ڕەنگە لەلایەکی تریشەوە ئەو پرسیارە دروست ببێت کە ئاخۆ بەکوشتنی ئەوانە چ سوودێکی دەبێت؟ بێگومان لەڕوویەکی ترەوە ئەگەر سەیری بکەین سوودێکی ئەوتۆی نابێت بەهۆی ئەوەی خۆ فکرە توند ڕەوەکە زیندوە واتە زۆر ئاساییە لە پاش چەندین ساڵی تر کەسانێکی تر دروست ببنەوە لەژێر ناوێکی تر و دووبارە خەڵکی بکەنە قوربانی بۆیە ئەم جۆرە پرسە هەستیارانە پێویستی بەوە**

هەیـــە کـــە لەڕیشـــەوە کۆتـــایی پـــێ بهێنرێـــت , هەرچـــەندە لــــەماوەکانی ڕابــــردو ســــەرکردەی دیــــاری داعــــش ئەبوبــــەکر بەغــــدادی لــــە بۆســــەیەك کــــوژرا کــــە ئەمــــەش هاوشــــێوەی کوشــــتنی ســـــەرکردە باڵاکـــــانی دیکـــــەی ڕێکخـــــراوە تیرۆرســـــتیەکان بـــــوو هـــەروەکو ئوســـامە بـــلادن و شـــێخ زانـــا و چـــەندین کەســـی دیکـــە کـــە لــــە پاش ماوەیــــەکی دیکــــە ڕێکخــــرا و ســــەرکردەی دیکــــە هاتنــــە گۆڕەپان و چەندین کارەساتیان لەدوای خۆیان درووست کرد.

*ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان 12|2|2020

**ئۆتۆمبیل, ئامێرێکی سوودبەخش ,بەڵام مەترسیدار**

ئەگەر چی مرۆڤ بەدرێژایی درووست بوونیەوە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا , بەردەوام بیری لای داهێنان و پێشکەوتنی خۆی کردۆتەوە , وە بەتایبەتیش بیری لەوە کردۆتەوە کە باشترین ئامێر درووست بکات بۆ ئەوەی ژیانی خۆی پێ بەڕێ بکات یان بەشێوەیەکی خێرا ئەو کارەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات زۆر بەشێوەیەکی ئاسان بۆی ئەنجام بدرێت, بێگومان دروسکردنی ئامێرەکانیش لەڕێگای ئەو کەرەستانەوەیە کە لەبەردەستی مرۆڤەکان دایە بۆ درووسکردنی ئامرازە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی,بەڵام زۆر جار ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بیری لە دروستکردنی کردۆتەوە لە پێناو ئاسانکردنی کاروبارەکانی ژیانی خۆی کەچی لەلایەکی دیکەوە بۆتە هۆی لەناوچوونی ژیانی خۆی و ژیانی تەواوی مرۆڤایەتی,بۆ نموونە مرۆڤ بەهۆی بیرە فراوانەکەیەوە بۆ ژیان لەسەدەی نۆزدەوە بەولاوە بیری لە دروسکردنی ئامێرێکی گرنگ کردوە بۆ تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی کە ئەویش بریتی بوو لە دروسکردنی ( ئۆتۆمبیل ) ئەم ئامێرە بووە بەشێکی گرنگ لە ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی کە هەتاوەکو ئەمرۆ مرۆڤ بەکاری دەهێنێت یاخود بەشێوەیەکی تر دەتوانم بڵێم مرۆڤ ئالودەی ئۆتۆمبیل بووە کە بۆ بچووکترین کاری خۆی, ڕاستەوخۆپەنا دەباتە بەر

ئۆتۆمبیلەکـــەی , کەچـــی پـــەنا ناباتـــە بـــەر قاچـــەکانی خـــۆی یـــاخود لێخـــورینی پایســـکیلێك بـــۆ ئە نجامـــدانی کارەکـــەی کـــە لەهـــەمان کاتیشـــدا شـــەقامەکان لـــە جـــە نجاڵی و قـــەرەباڵغی ئۆتۆمبیلـــەکان کـــەمتر دەبێتـــەوە هـــەروەکو لەبەشـــێکی زۆری وڵاتـــان دەبینـــین زۆربـــەی کـــات پـــەنا دەبەنـــە بـــەر پایســـکیل بـــۆ تێپەڕانـــدنی کارەکـــانی ڕۆژانـــەیان یـــاخود بـــەهۆی پێشـــکەوتنی هۆکارەکـــانی گواســـتنەوە لـــە زۆربـــەی وڵاتـــانی پێشـــکەوتوو کـــەوەکو دابینکردنـــی پاســـی پێشـــکەوتوو ومـــیترۆ و چـــەندین هۆکـــاری هاتووچـــۆی دیکـــە کـــە وای کـــردوە قەرەبـــەباڵغی بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو لـــە شـــەقامەکان نـــەهێڵێت, بـــەڵام بەداخـــەوە کەچـــی لـــە هـــەرێمی کوردســـتان لەلایـــەن زۆرینـــەی تاکەکانـــەوە بـــە عەیبـــە دەیـــزانن ئەگـــەر بە پایســـکیل بـــڕۆن بـــۆ ســـەر کارەکانیـــان وە لەلایـــەکی دیکـــەوە هۆکارەکـــانی گواســـتنەوە وەکـــو پاســـەکان بەشـــێوەیەکی پێویســـت نـــین یـــاخود هـــەتاوەکو ئێســـتا هـــیچ جـــۆرە میترۆیـــەك لـــەنێو شـــارەکان نـــابینرێن بـــۆ ئاســـانکردنی هاتووچـــۆی هاوڵاتیـــان و کەمکردنـــەوەی ئـــەو جە نجاڵیـــەی کـــە ئـــەمڕۆ لـــە نێـــو شـــەقامەکان دەبینرێـــت لـــە پاڵ ئەوەشـــدا دەبینـــین بـــە ڕێژەیـــەکی زۆر ئۆتۆمبیـــل هـــاوردەی هـــەرێمی کوردســـتان دەکرێـــت کـــە ئەمـــەش وا دەکـــات قەرباڵغیەکـــە ببێتـــە دوو هێنـــدەی دیکـــە , ئـــەوەی کـــە ئـــەمڕۆ بۆتـــە مەترســـیەکی زۆر گـــەورە بـــۆ ســـەر ژیـــانی مـــرۆڤ بریتیـــە لـــە درووســـتبونی ڕووداوەکـــانی هاتووچـــۆ کـــە لـــە ئـــە نجامی خێرایـــی ئۆتۆمبیلەکانـــەوە درووســـت دەبێـــت یـــاخود گـــوێ

نەدانــە بــەر ڕێنمایــەکانی هاتووچــۆ لەلایــەن ئــەو کەســانەی کــە ئۆتۆمبیـــل لێـــدەخورن وە هـــەروەها لـــە پاڵ ئەوەشـــدا لـــەنێو شـــەقامەکاندا زۆر بەشـــێوەیەکی سەرکێشـــانە ئۆتۆمبیلـــەکانیان لــێ دەخــورن وەکــو ئــەوە وایــە کــە ئــەو شــۆفێرە بــیر لــە ســەلامەتی گیـــانی خـــۆی و شـــۆفێری بەرامبەرەکـــەی نەکاتـــەوە ,هەربۆیـــە دەرئـــە نجامی ڕووداوی هاتووچـــۆکە دەبێتـــە هـــۆی لـــە دەســـت دانـــی گیـــانی مرۆڤـــەکانی نێـــو ئـــەو ئۆتۆمبیلـــە, کەواتـــە ئێســـتا ئـــەوەمان بـــۆ شـــیکرایەوە کـــە ئۆتۆمبیـــل لەلایەکـــەوە ســـوودێك بـــە ژیـــانی مرۆڤـــەکان دەگەیـــەنێت بـــۆ تێپەڕانـــدنی کارەکـــانی ڕۆژانـــەیان بـــەڵام لەهـــەمان کاتیشـــدا دەبێتـــە مـــەرگێکی خێـــرا بـــۆ ژیـــانی مرۆڤەکان, پێویســـتە ئێمـــەی مـــرۆڤ لەگـــەڵ ئـــەو ئامێرانـــەی کـــە درووســـت دەکـــرێن بـــۆ بـــەڕێکردنی کاروبارەکـــانی ڕۆژانـــەمان دەبێـــت زۆر بەشـــێوەیەکی جـــوان و تەندرووســـت مامەڵـــەیان لەگەڵـــدا بکـــەین بـــۆ ئـــەوەی نەبێتـــە هۆکـــارێکی مەترســـیدار بـــۆ ســـەر ژیانمـــان, لێخـــورینی ئۆتۆمبیـــل بەرپرســـیاریەتیەکی گەورەیـــە بـــەهۆی ئـــەوەی مـــنی شـــۆفێر لـــەنێو شـــەقام دام لەگـــەڵ چـــەندین ئۆتـــۆمبیلی دیکـــەدا بۆیـــە دەبێـــت زۆر بـــە مێشـــکێکی ڕۆشـــنبیرانەو فـــراوان ئۆتۆمبیلەکـــەم لێبخـــورم بـــۆ ئـــەوەی زیـــانی گیـــانی و دارایـــی بـــەخۆم و بەکەســـی بەرامبەرەکـــەم نەگەیـــەنم, بـــەڵام بەداخـــەوە ئـــەمرۆ ئاســـتی ڕۆشـــنبیری بـــۆ لێخـــورینی ئۆتۆمبیـــل زۆر لاوازە وە بـــە هـــیچ شـــێوەیەك گـــوێ نادرێـــت بـــە ســـەرجەم ڕێنمایـــەکانی هاتووچـــۆ هەربۆیـــە دەرئە نجامەکـــەی بـــە شـــێوەیەکی دڵتـــەزێن کۆتـــایی دێێـــت

, ئەگەر چی سەیری ئامارەکانی هەرێمی کوردستان تەواوی جیهان بکەین بەتایبەتیش ئامارەکانی هەرێمی کوردستان کە تەنیا خۆی چوار پارێزگا دەبینێتەوە کەچی دەبینین ساڵانە بە هەزاران کەس بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە گیانی خۆیان لە دەست دەدەن وە جگە لەوانەی کە بەشێوەی جیاواز بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە بریندار دەبن کە زۆرجاران ئەو برینداربوونە زۆر لە مردنەکە بەئازارترە بۆ مرۆڤەکان, بێگومان تەواوی ئەم ڕووداوانە کە ڕووبەروی مرۆڤەکان دبێتەوە بەشێکی هەرەزۆری لە ئە نجامی نارۆشنبیری خۆیەتی لە بەرامبەر ئامرازەکانی هاتووچۆ کردن

ماڵپەری ڕێگای کوردستان

2020|1|2

**کتێبی پێشەکیەك دەربارەی شوێنەوارناسی...**

**پێش ئەوەی دەست بکەم بە نووسینی ئەم وتارە پێویستە پرسیارێك لە خۆم بکەم , پرسیارەکەشم ئەوەیە کە ئایا منی خوێنەر بۆچی کتێبێك بەناونیشانی پێشەکیەك دەربارەی شوێنەوارناسیم خوێندۆتەوە؟**

**بێگومان بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکەی خۆم دەبێت بگەڕێمەوە بۆ 10ی نۆڤەمبەری ساڵی 2018 کە ئەوکات بەیەك ڕۆژی قوتابیەتیم بوو لە زانکۆ لە بەشی شوێنەوار بێگومان ئەو بەروارە بۆ من بە وێستگەیەکی نوێ ژیانم دادەنرێت , واتە لێرەوە من پەیوەندی خوێندنەوەم لەگەڵ ئەم کتێبە دروست کرد وە یەکەم کتێبی شوێنەواری بوو کە خوێندمەوە کە لە پێشتردا هیچ جۆرە کتێبێك بەناونیشانی بابەتی شوێنەواری نەخوێندۆتەوە بەڵکو تەنها گوێبیستی ناوی شوێنەوار بووم بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار کەچی کاتێك چوومە نێو خوێندنی ئەم زانستەوە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لەنێو ئەم زانستەدا شتی ئاڵۆز ونامۆ بەرچاوم وبەرگوێم دەکەوت کە ئەمەش بۆمن شتێکی سەرسوڕمان بوو چوونکە زانستێك وەکو شوێنەوار کە خاوەنی ئەم زانستە دۆڵەمەندەیە کەچی ئێمە لەکاتی قوتابی بوونمان دا لە قوتابخانە لە هیچ قۆناغێك بابەتێکمان بەرچاو نەکەوت بەناونیشانی شوێنەوار و**

کەلــە پوور لـــە پـــاڵ وانـــەکانی ترمـــان دا , ئـــیتر ئەمـــەش وای کـــرد کــە نـــاوی ئـــەم زانســـتە بـــۆ مـــن کـــەمێك جێگـــای نامۆبێـــت, هەرچـــەندە مـــن لە پێشـــووتردا وتـــارێکم لەرۆژنامـــەی خـــەبات ژمـــارە( 5749 ) 2019|5|14 نووســـــــــیبوو بەناونیشـــــــانی( لەناوەنـــــــــــدەکانی خوێندنـــــــدا بابـــــەتی شـــــوێنەواری فـــــەرامۆش کـــــراوە ) کـــــە لەوتارەکەمـــــدا بەشـــێوەیەکی کـــورت ئامـــاژەم بەنـــەبوونی وانـــەی شـــوێنەواری کردبـــوو لـــە پاڵ وانـــەکانی تـــری خوێنـــدن دا, چـــوونکە پـــێم وایـــە بـــەدانانی کتێبێکـــی کـــورت و پووخـــت لـــە بـــواری شـــــوێنەواری لـــــەنێو قوتا بخانـــــەدا ئاشـــــنایەتیەکی ســـــەرەتایی درووســـت دەکـــات بـــۆ قووتـــابی ســـەبارەت بـــە ناســـینی شـــوێنەوار بـــە تاییەتیش بۆ قۆناغی سەرەتایی.

خوێندنـــەوی کتـــێبی پێشـــەکیەك دەربـــارەی شوێنەوارناســـی کـــە لەلایـــەن تـــەقی ئەلـــدەباغ نووســـرابوو وە هاوکـــاتیش لەلایـــەن نووســـەرو مامۆســـتای زانکـــۆ بـــەرێز ســـەباح پیربالـــەوە کرابـــوو بـــەکوردی لـــە ســـاڵی 2007 چـــاپ کرابـــوو لـــە هـــەولێر, کاتێـــك کـــە یەکـــەم رۆژی کۆلێـــژم بـــەرێکرد پـــێش ئـــەوەی برۆمـــەوە ســـەردانی کتێبخانـــەی کۆلێژەکـــەمان کـــرد وە کۆمـــەڵێك فایـــل دانرابـــوو کـــە هـــی بەشـــە جیاوازەکـــان بـــوو ئـــیتر منـــیش بەشـــەکەی خـــۆم دۆزیـــەوە دەســـتم کـــرد بـــە گـــەڕان بـــەدوای چـــەند کتێبێکـــی شـــوێنەواری بۆئـــەوەی تۆزێـــك تینویەتیەکـــەم بشـــکێت دەربـــارەی ئـــەم زانســـتەدا پـــاش ئـــەوەی لـــە فایلەکـــەدا گـــەڕام چـــەند کتێبـــێکم بەرچـــاو کـــەوت منـــیش نـــاوی کتێبـــەکانم نووســـی رۆیشـــتم بـــەرەو لای کارمەنـــدانی

**کتێبخانەکـــە بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو کتێبانـــە پـــێم بـــدەن, هەرچـــەندە ســـێ کتێـــبم هێنـــا کـــە یـــەکێییان پێشـــەکیەك دەربـــارەی شوێنەوارناســـی بـــوو ئـــیتر ئـــەم کتێبـــە ســـەرنجی مـــنی ڕاکێشـــا وای لـــە مـــن کـــرد کـــە دەســـت بـــدەم لەلاپـــەڕەکانی بـــۆ خوێندنـــەوی بـــەڵام کـــات زۆر درەنـــگ بـــوو , وە زۆریـــش مانـــدووبوم بـــەڵام بڕیـــارم دا کـــە وێنەیـــەکی کتێبەکـــە بگـــرم بـــۆ ئـــەوەی ڕاســـتەوخۆ بـــڕۆم لـــە بـــازار لـــە کتێبخانـــەکان بیکـــڕم منـــیش وام دەزانـــی ئێســـتا ئـــەم کتێبـــە زۆر بـــە ئاســـانی دەســـتم دەکـــەوێت لـــە کتێبخانـــەکان کەچـــی هـــەموو کتێبخانەیـــەکم کـــرد گوتیـــان نـــەماوە چـــوونکە کتێبەکـــە ســـاڵی چـــاپکردنی زۆر کـــۆن بـــوو, بـــەڵام منـــیش هـــەر بـــەردەوام بـــووم هـــەتاوەکو لـــە کۆتـــایی دا لـــە یـــەکێك لـــە کۆشـــکەکانی بەرامبـــەر قـــەلات بـــە دەســـتم کـــەوت کـــە تـــەنیا یـــەك دانـــەی مـــابوو لـــەژێر ژێـــرەوە کتێبـــەکان بـــۆمی دەرهێنـــا, کاتێـــك دەری هێنـــا کتێبێکـــە بەڕاســـتی زۆر کـــۆن بـــوو بەرگەکـــەی هـــەمووی پـــیس ببـــو منـــیش تۆزێـــك نیگـــەران بـــووم, بـــەڵام نەمهێشـــت ئـــەم کتێبـــە وا بمێنێتـــەوە هەربۆیـــە لەگـــەڵ دەســـتی خـــۆم تیپیێکـــی ئـــاویم کـــڕی و بردمـــەوە بـــۆ ماڵـــەوە زۆر بـــەجوانی لـــێم داو خـــاوێنم کـــردوە ئـــیتر ئەوکاتـــە هەســـتم بـــە ئـــارامی کـــرد چـــوونکە نابێـــت کتێبێـــك بـــەو شـــێوەیە بەرگەکـــەی کـــۆن دڕاو بێـــت وە منـــیش گرنگـــی پـــێ نـــەدەم خـــۆ لەکۆتایی دا ئەوە کتێبە من فێری زانست و ڕۆشنبیریم دەکات .**

**کتێبـــە لـــە 102 لاپـــەڕە پێـــك هـــاتبوو کـــە زۆر بەشـــێوەیەکی کـــورت و پووخـــت باســـی زانســـتی شـــوێنەواری دەکـــرد یـــاخود دەتـــوانم بڵـــێم**

وەکـــو دەرگایـــەکی ســـەرەکی بـــوو , بـــۆ ئاشـــنابوون بەزانســـتی شـــوێنەوار کـــە زۆر بـــەوردی پە نجـــەی خســـتبووە ســـەر لایەنـــەکانی ئـــەم زانســـتە پـــەراوێزخراوە , وەجیگـــای دەســـت خۆشـــیە بـــۆ مامۆســـتا ســـەباح پیربـــاڵ کـــە هەســـتابوو بـــە خامـــە ڕەنگینـــەکانی ئـــەم کتێبـــەی وەرگێرابـــوو بـــۆ ســـەر زمـــانی کـــوردی جگـــە لـــەوە خۆیشـــی کتێبێکـــی تـــری هەیـــە کـــە لەلایـــەن خۆیـــەوە نووســـراوەتەوە بـــە ناونیشـــانی ( ئارکیۆلۆجیـــا لـــە کوردســـتان ) کـــە بەهـــەمان شـــێوە تیشـــك دەخاتـــە ســـەر شـــوێنەوار و شـــوێنەوارناس چـــەندین پرســـی گرنگـــی شـــوێنەوار, جێگـــای ڕێـــزە مامۆســـتا ســـەباح پیربـــاڵ کـــە هەســـتاوە بـــە دانـــانی ئـــەم دووکتێبـــە شـــوێنەواریە بـــە زمـــانی کـــوردی , کـــە هەرچـــەندە خـــۆی مامۆســـتایە لـــە بەشـــی مێـــژوو بـــەڵام بـــەهۆی خـــە مخۆری بـــەرێزیان بـــۆ بەشـــس شـــوێنەوار هەســـتاوە بـــە ئـــە نجام دانـــی ئـــەم کـــارە جوانـــە, بێگومـــان هەمیشـــە کـــاری جـــوان جێگـــای باســـکردن و ڕێـــزە, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بەشـــی شـــوێنەوار لـــە ڕووی کتـــێبی کوردیـــەوە زۆر هـــەژارە بۆیـــە دەبێـــت خـــە مخۆری زیـــاتر هـــەبێت بـــۆ زانســـتی شـــوێنەوار , چـــوونکە شـــوێنەوار ناســـنامە و شارســـتانیەتی هـــەموو گەلێکـــە , کـــە هاوکـــاتیش کـــورد لـــەو شارســـتانیەتە بـــەدەر نیـــە کـــە خـــاوەنی شارســـتانیەتێکی زۆر گەورەیـــە, بۆیـــە دەبێـــت بیانپـــارێزین و هـــەتاوەکو لەناونەچـــن یاخود نەکەونە دەستی دووژمنان.

خەرمانەی من

*بڵاوکراوەتـــــــەوە لـــــــە هەفتەنامـــــــە ڕێگـــــــای کوردســـــــتان

**ژمارە**( 1209 ) 2020|2|25

**سەڵاحەدین دەمیرتاش و کورتە چیرۆکەکانی**

**سـەلاحەدین دەمیرتـاش لـە دایکبـووی سـاڵی 1973یـە لـە ناحیـەی پـاڵوی سـەر بـە قـەزای ئەلـەزیرە, خێزانـدارەو خـاوەنی دوومنداڵـە وە هاوژینەکەیشـی مامۆسـتایە, هاوکـات بـە یـەکێك لـە سیاسـە تمەدارو پـارێزەرە دیارەکـانی بـاکووری کوردسـتان دادەنرێـت کـە ژیـانی خـۆی تـەرخان کـردووە بـۆ ڕزگـارکردنی گەلەکـەی لـە دەسـتی داگیرکـەران وە بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی بـۆ نەتـەوە سـتەملێکراوەکەی ئـەو نەتەوەیـەش نـاوی( کوردە ). لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوسـەرۆکی پـارتی گـەلان ( هەدەپەیـە ) لەگـەڵ فیگـەن یۆکسـەر داغـی هـاوڕێی, بـەڵام بـەهۆی هەسـتی نەتەوایـەتی و دەربڕینی دەنگـی خـۆی لـە بەرامبـەر دەسـەڵات دارانـی تورکیـای شـۆڤێنیزم بـەڵام بـۆ دواجـار خـۆیی و فیگـەن یۆکسـەر داغـی هـاوڕێی و لەگـەڵ چـەندین هـاوڕێی دیکەیـدا ڕووبـەڕووی سـزاو ئەشـکە نجە بوونـەوەو وە لەسـاڵی 2017 بـە بڕیـاری سـەرۆك کۆمـاری تورکیـای ڕەگەزپەرسـت ڕەجـەب تـەیب ئـەردۆغان بڕیـاردرا بخرێنـە نێـو کووچـی زیندانـەکان بـەڵام لـە دەرئـە نجامی مانـەوەی لـە زیندانـدا بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لـە هاوسـەرۆکی پـارتی گـەلان هەدەپـە دووربخرێتـەوە, بـەڵام هەرچـەندە بـە زینـدانی کردنـی سـەلاحەدین دەمیرتـاش و فیگـەن یۆکسـەر داخ بەیەکـەم کـاری دەوڵـەتی تورکیـا دانانرێـت کـە لـە**

بەرامبـــەر بـــە کـــوردانی سیاســـە تمەدارو چـــالاکوانان ئـــە نجامی دابێـــت , چـــوونکە مێژوویـــەکی ڕەشـــی هەیـــە لـــە بەرامبـــەر بـــە گـــەلی کـــورد لـــە بـــاکووری کوردســـتان و هەنـــدێ ناوچـــەی دیکەدا ,بـــەهۆی ئـــەوەی بـــەردەوام هـــەوڵی ســـەرکوتکردنی ئـــەو سیاســـە تمەدارە کوردانـــەی داوە کـــە دەیانـــەوێت میلەتەکـــەیان خـــاوەنی خـــاکێکی ســـەربەخۆ بێـــت هاوشـــانی میلـــەتانی تـــری جیهـــان بـــەڵام لـــە دەرئـــە نجام دا ڕووبـــەڕووی ئەشـــکە نجە و زینـــدانی کـــردن بوونەتـــەوە کـــە زۆرجـــاریش گەیشـــتۆتە تیرۆرکردنیـــان, بـــەڵام هـــیچ کاتێـــك چـــۆکیان نـــەداوە بـــەڵکو کوچـــەکانی زینـــدان بۆیـــان بۆتـــە بـــەرخودانێکی بـــەهێز بـــۆ ڕزگـــارکردنی گەلەکـــەیان لـــەژێر دەستی دووژمنان.

هەرچـــەندە زینـــدان بـــە بەســـتنەوەی دەســـت و پێیـــەکانت دادەنرێـــت کـــە ئـــیتر ناتوانیـــت هـــیچ جـــۆرە جوڵەیـــەك بکـــەیت, بـــەڵام دەمیرتـــاش تـــوانی لەڕێگایـــەکی تـــرەوە دەســـت بـــە خـــەباتی سیاســـی خـــۆی بکـــات لـــە نێـــو کووچـــی زیندانـــەوە کـــە ئـــەویش لـــە ڕێگـــای نووســـینی بیســـت و شـــەش کورتـــە چـــیرۆکی جۆراوجـــۆر بـــوو کـــە لـــە ڕێگـــای هەریەکەیانـــەوە پە نجـــەی خســـتبووە ســـەر ڕووداوە نـــاخ هەژێنـــەکان , واتـــە لێـــرەوە دەمیرتـــاش جگـــە لەسیاســـە تمەدارێك و پارێزەرێـــك تـــوانی خـــۆی وەکـــو چـــیرکۆنووس و نووســـەرێك لـــە کووچـــەکانی زیندانـــەوە درێـــژە بـــە خەباتـــەکانی خـــۆی بـــدات, وەهـــەروەها ئـــەو بیســـت وشـــەش کورتـــە چـــیرۆکە تـــوانی لـــە ڕێگـــای دوو کتێبـــەوە بڵاویـــان بکاتـــەوە لـــە ســـاڵی 2019 بـــە

ناوەکانی( سـەحەر و دەوران ) هەڵبەتـە سـەحەر بـە یـەکێك لـە هـەرە کورتـە چـیرۆکە نـاخ هەژێنـەکانی سـەلاحەدین دەمیرتـاش دادەنرێـت هەربۆیـەش نـاوی یـەکێك لـە کتێبـەکانی بـە نـاوی کورتـە چـیرۆکێکەوە کـردوە, هاوکـات لـەکاتی خوێندنـەوی ئـەو کورتـە چـیرۆکە بۆمـاوەی چـەندین ڕۆژ لـەتاو ئـازاری ئـەو چـیرۆکە تووشـی خەمۆکیـەکی زۆر بوومـەوە , چـوونکە چـیرۆکەکە بـاس لـە ژیـانی کچـێکی سـادە دەکـات کـە دەکەوێتـە داوی خۆشەویسـتی کوڕێکـەوە بـەڵام کوڕەکـە درۆی لەگـەڵ دەکـات و هـەڵی دەخەلـەتێنێت و ڕۆژێکیـان لەگـەڵ هاوڕێکـانی خـۆی سـەحەر سـواری ئۆتۆمبیـل دەکـەن و لـە دەشـتاییەکی چـۆل بەهەموانـەوە دەسـتدرێژی سێکسـی دەکەنـە سـەری کەتـەواوی ژیـانی ئـەو کچـە سـادەیە وێـران دەکـەن , لـە بنەڕەتـدا چـیرۆکەکە درێـژە تـەنها ئـەوەی کـە گێڕامـەوە کورتەیـەکی چـیرۆکەکە بـوو, لـە پاڵ سـەحەردا ئـەو بیسـت و پێـنج چـیرۆکەکەی دیکـەش هەریەکـەیان گێڕانـەوەی ڕووداوێکـە کـە بـە شـێوەیەکی زۆر تراژیدیانـە گێڕاونەتەوە.

لـەکۆتایی وتارەکـەم دا هیـوای لـەش سـاغی وتەندرووسـت باشـی بـۆ خـەمخۆری گـەلی کـورد سـەلاحەدین دەمیرتـاش دەخـوازم کـە هیـوادارم لـەنێو کووچـەکانی زینـدان ئـازاد بکرێـت چـوونکە ئـەو شـوێنە هـی کەسـانی وەکـو دەمیرتـاش نیـە بـەڵکو هـی کەسـانی وەکـو ئـەردۆغان و هاوشـێوەکانیەتی کـە مـاوەی چـەندین سـاڵە دەستی بەخوێنی هاوڵاتیانی کوردی سڤیل سۆر بووە.

خەرمانەی من

* مالْپـــــــــــــــــــــــــــــــــەری دەنگـــــــــــــــــــــــــــــــــەکان 2020|1|20

**زمان و شارستانیەت**

**21 شـــووباتی هـــەموو ســـاڵێك وەكـــو ڕۆژی زمـــان دیـــاری كـــراوە, كەئەمـــەش ڕۆژێكـــی گرنگـــە چـــوونكە زمـــان وەكـــو ئـــەوەی كـــە دەگوترێـــت بـــە ناســـنامەی ســـەرەكی گـــەلان دادەنرێـــت واتـــە بـــۆ ناســـینەوەی هـــەر گـــەلێك لـــە ڕووی كولتـــووری و شارســـتانیەكەی ســـەرەتا لـــە ڕێگـــای زمانەكەیـــەوە پە نجـــە دەخرێتـــە ســـەر ئـــەو گەلە بۆ ناسینەوەی.**

**ئەگـــەر چـــی بـــە درێـــژایی مێـــژوو بەچـــەندین زمـــان بوونیـــان هـــەبووە كـــە هەریەكـــەیان تایبـــەت بـــە گـــەلێك بوونـــە بـــەڵام لەگـــەڵ لـــە ناوچـــوونی ئـــەو گەلـــەوە ڕاســـتەوخۆ زمانەكـــەش لەگـــەڵی لەناوچـــووە , بـــۆ نموونـــە وەكـــو زمـــانی ( ســـۆمەری و ئەكـــەدی ) كـــە خـــاوەنی زمـــانێكی تایبـــەت بـــەخۆیان بـــوون بـــەڵام كەچـــی لەگـــەڵ لەناوچـــوونیان زمانەكەیشـــیان فـــەوتا بـــەڵام ئـــەوەی كـــە ئێســـتا مابێتـــەوە لـــە پاشمـــاوەی ئـــەو دووزمانـــە ئەوەیـــە كـــە لەناوەنـــدە ئەكادیمیـــەكان خوێندنـــەوەی لەســـەر دەكرێـــت , یـــاخود تـــەنها توێژینـــەوەی لەســـەر دەكرێـــت لەگـــەڵ ئەوەشـــدا وەكـــو لایـــەنی مێـــژوویی دەخوێنرێـــت بـــۆ ناســـینی زمـــانی ئـــەو دووگەلـــە , هەرچـــەندە ئـــەم دوو زمانـــە وەكـــو نمونەیـــەك بـــوو كـــە خســـتمەڕوو كـــە لـــە خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا بـــە چـــەندین زمـــانی دیكـــەمان هـــەبووە كـــە بـــە درێـــژایی مێـــژوو لەناوچـــوون لەگـــەڵ ئەوەشـــدا لـــە مێـــژوو تۆمـــار نـــەكراون كەبـــە نادیـــاری ماونەتەوە,ئەگـــەر چـــی لـــە ئێســـتادا لـــە**

سەدەی بیست و یەکداین کە نزیکەی 1600 زمان بوونیان هەیە لە جیهان وە جگە لەو زمانانە کە هەر زمانێك خۆی لە چەندین لەهجەیەك دەبینێتەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای سەرسوڕمانە کە گۆیەکی زەوی ئەم هەموو زمان و لەهجەیەی لە خۆ هەلگرتوە لە پاڵ ئەوەشدا زۆری ئەم زمانانە لەلایەکی دیکەوە بۆتە مایەی نائارامی کە هەرخاوەن زمانێك هەڵدەستێت دەیەوێت خۆی بسە پێنێت بەسەر زمانەکانی دیکەدا کە ئەمەش لە دەرئە نجامەکەیدا جەنگ و ململانێ درووست دەبێت, لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان بەهۆی بارودۆخی جیا جیاوە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو گەلە.

هەرکاتێك دەربارەی پرسێك قسەبکەین یان تاوتوێ بکرێت پێویستە ناوی گەلێکی ستەملێکراو بێتە نێو ئەو پرسانەوە کە ئەویش گەلی ( کوردە ) ئەگەرچی پرسەکە دەربارەی زمانە بێگومان کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە خاوەن زمانیکی فراوان و تایبەت بەخۆیەتی کە بە پێی ڕیزبەندیەکان بێت لە پلەی ( 40 )هەمین زمانی جیهان دایە, بەڵام ئەوەی کە جێگای نیگەرانیە ئەوەیە کە ئەم گەلە بە درێژایی مێژوو هەوڵدراوە ناسنامەکەی لێ بسێننەوە کە ئەویش زمانە شیرینەکەیتی لە پاڵ ئەوەشدا داگیرکردنی خاکەکەی , بەتایبەتیش لەلایەن گەلانی ( فارس و عەرەب و تورك ) ئەگەر چی ئەم سێ گەلە ڕەگەز پەرستە بەردەوام هەوڵیان

داوە زمانی کوردی و بوونی کورد بسڕێننەوە لە نەخشەدا یاخود هەوڵی بچووکردنەوەیان داوە لە هەموو ڕوویەکەوە بەڵام هەمیشە شکستیان هێناوە هەردەم شکستیش دەهێنن بەرامبەر بە گەلی کوردی خێر لە خۆ نەدیو, ڕەنگە لە هەندێ لایەنەوە بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ گاریگەریان درووست کردوە بۆ سەر زمانی کوردی بەڵام نەیان توانیەوە تەواوی زمان و شارستانیەتی خۆیان بەسەر گەلی کوردا بسە پێنن.

هەڵبەتە پرسێکی تری مەترسیدار بۆ سەر زمانی کوردی بریتیە لە حوکمی دەسەڵاتدارانی کوردی کە ماوەی 28 لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست, کە وایان کردوە ژینگەیەکی نا لە بار بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان درووست بکەن لە هەموو ڕوویەکەوە, کە هەر جارەو خەڵك تووشی قەیرانێك دەکەن جارێك کارەبا و نەوت و غاز و بێ کاری و نەبوونی دامەزراندن بۆ گەنجان, کە دەرئە نجامی ئەم هەموو ناخۆشیە دەبێتە هۆی ئەوەی لەلای بەشێکی زۆری تاکی کوردی ڕقی لە زمانی خۆی ببێتەوە وە بەتایەتیش لە نێو بەشێکی زۆر چینی گەنجان کە دەبینێت هەلی کاری دەست ناکەوێت کەچی دەڵێت: زمان و ئاڵا و خاك بەمن چی کە هەلی کارێکم دەست ناکەوێت, بێگومان ئەم قسانە جێگای داخە چوونکە زمان و خاك و ئاڵا هیچ پەیوەست نەکراوە بەم دەسەڵاتە بەڵکو ئەوە شەرەفێکە وەکو هەموو گەلێکی تر هەمانە, ئەگەر چی ئەم بارودۆخە وا بەردەوام بێت ئەم تۆزە خاك و زمان و ئاڵایەشمان

دەکەوێتـــــە لێـــــواری مەترســـــیەوە لەلایـــــەن دووژمنانـــــەوە, بۆیـــــە ناکرێـــــت بـــــەهۆی پرســـــێکی سیاســـــی و ئـــــابووری کۆمـــــەڵێك پرســـــی دروســـــتکراودا ئێمـــــە زمـــــانی خۆمـــــان بخەینـــــە مەترســـــیەوە , چـــــوونکە دوایـــــی دووژمنـــــان ئـــــەم هەلانـــــە بـــــۆ خۆیـــــان دەقۆســـــنەوە وە چـــــەندین کاری نەخوازراو بەرامبەر بە کورد ئە نجام دەدەن.

( هەردەم زیندو وشیرین بێت زمانی کوردی )

ئـایـــا جیهـــان لـــە داهـــاتوودا خـــۆی لەیـــەك زمانـــدا دەبینێتـــەوە بـــۆ سەرجەم مرۆڤایەتی؟

* ماڵپەری خەندان( 23|2|2020 )

## شەوێكی رەش

**مـــــانگی شــــوباتی ســــاڵی 2017 بـــــوو, شـــــەوێكی زۆر ســـــارد و بارانـــــاوی بـــوو, ئاسمـــــان تـــــاریكی لـــێ نیشـــتبوو هـــەروەها دەنگـــی گرمـــە گرمـــی ئاسمـــانیش نـــاو بـــەناو دەهـــات, بـــەڵام لـــەناكاو لـــەو شـــــەوە ســـــارد و باراناویـــــەدا , زەنگـــــی مۆبایلەكـــــەی دایكـــــم لـــــێ درا ,دایكیشـــم بـــەخێرایی خـــۆی بـــەرەو تەلەفۆنەكـــەی گەیانـــد , بـــۆ ئـــەوەی هـــەواڵی تەندرووســـتی براكـــەی بزانـــێ, چـــوونكە مـــاوەی دوو رۆژێك دەبوو كە خاڵم لە نەخۆشخانە بێ هۆش كرابوو...**

**بەڵام من نەمدەزانی كێیە؟**

**پـــاش ئـــەوەی دایكـــم مۆبایلەكـــەی هـــەڵگرت, لـــەناكاو گوێبیســـتی دایكـــم بـــووم كـــە دەســـتی كـــرد بـــەگریان و قیـــژە لێدانـــەوە, ئـــیتر منیش هەرزوو خۆم گەیاندە خوارەوە بۆئەوەی بزانم چیە؟!**

**كاتێـــك گەیشـــتمە خـــوراوە بینـــیم دایكـــم لـــەخۆی دەدات , وتـــی: تـــەواو براكـــەم كۆچـــی دوایـــی كـــرد , بیســـتنی ئـــەو هەواڵـــە لـــە زاری دایكمـــەوە مـــنی زۆر تاســـاند, لـــە كۆتـــایی لەشـــەوێكی ســـارد و ســـڕدا هـــەروەها لـــە پاش دوو شـــەو لـــە بێهۆشـــی خۆیـــدا خـــاڵم بـــۆ هـــەتا هەتایە ماڵئاوایی كرد ئیتر...**

**تەلفزیۆنەكـــەی ماڵـــەوەمان كرابـــووە, بینـــیم لەســـەر یـــەكێك لـــە كەناڵـــە كوردیـــەكان بـــوو, لـــەخوارەوەی كەناڵەكـــەدا هـــەواڵی**

کۆچــی دوایــی خاڵمیــان کردبــووە ســەردێری هەواڵــەکانی خۆیــان, نووســیبیان : هوونەرمەنــدی بــواری شــانۆ و درامــا و ســینەما, تــەها ئاغاجان بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

پاشــان هــەواڵمان بــۆ هــات کــە راســتەوخۆ تەرمەکــەی بــە گــۆر ناســپێرن بــەو شــەوە ســارد و سرەدا, چــوونکە بریاریــان دابــوو کــە بــۆ بەیانیەکــەی لــە رێــورەسمێکی تاییــەتی دا , تەرمەکــەی بــەخاك بســپێرن, ئــیتر لــە پاش ئــەوەی کاروبارەکــانی نەخۆشــخانەیان تــەواو کــرد راســتەوخۆ تەرمەکــەیان هێنایــەوە مــاڵی بــا پیرم لــە عــەنکاوە, مــن و دایکــم و بــاوکمیش کەوتینــە رێ بــەرەو عــەنکاوە لەوێــدا لــەلای مــاڵی بــا پیرم لەچــاوەڕێی هاتنــەوەی تەرمەکــەی خــاڵم دابــووین , بــەڵام ئــەو شــەوە کــەش و هــەوا ســارد و ســڕ بــوو , هــەروەها هــەموو گیانیشــم دەلــەرزی لەسەرمایە...

پــاش ئــەوەی ئێمــە چــاوەرێ مــان کــرد لــە مــاڵی بــا پیرم , لــەکۆتایی دا تەرمەکــەیان هێنایــەوەو , لــەنێو کفنێکــی ســپی دا خاڵمیــان شــاربووە, ئــەو پیــاوە باڵــا بــەرزە خــۆی لــەنێو کفنێکــی ســپی حەشــاردابوو, ئــیتر بــەرەو ژووری میــوان بردیــان و لەســەر زەویەکــە درێــژیان کــرد, ئێمــەش هــەمووومان بەدەوریــەوە بــووین, هــەروەها کــەناڵێکیش هــاتبووە نــاو ژوورەکــەمان بــۆ گواســتنەوەی ئــەو شــەوە , بــەڵام لــەتاو گریــان نەمــدەزانی کــە چ کــەناڵێك بــوو؟ روونــاکی کامێراکەی لەناو چاوم بوو.

گریـــان و لـــە خـــۆداین هەربـــەردەوام بـــوو, بـــەڵام مـــن و دایکـــم گەراینـــەوە بـــۆ ماڵـــەوە , چـــوونکە دایکـــم بەرگـــەی نـــەگرت لـــەوێ بمێنێتـــەوە, ئـــیتر ئێمـــە هاتینـــەوە بـــۆ مـــاڵی خۆمـــان , مـــاڵ تاریـــك و بـــێ کارەبـــا و ســـارد, منـــیش هـــەرزوو جلـــەکانی خـــۆم گـــۆری و لە پاشان چوومە ژێر جیگاکەم.

دڵـــم زۆر توونـــد بـــوو ئـــەو شـــەوە, هـــەموو ئـــەو رۆژانـــەم بەبیرهاتـــەوە کەلەگـــەڵ خـــاڵم بەســـەرم بردبـــوو, کـــەزۆر ئەســـتەمە مـــن هـــەموو ئـــەو رۆژە جوانانـــە لـــەیاد بکـــەم کـــە لەگـــەڵ خـــاڵم بردوومەتـــە ســـەرەوە, بەتایبـــەتی ئـــەو رۆژانـــەم بـــەبیر هاتـــەوە کاتێـــك ئێمـــە هێشـــتا ماڵمـــان لـــە هـــەولێر نـــەبوو, کـــە نـــاو بـــەناوە بـــۆ ســـەردانکردن دەهـــاتین بـــۆ هـــەولێر, ئـــیتر منـــیش چـــوومە لای خـــاڵم و داوای فلیمـــی و بەرهـــەمی نـــوێیم لێـــی دەکـــرد, بـــەڵام خاڵیشـــم هـــەرکاتێ کـــارێکی نـــوێی تۆماربکردبایـــە , راســـتەوخۆ دانەیـــەکی بـــۆمن بەتایبـــەتی دادەنـــا, ئـــیتر هـــەرکاتێك بهاتبامایـــە بـــۆ هـــەولێر , راستەوخۆ پێمی دەدا ...

ئـــای چـــەندە جـــوان بـــوون ئـــەو رۆژانـــە.... لـــەبیرکردنیان وەکـــو ئە نجامدانی تاوانێکە بۆم. .

راســـتیەکەی مـــن تەماشـــای هـــەموو کـــارە هونەریـــەکانی خـــاڵم نـــەکردوە, بەتایبـــەتیش کـــارە شـــانۆییەکانی , چـــوونکە ئـــەو لەســـاڵانی حەفتایەکانـــەوە لەســـەر تـــەختی شـــانۆوە ژیـــانی بـــەرێ کردوە.

بەیانیەکەی کاتژمێر شەشی بەیانی بوو, دایکم خۆی گوڕی بوو, لەگەڵ باوك رۆیشتبوو بۆ ماڵی با پیرم, هەوەرەها تەرمەکەی خاڵیشم هەرلەویّ لە ژووری میوانەکە مابووە بۆخۆی , ئیتر لە پاشان باوکم گەرایەوە, هەتاوەکو برام بەری بکات بۆ قوتا بخانە , لە پاشان ئیتر من و باوکیشم کەوتینە ریّ بۆ عەنکاوە بۆ ماڵی با پیرم بۆ ئەوەی لەویێوەوە تەرمەکەی بگوازینەوە , من ئەو ساڵە کە خاڵم کۆچی دوایی کرد لەکۆتا قۆناغی ئامادەیی بووم.

کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی بوو , ئیتر لەماڵی با پیرم کەوتینە ریّ و بۆ بردنی تەرمەکەی خاڵم, بۆ ناو بەرێوبەرایەتی شانۆی هەولێر و لە پاشانیش لەوێوە بەرەو گۆرستانی کەسنەزان بردمان هەتاوەکو بەخاك بیسپێرین, کە ئیتر ئەو شوێنە دواهەمین ماڵی خاڵم و هەموومانە ,بینیم چاڵێکی قووڵیان بۆ خاڵم هەڵکۆلیبوو, بۆ ئەوەی خاڵم بخەنە ژێر ئەو خاکەوە هەروەها شوێنێکی زۆر بچووك و تەسك بوو , ئیتر لە پاشان شۆریان کردەوە ناو چاڵەکەو , راستەوخۆ خۆڵەکەیان بەسەردایەوەو ئیتر بۆخۆی بەبێ کەسی مایەوە لەژێر ئەو خۆڵە تاریکەدا.

کۆتایی هەموو مرۆڤێك کە لە هەر پلە و پێگە و ئاستێك دا بین و دڵمان بەهەرچیەك خۆش بێت, کۆتاییەکەی ئەم ژێر خاکە شوێنمانە...

**ماڵئاوا**.........................................

**ماڵپەری دەنگەکان**, 2020|6|19

**ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی زانکۆم...**

**قۆنـــاغی زانکـــۆ یەکێکـــە لەهـــەرە قۆناغـــە جـــوان و کورتـــەکانی ژیـــانی مرۆڤـــی خوێنـــدەوار کـــە تێیـــدا بەچـــەندین خۆشـــی و ناخۆشـــی تۆماردەکـــات, بـــەڵام بـــەردەوام ئـــەوەی کـــە زۆر خۆشـــتر دەبێـــت لـــە زانکۆ ڕۆژە خۆشەکانە.**

2020|1|27 **ڕۆژی دووشـــەم بـــوو وەکـــو هـــەمو ڕۆژەکـــانی تـــرم بـــەرەو کۆلێژەکـــەم بـــەڕێ کـــەوتم بـــەڵام ئـــەم ڕۆژە بـــۆ مـــن جیـــاوازتر بـــوو لـــە ڕۆژەکـــانی تـــری کۆلێـــژم , چـــوونکە میـــوانی شـــاعیر و نووســـەری جواننـــوس و ســـەرکەوتوو مامۆســـتا ســـەلام عومـــەر بـــووم بۆیـــە ئـــیتر ئـــەو ڕۆژەی کۆلێـــژم تـــەنیا بـــیرم لـــەلای ئـــەوە بـــوو کـــە بگەمـــە لای مامۆســـتا, بێگومـــان هەســـتم بـــە دڵخۆشـــی دەکـــرد کـــە وەکـــو قوتابیـــەکی کۆلێـــژ و نووســـەرێکی تـــازە پێگەیشـــتوو بڕۆمـــە خزمـــەتی نووســـەر و شـــاعیرێکی جواننـــوس کـــە خـــاوەنی خەرمانێکـــە گەورەیـــە , پـــاش ئـــەوەی دوو محـــازەرەی کۆلێـــژم تـــەواو کـــرد ئـــیتر بـــۆ کاتـــژمێرو نیوێـــك مۆڵـــەتمان هـــەبوو بـــۆ دەســـتپێکردن بـــە محازەرەیـــەکی تـــر, منـــیش خـــۆم ئامـــادەکرد بـــۆ ئـــەوەی بـــەرەو لای مامۆســـتا ســـەلام عومـــەر بـــڕۆم, ئـــەو شـــوێنەی کـــە مـــن بـــۆی دەڕۆیشـــتم خۆشـــبەختانە بـــۆ مـــن نزیـــك بـــوو کـــە لـــە تـــەنیش کۆلێژەکـــەمان بـــوو ئـــەو شـــوێنەش بارەگـــای ســـەرەکی حزبـــی شـــوعی بـــوو, کـــە تێیـــدا مامۆســـتا ســـەلام عومـــەر لـــە بەشـــی ڕاگەیاندنەکـــەی**

بــــوو. منـــــيش بــــه دەفتــــەرو مەلزەمــــەكانم كەوتمـــــه ڕێ و نزيــــك بوومــــەوە لــــە دەرگــــای ســــەرەكی حــــزب كــــە برادەرێــــك لــــە پێش دەرگاكـــــە وەســــــتابوو چــــەكدار بــــوو جلێكــــی جــــوانی ســــەربازی لەبــەردابوو لەگــەڵ كڵــاوێكی ســووردا ,منــيش لێــی نزيــك بوومــەوەو سـڵاوێكم لێــی كــرد و ئــەويش گــوتی: بــەخێربێت فــەرموو,كاتێك كــە گــوتی فــەرموو منــيش تۆزێــك شــڵەژام و زمــانم پــاش و پێشــی كــرد , بەهــەرحاڵ گــوتم مــن ميــوانی مامۆســتا ســەلام عومــەرم لــە مەكتــــەبی ڕاگەيانــــدن , ڕاســــتەوخۆ پيــــاوە چــــەكدارەكە گــــوتی. فــەرموو بــەڕێز بــەخێربێيت , منــيش خــۆم بــەژوورەوەدا كــرد كــە ئەمــە يەكــەم جــارم بــوو بێمــە نــاو ئــەو بينايــە گەورەيــە , هــەموو كاتێــك كــە لــە كۆلێــژ تــەواو دەبــووم لــە چــاوەڕوانی پــاس دابــووم بــەڵام بەبــەردەوامی چــاوێكم لەســەر ئــەو بينايــە گەورەيــە بــوو كــە زۆر بــە ئــاوات بــووم جارێــك ســەردانێكی بكــەم و بەناويــدا بگــەڕێم بێگومــان لــەكۆتايی دا تــوانيم ســەردانێكی نێــو ئــەو بينايــە بكــەم , كاتێــك چــوومە ژوورەوە لــە دەرگــای ســەرەكيەكەوە حەوشــەيەكی گــەورە هاتــە پێشــم بــەڵام مــن خــۆم لــە بنەڕەتــدا شــارەزای جياگاكــەی مامۆســتا ســەلام نــەبووم بــەهۆی ئــەوەی يەكــەم جــارم بــوو ســەردانی ئــەو شــوێنە بكــەم بــەڵام لەبەرامبــەرم ناونيشــانی كــەناڵی ڕێگــام هاتــە پێشــم ڕاســتەوخۆ تۆزێــك وەســتام و چــوومە نێــو بــيرەوەری ڕۆژانــی جــوان و نــاخۆش , ئــەو ڕۆژانــەم بيردەهاتــەوە كــە بينــەری چــەندين بەرنامــەی جــوانی كــەناڵی ڕێگــا بــووم, بــەڵام ناخۆشــيەكەی بــۆمن ئــەوە بــوو كــە

بـــەبیرم هاتـــەوە یەکـــەم ڕۆژی پرســـەکەی خـــاڵم هونەرمەنـــد (تـــەها ئاغاجـــان)دا کـــە کۆتـــایی هـــات گەڕاینـــەوە ماڵـــەوە ڕاســـتەوخۆ خســـتمە ســـەر ڕێگـــا بینـــیم کورتەیـــەك لـــەژیانی خـــاڵم نیشـــان دەدات ئـــیتر زۆر دڵـــم تـــەنگ بـــوو ئـــەو ڕۆژە , بـــەڵام ئـــیتر لـــە خەیالەکـــەم دا بـــەخۆم هاتمـــەوەو کۆمـــەڵێك پیـــاوی بەتەمـــەن بـــەلام دا تێپـــەڕین و ســـڵاویکیان لـــە مـــن کـــرد هـــەموویان بـــە کەســـانی ڕۆشـــنبیر و نووســـەر دەچـــوون چـــوونکە مـــن دەمـــوو چـــاوی ئـــەو جۆرەکەســـانە دەناســـم بەتاییـــەتی هەڵســـوکەوتیان, ئـــیتر منـــیش بەوشـــوێنەدا ڕۆیشـــتم کەئـــەو پیاوانـــەی لـــێ هـــاتن بـــەڵام ئەوانەچـــوونە دەرەوە لـــە بارەگـــای حـــزب وابـــزانم کۆبوونـــەوەو شـــتی وایـــان هـــەبوو بـــەڵام د. کـــاوە محمـــود و کـــاك هیـــوا عومـــەریان تێـــدا نـــەبوو کـــە زۆر سەرســـامی ئـــەم دووکەســـایەتیەم لـــەبواری سیاســـەت و نووســـین دا, بەهـــەرحاڵ خـــۆم بەشـــوێنێك دا کـــرد و کۆمـــەڵێك بـــرادەر وەســـتابوون منـــیش ســـڵاوم لێیـــان کـــردو پێیـــان گـــوت: بێزەحمـــەت ئێـــرە مەکتـــەبی ڕاگەیاندنـــە, برادەرێـــك وەڵـــامی دایـــەوەو گـــوتی: بـــەڕێز ئێـــرە مەکتـــەبی سیاســـی حزبـــە , مەکتـــەبی ڕاگەیانـــدن لەتەنیشـــتمانەوەیە ئـــیتر بـــەمنی نیشـــان دا وتـــی ئەوەیـــە لـــە نهـــۆمی ســـێیەمە مامۆســـتا ســـەلام عومـــەر, منـــیش سووپاســـم کـــرد کەوتمـــە ڕێ بـــەرەو نێـــو مەکتـــەبی ڕاگەیانـــدن کاتێـــك چـــوومە ژوورەو چـــۆڵ بـــوو کـــش و مـــات کەشـــێکی ئـــارام و ڕۆشـــنبیرانە بـــوو لـــەناکاو شـــتێك بـــەناو مێشـــکم دا هـــات گـــوتم: ئەگـــەر هـــەموو ڕۆژێـــك لێـــرە بم بۆخـــۆم مـــن دەبمـــە نووســـەرێکی

گـــەورە چـــوونكە بەڕاســـتی كەشـــەكە زۆر خـــۆش و ئـــارام بـــوو دەنگـــی هـــیچ جە نجاڵیـــەك نـــەهات بـــەس نـــەمزانی كتێبخانـــەی لـــێ بـــوو یـــاخود لێـــی نـــەبوو,هێواش هێـــواش بـــەرەو نهـــۆمی ســـێیەم بـــەڕێ كـــەوتم بـــۆ دواجـــار گەیشـــتمە نهـــۆمی ســـێیەم بـــەڵام ئەوەنـــدە مانـــدووبووم وەكـــو ئـــەوە وابـــوو كـــە بەیانیەكـــەی زوو هەســـتاوم بـــۆ كرێكـــاری , نهـــۆمی ســـێیەم زۆر گـــەورەو بـــوو كۆمـــەڵێك ژووری لـــێ بـــوو هـــەر ژوورێـــك نـــاوێكی لەســـەر نوســـرابوو منـــیش خـــۆم بـــەژوورێك داكـــرد نووســـرابوو نووســـەران چـــوونكە گـــوتم ئێســـتا مامۆســـتا لـــەم ژووره بـــۆ خـــۆی دانیشـــتوە لـــە كەشـــێكی پـــڕ لـــە ئـــارامی دایـــە , ڕاســـتەوخۆ دەرگاكـــەم كـــردوەو كـــوڕێكی گـــە نجی قـــۆزم بـــە پێش چـــاو كـــەوت ئـــیتر دەمزانـــی مامۆســـتا پەیوەنـــدی بـــەم ژوورەوە نیـــە , ئـــەویش گـــوتی بـــەخێربێی فـــەرموو, منـــیش گـــوتم ســـوو پاس بەســـە بـــەدوای ژووری مامۆســـتا ســـەلام عومـــەر دەگـــەڕێم ئـــەو لێرەیـــە , ئـــەویش گـــوتی بـــەڵی ئـــەوەتا ژوورەكـــەی مـــنی بـــردە لای ژوورەكـــەی مامۆســـتاو لـــە دەرگاكـــەی كـــردەوە كـــوڕە قۆزەكـــە بـــە مامۆســـتای گـــوت, مامۆســـتا ســـەلام میوانـــت هـــاتوە بێتـــە ژوورەوە كاتێـــك چـــاوم بـــە مامۆســـتا ســـەلام كـــەوت بینـــیم لەســـەر قەنەفـــە بـــۆ خـــۆی دانیشـــتوە هەركـــە مـــنی بـــینی ڕاســـتەوخۆ گـــوتی: بـــەخێربێیت كـــاك ئەحمـــەد فـــەرموو وەرە ژوورەوە , منـــیش بەڕاســـتی تۆزێـــك شـــەرمم بـــۆ هـــات كـــەوا لەگـــەڵ كەســـایەتیەكی وەكـــو مامۆســـتا ســـەلام عومـــەر دابنیشـــم, ئـــیتر چـــوومە ژوورەوە دانیشـــتین بەیەكـــەوە دەســـتمان كـــرد بەقســـەو گفتگـــۆو هەنـــدێك ئامۆژگـــاری جـــوان و بەســـوود

لەلایەن مامۆستاوە وەرگرت و لە پاشان هەستایەوە پێی بەرەو لای مێزەکەی ڕۆیشت بۆ ئەوە دوو کتێبی جوانی ناسکی خۆی بۆ من بێنێت و بە دیاری پێشکەشم بکات , کتێبەکە دانەیەکیان ڕۆمان بوو بەناوی جن بۆ خۆیم دەبات, وە دانەکەی تریش ناوی دیوانێکی شعری جوانکیلە بوو بەناوی هێلانەیەك لە پەشمەك کە لە پێشتردا لە ڕێگای پی دی ئێف لەناو مۆبایلەکەمەوە هەموویم خوێندبوو کە جوانترین ڕۆژانی بۆمن تۆمارکرد ئەو دیوانەشعرە بەڵام ئەمجارەیان بەهەردوو شێوەکەی لەلامە کە بەکتێب و هەمیش بەنێو مۆبایلەکەم دا ,ئیتر بۆ کاتژمێر قسەو ئامۆژگاری بەڵام بۆ کۆتا جار ماڵئاوایم لە مامۆستا کرد و وێنەیەکمانیش پێکەوە چرکاندو, وە ڕاستەوخۆ گەڕامەوە بۆ کۆلێژ ئیتر .

هاوشێوەی کتێبەکانی ترم ئەم دووکتێبەی مامۆستاش لەنێو کتێبخانەکەم بەجوانی ڕیز کردو پاش هەفتەیەك لە تەواوبوونی خوێندنەوەی کتێبێکی دیکەم , لە پاشان دەستم بەخوێندنەی ڕۆمانی جن بۆ خۆیم دەبات کە ڕۆمانەکەی مامۆستا سەلام عومەر بوو لە 278 لاپەڕە پێك هاتبوو, هەڵبەتە ڕۆمانەکە جیاواز بوو لەو ڕۆمانانەی تر کە خوێندبوومەوە, چوونکە ڕۆمانەکەی مامۆستا ڕۆمانێك بوو دەربارەی ژیانی خۆی کە بەدرێژایی تەمەنی بەتایبەتی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و پێك هێنانی خێزان چەندین ئازار و ناخۆشی بینیوە بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە, بەڵام لەلایەکی تری

رۆمانەکـــــەی پـــــەیامی باوەڕبـــــەخۆبوون و چـــــۆك نـــــەدانی دەدا بەخوێنەران, بـــەڵام ئـــەوەی کـــە ســـەرنجی مـــنی لـــەنێو ئـــەو رۆمانـــە ڕاکێشـــا کۆتـایـــەکانی بـــوو چـــوونکە ژیـــانی لـــەنێوان دوو ئەســـتێرەی جیـــاواز بەســـترابوو, کـــە ئەســـتێرەیەك زۆر داد پـــەروەر و هـــیچ جـــۆرە جـــەنگ و جیـــاوازی ئـــاین و حـــزب و ڕەگـــەزی تێـــدا بـــەدی ناکرێـــت هـــەمووی زۆر ئاســـایی دەژیـــن, بـــەڵام ئەســـتێرەکەی تـــر ئـــەو ئەســـتێرەیە کەئێمـــە ئێســـتا تێـــداین پڕیـــەتی لـــە جـــە نجاڵی و جەنگ.

**ماڵپەڕی دەنگەکان,** 2020|3|13

گەشتی مەیدانی و سوودەکانی ...

گەشـــتی مەیـــدانی بریتیـــە لـــە گەشـــتێکی زانســـتی و ئەکادیمیانـــە کـــە تایبەتـــە بـــەو کەســـانەی هەڵدەســـتن بـــە کـــاری توێژینـــەوە یـــاخود ئـــەو خوێنـــدکار و کادیرانـــەی کـــە ســـەرەتا هاتونەتـــە نێـــو ناوەنـــدێکی ئـــەکادیمی و زانســـتیانە بـــۆ درێـــژەدان و خزمـــەتکردنی ئـــەو زانســـتە , هەڵبەتـــە ئـــەم گەشـــتەش بـــۆ ئـــەوە ئـــە نجام دەدرێـــت هـــەتاوەکو ئـــەو کـــادیرو خوێندکارانـــە بەشـــێوەیەکی فـــراوانتر ئاشـــنایەتیان لەگـــەڵ ئـــەو زانســـتە درووســـت بێـــت کـــە تێیـــدا دەخوێنن.

دیـــارترین ئـــەو بەشـــە یـــاخود ئـــەو ناوەنـــدە زانســـتیەی کـــە پێویســـتی بـــە گەشـــتێکی مەیـــدانی زۆر هەیـــە وە جیـــاوازتر لـــە ناوەنـــدەکانی دیکـــە ئـــەویش بریتیـــە لـــە ( ناوەنـــدی شـــوێنەوار ) کـــە ســـاڵانە بـــە چـــەندین کـــادیری تـــازە پێگەیشـــتوو لـــەم ناوەنـــدە زانســـتیە وەردەگیرێـــن بـــۆ ئـــەوەی لـــە داهـــاتوودا ببنـــە کـــادیرێکی باڵـــای شـــوێنەوارناس بـــۆ خزمـــەتی ناوچـــە شـــوێنەواری و کەلە پووریەکانی وڵاتەکەیان.

بـــەڵام ئـــەوەی کـــە جێگـــای نیگەرانیـــە ئەوەیـــە کـــە حکومـــەت لـــە هـــەموو ڕوویەکـــەوە گرنگـــی ئـــەوتۆی بـــە بەشـــی شـــوێنەوار و شوێنەوارناســـان نـــەداوە کـــە هەرچـــەندە لـــە چـــەند وتـــارێکی

پێشـــووترم ئامـــاژە م بـــە گرنگـــی نـــەدانی حکومـــەت کـــردوە لـــە بەرامبـــەر بـــە شـــوێنەوار و شوێنەوارناســـان, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هـــیچ جـــۆرە داهـــاتێکی دیـــاری کـــراو تـــەرخان ناکرێـــت بـــۆ ئـــەو کـــادیرو خوێنـــدکارە تازە پێگەیشـــتوانە کـــە ســـاڵانە ڕوو دەکەنـــە خوێنـــدنی زانســـتی شـــوێنەوار بـــۆ ئە نجامـــدانی گەشـــتی مەیـــدانی و زانســـتی بـــۆ ناوچـــە شـــوێنەواریەکانی کوردســـتان و دەرەوەی کوردســـتان , چـــوونکە خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا زانســـتی شـــوێنەوار واتـــە ئە نجامـــدانی زۆرتـــرین گەشـــتی مەیـــدانی بـــۆ ناوچـــە شـــوێنەواریەکان , ئەمـــەش بـــۆ زیـــاتر ئاشـــنابوونی ئـــەو خوێندکارانەیـــە بـــە فراوانـــی ئـــەو زانســـتەی کـــە تێیـــدا دەخـــوێنن, نـــەك تـــەنها خوێنـــدکار لـــە گۆشـــەیەکی ژووری داخـــراوی نێـــو ناوەندەکـــە زینـــدانی بکرێـــت و چـــەندین مەلزەمـــەی ژەهـــر خواردبکرێـــت, بەداخـــەوە لـــە پاش تـــەواوبوونی هـــەر چـــوار ســـاڵ خوێندنەکـــەی لـــەو ناوەنـــدە زانســـتیە کەچـــی ئـــەو خوێندکارانـــە تـــەنیا کاغـــەزێکی بەدەســـتەوەیە نوســـراوە تـــۆ بڕوانامـــەی بـــەکارلیۆس بـــە دەســـتهێناوە لـــەم ناوەنـــدە زانستیە کەچی ئاستی زانستیشی هیچ...

هەڵبەتـــە نوســـینی ئـــەم وتـــارە پەیوەنـــدی بـــەخودی خۆمـــەوەش هەیـــە چـــوونکە منـــیش لـــە ئێســـتادا لـــە ناوەنـــدێکی زانســـتی وەکـــو خوێندکار دەخوێنم کە ئەویش( شوێنەوارە ) .

لێـــرەدا لـــەم وتـــارەم دا شـــایەنی بـــاس و سوو پاســـە بـــۆ مامۆســـتای زۆر خۆشەویســـتمان کـــەهاوکاتیش یەکێکـــە لەهـــەرە مامۆســـتا بـــە

**ئەزموونـــەكانی نێـــو زانســـتی شـــوێنەوار لـــە كۆلێـــژی ئـــەدەبیاتی زانكـــۆی ســـەڵاحەدین ئـــەویش ڕێزدار( م.ســـازان ســـەباح پیرباڵ ) كـــە توانیویـــــەتی بـــــە ئەتـــــەكیێتیكی زۆر زانســـــتیانەو ڕۆشـــــنبیرانە خزمـــەتی زانســـتی شـــوێنەوار بكات,ئەگـــەر چـــی بـــەڕێزیان لـــە پاڵ خزمـــــەتی زانســـــتی شـــــوێنەوار , لەلایـــــەكی دیكـــــەوە وەكـــــو خـــە مخۆرێك بـــۆ خوێنكـــارانی بەشـــی شوێنەوارناســـی هەڵســـتا بـــە پێشكەشـــكردنی داوایـــەك بـــۆ ئە نجامـــدانی گەشـــتێكی زانســـتی بـــۆ ســـەر قـــەلاتی هـــەولێر بـــە هاوكـــاری دوو مامۆســـتای دیكـــەدا( م.زیاد ئەحمـــــەد |م. مەهـــــدی جـــــەلال ) لـــــە بـــــەرواری 2020|2|25 كـــــە ئەمـــەش بەیەكـــەم گەشـــتی زانســـتیمان دادەنرێـــت بـــۆ وەرگـــرتنی زانیـــاری بەشـــێوەیەكی ڕاســـتەو خـــۆ دەربـــارەی قـــەلات و مێژووەكـــەی , هەرچـــــەندە مێژوویەكـــــەی بەشـــــوێوەیەكی زۆر ڕوون دیـــــار نیـــــە بـــەڵام بـــە پێی ئـــەو نووســـینە مســـماریانە بێـــت كـــە دۆزراونەتـــەوە ئـامـــاژە بـــەوە دەكـــەن كـــە لەســـەردەمی شووســـین و ئـامارســـین واتـــە پـــــێش 3000 ســـــاڵ پ.ز نـــــاوی هـــــاتووە, لەگـــــەڵ ئەوەشـــــدا كـــۆنترین شـــارە كـــە ژیـــانی تێـــدا هـــەبووە, لەهـــەمان كاتیشـــدا هـــەتاوەكو ئێســـتا تاكـــە شـــوێنەوار ە لـــە كوردســـتان نـــاوی لـــە لیســـتی یۆنســـكۆ تۆمـــاركراوە كـــە ئەمـــەش جێگـــای بایـــەخ دانـــە بـــە مێـــژوو ولایـــەنی شارســـتانیەتی كـــورد, هەرچـــەندە بـــەهۆی ئـــەو داگیركـــــاری و ســـــەركوتكردنەی نـــــەیارانی كـــــورد ئەمـــــەش وای كـــوردوە كـــە لایـــەنی مێـــژوو و پاشمـــاوە شـــوێنەواریەكانی كـــورد بكەونـــە لێـــواری مەترســـیەوە , لەگـــەڵ ئەوەشـــدا حكومـــەت كـــەم**

**تەرخـــەمی خـــۆی لەلایـــەنی شـــوێنەواری نیشـــاندەدات بـــەڵکو بـــە پێچـــەوانەوە دەبێـــت حکومـــەت لـــە پاڵ ســـەرجەم پرۆژەکـــانی دیکـــەی پـــڕۆژەی ناوچـــە شـــوێنەواریەکان گرنگیـــەکی ئـــەوتۆتری پێ بدرێت .**

**ئەگـــەر چـــی لـــە میـــانی ئـــەو گەشـــتە زانســـتیە بەســـوودەمان کـــە بـــە سەرپەرشـــــتی بـــــەڕێز مامۆســـــتا ســـــازان ســـــەباح پیرباڵـــــەوە ڕێکخرابـــوو کـــە توانیمـــان لـــە نزیکـــەوە وەکـــو کـــادیرێکی تـــازە پێگەیشـــتووی بـــواری زانســـتی شـــوێنەوار , ئاشـــنایەتیەکی نزیـــك پەیـــدا بکـــەین لەگـــەڵ ســـەرجەم شـــوێنەکانی نێـــو قـــەلات, هەرچـــەندە بەشـــێك لـــە شـــوێنەکانی قـــەلات داخرابـــوون بەتاییـــەتی حەمامەکـــەی ئەمـــەش بـــەهۆی دووبـــارە دەســـتپێکردنەوە بـــە نۆژنکردنـــەوەی قـــەلات کـــە لەســـاڵی 2014 بـــەهۆی قـــەیرانی دارایـــی و ســـەرهەڵدانی جـــەنگی داعشـــەوە ڕاگیرابـــوون, چـــوونکە بەشـــێکی زۆری خانووەکـــانی نێـــو قـــەلات ڕووخـــاون وە هەنـــدێکی تریشـــیان مەترســـی ڕووخانیـــان لەســـەر دایـــە بۆیـــە دەبێـــت حکومـــەت دەســـتبەجێ بەشـــێوەیەکی فـــراوان دەســـت بکاتـــەوە بـــە نـــۆژەن کردنـــەوەیان وە دووبـــارە گەڕانـــەوەی ژیـــان بـــۆ ســـەر قـــەلات لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بکرێتـــە شـــوێنێکی گەشـــتیاری جـــوان و ڕازاوە بـــەهۆی ئـــەوەی قـــەلات دەکەوێتـــە نێـــو جەرگـــەی شـــاری هـــەولێر کـــە ئەمـــەش وا دەکـــات گەشـــتیارێکی زۆر ڕووی تێبکـــەن و لـــە هـــەمان کاتیشـــدا دەبێتـــە داهاتێـــك بـــۆ خەزێنـــەی حکومـــەت لـــە کـــەرتی گەشـــتیاری و لەگـــەڵ ئەوەشـــدا**

دەبێتــە دەرگايــەكی بــاش بــۆ كردنــەوەی دامەزارنــدنی خوێنكــارانی بەشی شوێنەوار .

بــەڵام لەگــەڵ ئــەو گەڕانــە بەردەواميــەمان بــە نێــو قــەلات دا , د يمــەنێكی زۆر ناشــرينی دواكەوتوانــەم كەوتــە پــێش چــاوم كــە ئــەويش بــريتی بــوو لــە نووســينی هەنــدێك وشــەی بێكــەڵك و ناشــرين بەســەر ديوارەكانــەوە كــە ئەمــەش وای كردبــوو ســيمايەكی ناشــرين پێشــكەش بكــات , هەرچــەندە لە پێشــتردا لــە ڕێگــای وتــارێكم لــە ڕۆژنامــەی خــەبات ژمــارە ( 5733 ) 21|4|2019 لــە ژێــر ناونيشــانی ( ئاســتی ڕۆشــنبيری تــاك لــە بەرامبــەر شــوێنەوار كەلــە پوور ) كــە تێيــدا ئامــاژەم بــە بــوونی ئــەو ديــاردە ناشــرينانە كــرد كــە لەســەر ديــواری ناوچــە شــوێنەواريەكان بوونيــان هەيــە, چــوونكە لــە ڕاســتيدا بەشــێكی تــاكی كــورد زۆر بــێ بەرپرســيارانە مامەڵــە دەكــەن لەگــەڵ ناوچــە شــوێنەواريەكانی خۆيــان دا بەتايبــەتيش ئــەو د يمەنــە ناشــرينەی ســەر قــەلات كــە بەچــاوەكانی خــۆم بينــيم , بۆيــە دەبێــت ئــەو جۆرەكەســانە كاتێــك بــەم كــارە هەڵدەســتن ڕاســتەوخۆ ياســا بــە برِێــك پــارە ســزايان بــدات بــۆ ئــەوەی جــارێكی دەســت بــۆ ناشــرينكردنی ناوچــە شوێنەواريەكان نەبەن.

ســەرنجێكی تــرم دەربــارەی گەشــتە مەيدانەكــەمان بــۆ ســەر قــەلات لــە بــەرواری 25|2|2020 ئەوەيــە كــە لــەلاين بەشــێكی خوێندكارەكانــەوە زۆر كــرچ و كــاڵی و بــێ بــەهايی پێــوە ديــاربوو

کــە زیــاتر خۆیــان خــەریکی گــرتنی وێنــەو ســنا پەوە بــوون کەچــی کەمتر گرنگی و تێبینیان لەسەر گەشتەکە هەبوو.

* ماڵپـــــــــــەڕی ڕێگـــــــــــای کوردســـــــــتان2|3|202

**سۆزی کچێك بۆ باوکە زیندانی کراوەکەی ...لەتابلۆیەکدا**



**دەربـــارەی ســـۆزداری  و خۆشەویســـتی مرۆڤـــەکان بـــۆ یـــەکتری مێژوویـــەکی زۆرکـــۆنی هەیـــە کـــە هاوکاتـــە لەگـــەڵ درووســـت بـــوونی مرۆڤایـــەتی لەســـەر ئـــەم گـــۆی زەویـــەدا , ئەگـــەر چـــی جاروبـــاریش ئـــەم پەیوەندییـــە ســـۆزداری و خۆشەویســـتیەی مرۆڤـــەکان دەگۆڕێـــت بـــۆ پەیوەنـــدەی ڕق و کینـــە کـــە دەرئە نجامەکەیشـــی زۆر ڕووداوی ناخۆشـــی لێدەکەوێتـــەوە  لـــەنێوان مرۆڤـــەکان ئەگـــەر چـــی لە پاشـــان پەشـــیمانی بـــەدوای ئـــەو مرۆڤـــە تووڕەیـــەدا دێـــت کـــە هەســـتاوە بـــەتووڕەیی و ڕەفتـــاری ناشـــرین  بـــۆ بەرامبەرەکـــەی بـــەڵام لـــەکۆتایی دا کارەکـــە لێـــك ترازانـــی لـــێ کەوتۆتـــەوە ,  بۆیـــە دەبێـــت بـــەردەوام مرۆڤـــەکان بەخۆشەویســـتی و ســـۆزدایەوە بـــۆ یـــەکتر بـــژین هەتاوەکـــە کۆتـــا چـــرکە ســـاتەکانی ژیانیـــان , چـــوونکە دەرئـــە نجامی خۆشەویســـتی نێـــوان مرۆڤـــەکان دەبێتـــە**

دڵخۆشـــی دڵــەکان و بەخشـــینی ئاســـوودەیی بەیـــەکتر و جـــوانکردنی سیمای کۆمەڵگا ... هتد

ئەگەرچـــی خۆشەویســـتی مـــرۆڤ پێـــك دێـــت لـــە دوو ڕەگـــەز کـــە ئـــەویش نێر( پیـــاو ) مێ( ئـــافرەت ) ئەمـــە بـــە واتـــای ئـــەو نایـــەت کـــە خۆشەویســـتی تـــەنیا لـــە گۆشـــەی دڵداریـــدا کـــۆ بکرێتـــەوە کـــە ئـــەویش لـــەنێوان ( کـــچ و کـــوڕدا )ڕوودەدات, نـــەخێر بـــەڵکو ســـنوری خۆشەویســـتی ســـنورێکی زۆر فراوانـــی لـــە ڕادەبـــەدەری هەیـــە کـــە هـــیچ پێوانەیـــەك ناتوانێـــت هـــەژماریان بکـــات هەرچـــەندە زۆر جـــاری وا هەیـــە دەبیـــنین مـــرۆڤ خۆشەویســـتی بـــۆ ئاژەڵێـــك درووســـت دەبێـــت کـــە ئـــەوەش شـــتێکی ئاســـاییە چـــوونکە ئـــەو مرۆڤـــە لـــەکۆتایی دا ســـۆزێکی لـــەو ئاژەڵـــەو بینیـــوە بۆیـــە هەســـتی ســـۆزداری بـــۆی درووســـت بـــووە کەچـــی جـــاری وا هەیـــە ســـۆزی ئاژەڵێـــك بـــۆ مرۆڤێـــك زۆر لـــەوە گـــەورەترە لـــە ســـۆزی مـــرۆڤ بـــۆ مرۆڤێکـــی دیکـــە, چـــوونکە مرۆڤـــی وا بـــوونی هەیـــە کـــە بـــەردەوام ئـــارەزووی ئـــەوە دەکـــات مرۆڤـــی بەرامبەرەکـــەی کەســـێکی ڕەزیـــل و ڕیســـواو کۆیلـــەی خـــۆی بێـــت یـــاخود بـــەردەوام هیـــوای ناخۆشـــی و دۆڕانـــی بـــۆ دەخوازێت لە ژیانی دا....

بـــەڵام دەربـــارەی ســـۆزی خۆشەویســـتی مرۆڤـــەکان بەشـــی زیـــاتری دەکەوێتـــە بـــەر ڕەگـــەزی مێ( ئـــافرەت ) کـــە بـــەردەوام خـــاوەن دڵێکـــی بەســـۆزە بـــۆ خۆشەویســـتی, ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەوەی ڕەگـــەزی مێ( ئـــافرەت ) دەبێتـــە پیرۆزتـــرین ڕەگـــەزکـــە ئـــەویش بـــوونی بـــە

دایــك , چـــوونكە كاتێــك ڕەگـــەزی مـــێ دەبێــت بـــە دایــك هەســت و ســـــۆزی خۆشەویســــــتی زیـــــاتر دەبێـــــت بـــــۆ بەرامبــــەرەكانی بەتایبــــەتیش بــــۆ منداڵـــەكانی كــــە ئامادەیــــە لــــە پێناویان دا هەموو شتێك بكات.

یـــەكێك لـــە نمونـــە جوانـــەكانی خۆشەویســـتی ڕەگـــەزی مـــێ كـــە پڕیـــەتی لـــە وەفـــاداری و قوربانیـــدان ئـــەویش لـــە تابلۆیەكـــدا بـــەدی دەكرێـــت كـــە لەلایـــەن هونەرمەنـــدی شـــێوەكار( ڕۆبنـــزە )وە كێشـــــراوە لەســـــاڵی 1630ز كـــــە ئێســـــتا ئـــــەو تابلۆیـــــە لـــــە مۆزەخانەی رایكس میوزایم لە ئەمستردام( هۆڵەندا )یە.

تابلۆكـــە وێنـــەی پیـــاوێكی پـــیری زینـــدانی كـــراوە لەگـــەڵ كچـــێك كـــە لـــە هـــەمان كاتـــدا كـــچ و بـــاوكن , دیمـــەنێك تێـــدا دەبیـــنین لـــەنێو ئـــەو تابلۆیـــەدا كـــە زۆر تووشـــی سەرســـوڕمانمان دەكـــات كـــە كچـــەكە مـــەمكی خـــۆی لەكراســـەكە دەردەكـــات وبەمەمكـــەكانی شـــیر دەدات بە باوكە پیرە زیندانی كراوەكەی.

كێشـــانی وێنـــەی ئـــەو تابلۆیـــە لـــە ڕووداوێكـــی ڕاســـتەقینەی مێـــژوویی وەرگـــیرا لـــە ڕۆمـــا , پیـــاوە پیرەكـــە نـــاوی ( ســـایمۆنە ) وە كچـــەكەش نـــاوی ( پیرۆیـــە ) ســـایمۆن ســـەركردەیەكی ســـەربازی ڕۆمایـــە كـــە لـــە جەنگێكـــدا شكســـت دەهێنێـــت لەبەرامبـــەر جێرمانـــەكان, ئـــیتر دەســـتبەجێ پاشـــای ڕۆمـــا بڕیـــاری زینـــدانی كـــردن بـــۆ ســـایمۆن دەردەكـــات بـــۆ هـــەتا هەتایـــە, وە پاشـــای ڕۆمـــا فـــەرمانی كردبـــوو كـــەهیچ جـــۆرە خـــواردنێكی پـــێ نـــەدرێت, بـــەڵام

تــــەنیا کچـــەکەی بـــۆی هەیـــە ســـەردانی بکـــات بەمـــەرجێك هـــیچ خـــواردنێکی پـــێ نـــەبێت, بـــەڵام لـــەکاتی لەســـەردانی کردنـــی پـــیرۆی کچـــی بـــۆ لای بـــاوکی ڕاســـتەوخۆ بـــە مەمکـــەکانی شـــیر دەدات بـــەباوکی ,کەئەمـــەش وای لەســـا یمۆن کـــرد بـــەهێزتر بێـــت,ئیتر ڕۆژێکیـــان پاشـــای ڕۆمـــا بـــەو کـــارەی کچـــەکەی ســـا یمۆن دەزانێـــت , هەربۆیـــە زوو بڕیـــاری ئـــازادکردنی ســـا یمۆن دەدات کـــە ئەمـــەش وەکـــو وەفایـــەك بـــۆ خۆشەویســـتی کچـــێك بـــۆ باوکەکـــەی کـــەبۆ دواجـــار ئـــەو تابلۆیـــە دەبێتـــە ســـیمبولێکی جـــوان بـــۆ خۆشەویســـتی و وەفاداری.

وێنـــەی تـابلۆکـــە دیمـــەنێکی پـــڕاو پـــڕ لـــە تراژیـــدی و خۆشەویســـتی بۆمـــان نیشـــاندەدات , وە لەهەمانکاتیشـــدا پەیامێکیشـــمان پـــێ دەدات کـــە دەڵێـــت: مرۆڤـــەکان ئەوکاتـــە جـــوانن کـــە هەســـت و ســـۆزی خۆشەویســـتیان بـــۆ یـــەکتری دەردەبـــڕن و دووردەکەونـــەوە لـــە هـــەموو جـــۆرە ڕق و کینەیـــەك, وەکـــو لـــە دیمـــەنی ئـــەو تابلۆیـــە بینیمـــان ئەوەیـــە کـــە خۆشەویســـتی کچـــێك بـــۆ باوکەکەیـــەتی کـــە لـــە کووچـــێکی زینـــدان دایـــە , هـــەرکاتێك خۆشەویســـتی لـــەنێوان مرۆڤـــەکان کۆتـــایی هـــات و گـــۆڕدرا بـــۆ ڕق و کینایـــەتی ئەوکاتـــە ئیتر دەبێت بڵێن مرۆڤایەتی کۆتایی هات.

لـــە تابلۆکـــەدا دیمـــەنێکی تـــر بـــەر چـــاومان دەکـــەوێت ئەوەیـــە کـــە ڕەگـــەزی مـــێ ( ئـــافرەت ) چـــەند ڕەگـــەزێکی بـــەوەفان کـــە توانیویانـــە هـــــەتاوەکو تـاڕادەیـــــەکی بەرچـــــاو ســـــۆز و خۆشەویســـــتی

بڵاوبکەنـــەوە , بـــەڵام ئـــەوەی کـــە جێگـــای داخـــە لەلایـــەن بەشـــێکی زۆری پیاوانـــــەوە خوێندنـــــەوەو تێڕوانینیـــــان بـــــۆ ئـــــافرەت لـــــە گۆشـــەیەکی جەســـتەدا کـــۆی دەکەنـــەوە واتـــە تـــەنیا بـــۆ ئـــارەزوو سێکســـیەکان لێیـــان دەڕوانـــن کەئەمـــەش بیرکردنەوەیـــەکی هەڵەیـــە کـــــە دەبێـــــت بە پێچـــــەوانەکەیەوە بـــــیر بکرێتـــــەوە لەبەرامبـــــەر ڕەگـــەزی مێ( ئـــافرەت ) چـــوونکە لـــەکۆتایی دا مـــرۆڤ لـــە دوو ڕەگـــەز پێـــك هـــاتووە ئـــیتر پێویســـت بـــەوە ناکـــات هـــیچ کـــام لـــە ڕەگـــەزەکان خـــۆی زاڵ بکـــات بەســـەر ڕەگـــەزێکی تـــر بـــەڵکو دەبێـــت هـــەردووکیان لـــە یـــەك ئاســـتدا بـــن و شـــان بەشـــانی یـــەکتر لەســـەر ئـــەم گـــۆی زەیـــەدا درێـــــژە بـــــەژیان بـــــدەن و ســـــۆز و خۆشەویســـــتی بڵابکەنـــــەوە بـــــۆ یەکتری...

ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان, 18|3|2020

## رێکخستنی کاتەکانی ژیا نمان

کات, بەسامانێکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکان دادەنرێت, کە لە رێگای کاتەوە مرۆڤ دەتوانێت کارەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی ئەنجام بدات بە پێی ئەو کاتەی کە بۆی دیاری کراوە, دووبارە ئەوە کاتە کە دەبێتە هۆکارێک بۆ وەستانی ژیانی مرۆڤەکان واتە ئیتر هەر مرۆڤێك لە کاتێکی نادیار ژیانی کۆتایی پێ دێت و ماڵئاوایی دەکات بۆ هەتا هەتایە کە چیتر پێویستی بە کات نیە بۆ ژیانی, بەشێوەیەکی تر دەتوانم بڵێم هەر مرۆڤێك کاتێك چاوی بە دونیا دەکاتەوە دەبێتە خاوەن کاتێکی تایبەت و دیاری کراو بەخۆیەوە هەتا ئەو رۆژەی هەناسە دەدات لەژیانی دا , بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگە بریتیە لە ریکخستنی ئەو کاتانەمان کە هەر رۆژێك بەخۆرایی پێمان دەدرێت بەڵام ئێمە دەبێت وەکو گە نجینەیەك بۆخۆمان سەیری بکەین هەتاوەکو بتوانین بەشێوەیەکی ئارام و تەندرووستانە ژیا نمان بەرێ بکەین, هەر رۆژێکی مرۆڤەکان بریتیە لە بیست و چوار کاتژمێری تەواو کە لە پاشان ئەو ژمارەیە جارێکی تر بۆ مرۆڤەکان نوێ دەکرێتەوە , بەڵام زۆر جاریش هەیە بۆ کەسێك یاخود چەند کەسێك نوێ ناکرێتەوە ئەو بیست و چوار کاتژمێرە چوونکە ئیتر ئەو کەسە تەمەنی رێگای پێ نەدا کە دووبارە بیست و چوار کاتژمێری دیکەی پێ

بدرێتەوە لە ژیانی دا , لێرەدا دەتوانین بڵێین کات بەشێکی گرنگە بۆ بەڕێکردنی تەمەنی مرۆڤەکان , کەلەیەکەمین رۆژی لە دایك بوونیەوە هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کۆتایی پێ دێت.

ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی کە بۆمان دیاری کراوە لە ژیانی رۆژانەمان , دەبێت خشتەیەکی زۆر رێك و پێکی بۆ دابنێین , هەتاوەکو بتوانین سەرجەم کار و پێداویستی و خۆشیەکا نمانی پێ ئەنجام بدەین , ئەگەرنا بە پێچەوانەکەیەوە هیچ خشتەیەکمان نەبێت بۆ ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی ژیانی خۆمان ئەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین سوودێکی ئەوتۆ لە ژیانی خۆمان دا ببینین , تەنیا ئەو کاتە بە فیڕۆ دەدەین و هیچی تر ..., کە ڕەنگە تۆ ئەمڕۆ ئەو بیست و چوار کاتژمێرەت بۆ نوێ کرایەوە بەڵام لەوانەیە بۆ بەیانیەکەی تۆ بێ بەش بکرێیت لە رۆژێکی نوێتردا , بۆیە هەوڵبدە کە هەرۆژێکت بۆ نوێ کرایەوە ئەوە بەهەلێکی زێرین بۆخۆت بیقۆسەوەو باشترین کارو چالاکی تێدا ئەنجام بدە کە سوودی بۆخۆت و دەورووبەرەکەت هەبێت.

ماڵپەری ڕێگای کوردستان,16|4|2020

**خوێندنەوەی یەکەم ڕۆمانی فەرهاد پیرباڵ و شتی تریش...**

**بەرواری 26|2|2020 بوو کەهاوکات کۆتا ڕۆژی دەوامی کۆلێژم بوو ئەمەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆیە هەفتەیەك زووتر بڕیاری پشوویان دا, بۆیە منیش بڕیارم دا کە ئەم یەك مانگەی پشوو لە ماڵەوەم بۆ خۆم بەهەلێکی گرنگ بیقۆسمەوە کە بەشتی بەسوود و گرنگ بەڕێی بکەم چوونکە لە بنەڕەتدا قوتابیانی زانکۆ لە کاتی پشووەکاندا دەبێت بەشێکی کاتەکانیان بۆ خۆیان بەشتی بەسوود و گرنگ بەسەر ببەن بەتایبەتیش کاتێك تەرخان بکرێت بۆ خوێندنەوەی کتێب, نەك زۆربەی کاتەکان خۆت بەشتی بێ کەڵك زیانبەخش بەسەر ببەیت, هەربۆیە بڕیارم دا لە کۆلێژەوە بکەومە ڕێ بۆ بازاڕ بۆ کڕینی کتێب لە خانەی ئاشتی , وە بڕیارم دا ڕۆمانێکی فەرهاد پیرباڵ بکڕم ئەویش بەناوی ( مولازم تەحسین و شتی تر... ) کە چاپی سێیەم بوو بەڵام ساڵەکەی ڕوون نەبوو بەس ئەوەی من بزانم لە 2001 چاپ کرابوو , ئیتر بەهەر حاڵ ئەوە بۆ من بووە یەکەم ڕۆمانی فەرهاد پیرباڵ کە بیکڕم , بەڵام لە پێشتردا لە ساڵی 2019 لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب یەك کتێبی فەرهاد پیرباڵم کڕی بە ناونیشانی( ئەوکتێبانەی ژیانیان گۆڕیم ) کە لە کۆمەڵێك وتاری ئەدەبی پێك هاتبوو , وتارەکان زۆر جوان و**

بــە پیَز بــوون بۆیــە ئــیتر حــەزم چــووە خویَندنــەوەی کتیَبــەکانی فــەرهاد پیرباڵ بۆیــە ئــەم جارەیــان بریــارم دا یەکــەم ڕۆمــانی ئــەو بخویَنمــەوە کــە هەرچــەندە چــەندین ڕۆمــانی دیکــەی هەیــە , کــە لەفرسەتیَکدا هەوڵبدەم ئەوانی تریش بخویَنمەوە.

خــودی ( د.فــەرهاد پیرپــاڵ ) بەلامــەوە گــرنگ نیــە کــە ســەر بــە چ هیَزیَــك و چ لایەنیَکــە ئــەوەی بــەلای منــەوە گرنگــە ئەوەیــە کــە نووســەریَکی کــوردە و هیچــی تــر... ,بــەلاَم بەداخــەوە دەبیــنین بــەردەوام ڕووبــەڕووی دژایــەتی کــردن و ســەرکوتکردن دەبیَتــەوە , ئەمــەش ئــەوە بۆمــان دەردەخــات کوردســتان لــەژیَر هــەژمونی دیکتــاتۆری دواکــەوتن دایــە لەســایەی ئــەم حکومەتــەوە , چــوونکە ئــازاردانی کەســیَکی وەکــو فــەرهاد و نمونــەکانی چــەندین پرســیار و بۆشــایی بــەدوای خــۆی بــەجیَ دەهیَلیَتــەوە, بۆیــە فــەرهاد پیرپــاڵ بەشــیَکە لــەو نموونــەی جوانــەی کوردســتان و شــاری هــەولیَر کــە دەبیَــت بــە هەمولایەکــەوە ڕیَــزی لیَبگــرین, هــەموو جاریَــك باســی ئــەوە دەکریَــت کــە وڵاتــانی تــر کەســانی وەکــو ئــەفلاتۆن و ئەرســتۆ و هیَگــل و ئــەلبیَرت کامۆیــان هەیــە لەگــەل ٚ چــەندین کەســانی تــر... کەچــی دەگوتریَــت کــورد هــیچ کەســیَکی هاوشــیَوەی ئــەوانی نیــە , نــەخیَر بە پیَچــەوانە کــوردیش بــە چــەندین کەســی جــوان و ئەزموونــداری هەیــە لــەبوارە جیاوازەکــان دا, دیارترینیــانیش فــەرهاد پیرپاڵــە کــە وەکــو ســیمبولیَك وایــە بــۆ گــەلی کــورد بــە نووســینە جوانــەکانی توانیویــەتی خزمــەتیَکی بەرچــاوی گەلەکــەی بکــات, یــاخود لــە پاڵ ئەمانــەوە بەداخــەوە هەنــدیَ

تـــاکی کـــوردی نـــەفام هەیـــە کـــە بـــە فـــەرهاد پربـــاڵ بەکەسـیێکی شـیێت لـــە قەلـــەم دەدەن کـــە ئەمـــە خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا هەرکەسـیێك ئـــەم وشـــەیەی لـــە دەمیـــەوە بێتـــە دەرەوە لـــە بەرامبـــەر د.فـــەرهاد ئەوە سەرەتا خۆی کەسێکی نەخۆش و شێت و دواکەوتووە.

ڕۆمـــانی مـــولازم تەحســـین و شـــتی تـــر... بـــاس لـــە ڕووداوەکـــان و نەهامەتیـــەکانی گـــەلی کـــورد دەکـــات بەدەســـتی ڕژێمـــی بەعســـەوە , ئەگـــەر چـــی ناوەکـــەی گـــۆڕدراوە بـــۆ مـــولازم تەحسـین بـــەڵام خـــۆی لـــە ڕاســـتیدا لـــە ســـەردەمی بـــەعس لەشـــاری ســـلێمانی کەســـایەتیەکی دیـــاری بەعســـی هـــەبوو کـــە خـــەڵکی زۆر لێـــی دەترســـان وە پیـــاوێکی زۆر مەترســـیدار بـــوو نـــاوی مـــولازم موحســـین بـــوو بـــەڵام لـــە ڕۆمانەکـــەی فـــەرهاد پیرپـــاڵ ئامـــاژە بـــەناوێکی تـــر دەکـــات کـــە لەبنەڕەتـــدا هـــەر ئەوکاســـایەتیە بـــەڵام ناوەکـــەی گـــۆڕدراوە, وە لەهـــەمان کاتیشـــدا دوو کارەکتـــەری ســـەرەکی تـــریش لـــەنێو ڕۆمانەکـــەدا بـــوونی هەیـــە ئـــەویش بـــەناوی جـــوامێر و ئەختـــەر, کـــە جـــوامێر بەڕێوبـــەری کشـــتوکاڵی ســـلێمانیە بـــەڵام لە پاشـــان بـــەرەو شـــاخ دەڕوات پـــێش ئـــەوەی بـــڕوات بـــۆ شـــاخ ئەختـــەر خۆشەویســـتەکەی دەکاتـــە (ژن) و دواتـــر بـــەجێی دەهێڵێـــت کـــە لـــەم نێوەنـــدەدا ئەختـــەر دەبێتـــە قوربـــانی جـــوامێر و مـــولازم تەحســـین و چـــالاکیەکانی حـــزب لەشـــاخ کـــە دواتـــریش ســـەرکردایەتی شـــاخ ئەختـــەر دەکەنـــە بەرپرســـی ڕێکخســـتنەکانی شـــار بـــۆ ئـــەوەی ڕاپۆرتیـــان بـــۆ بنوســـێت و ڕەوانـــەی شـــاخی بکـــات, چـــەند جارێـــك جـــوامێر بـــەڵێنی پێـــدەدات بیخوازێـــت بـــەڵام دەڵێـــت

سـەرکردایەتی حـزب ڕازی نـین جـاری، چـوونکە ئەختـەر لـەناو سلێمانی ببـوە بـە بنێشـتە خۆشـەی دەمـی خـەڵك کـە بـە قەحپـە ناویـان دەبـرد کـە بـەردەوام دەیـان گـوت: ئـەم کچـە جوانـە جارێـك لـە باوەشـی جـوامێرەو جـارێکیش لەباوەشـی مـولازم تەحسـینە بـەخوا بەجوانیەکـەی دڵـی هـەردوکیان بـۆ خـۆی بـردوە ئـیتر لەگەڵ چەندان قسەو قسەلۆکی دیکە.

ئەگـەر چـی بـۆ دواجـار سـەرکردایەتی شـاخ بڕیـاردەدەن کـە مـولازم تەحسـین لـە بۆسـەیکدا بگـرن بیبەنـە شـاخ ئەمـەش لـە ڕێگـای جـوامێر و ئەختـەرەوە ئـەم کـارە دەبێـت ئـە نجام بـدرێت بـەڵام جـوامێر لەلایـەن مـولازم تەحسـینەوە سـەری لەلاشـەی لێدەکرێتـەوەو , لە پاشـانیش کـە مـولازم تەحسـین کـاری بـە ئەختـەر تـەواو دەبێـت بـە پاسـەوانەکانی دەڵێـت ئـەم قەحپەیـەش لێـرە دووربخەنـەوە, چـوونکە مـولازم تەحسـین ئەختـەری وا هەڵخەلەتانـدبوو کـە گوایـە دەیـەوێت هاوسـەرگیری لەگـەڵ دا بکـات بـەڵام تـەنها بـۆ ئـەوە بـوو کـە کارەکـەی خـۆی پـێ ئـە نجام بدات و لە پاشانیس ئەختەریش لەناو ببات.....

لـە دیـوێکی نێـو ڕۆمانەکـە بەشـێك لـە ئازارەکـانی گـەلی کـورد بۆمـان دەخاتـە ڕوو کـە چـەند ڕۆژگـارێکی ناخۆشـیان تێپەڕانـدوە لەگـەڵ دەسـەڵاتی دیکتـاتۆری بـەعس, وەهـەروەها بـەردەوام هـەوڵی سـەرکوتکردنی شـۆڕش و خـەباتی کوردانیـان دەدا لـە پێنـاو سـەربەخۆیان , ئەگەرچـی خـوێنی دەیـان ڕۆڵـەی کـورد

**بـــەکچ و کـــوڕو پیـــاو و ژنـــەوە بوونـــە قووربـــانی بـــەڵام بـــۆ دواجـــار بەعس کەوتە مێژووی ڕەشەوە.**

***ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان** 2020|3|9

**دامەزراندنی ئابووریەکی هەمەجۆر و سوودەکانی...**

**هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو بەردەوام بیر لە گەورەکردن و فراوانبوونی ئابووریەکەی خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت وڵاتێکی پێشکەوتوو پێی دا بمەزرێنێت , ئەمەش لە ڕێگای دامەزراندن و فرانکردنی چەندین کەرتی ئابووری جۆراوجۆرەوە , وە هەروەها لە دەرئە نجامی ئابووریەکی بەهێز وڵات هەرگیز ناکەوێتە گێژاو قەیرانی ئابووریەوە...**

**ئەگەر چی جارێکی تر لە 9 ی مارسی 2020 دووبارە نەوت ڕووی لەدابەزین کرد هەرچەندە ئەمە یەکەم جار نیە قومارچیەکانی نەوت یاری بە نەوت دەکەن لە پێناو قازانجی خۆیان دا , ئەم دابەزینەی نەوت هاوکاتە لەگەڵ بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا ,هەرچەندە لە ئێستادا جیهان سەرقاڵە بە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ,کەچی لەلایەکی ترەوە کێشەی دابەزینی نەوتیش کەوتە پاڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا , کە دەرئە نجامەکەی هەردووکیان بە زیان و مەترسی هاوڵاتیانی هەژار دەشکێتەوە.**

**ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە ژێر هەڕەشەی دابەزینی نرخی نەوت بریتیە لە وڵاتە دواکەوتوەکان و بێ پلانەکان, چوونکە**

ئـەو وڵـاتـانــە هــیچ پلانێکــی ئــابووری تۆکمــەیان نیــە تــەنها پشــتی خۆیــان بــە نــەوت بــەهێز کــردوە لەگــەڵ ئەوەشــدا هــیچ جــۆرە سەرچــاوەیەکی تــری ئابووریــان نیــە لــەکاتی دابــەزینی نرخــی نەوتــدا بــۆ ئــەوەی بتــوانن زاڵ بــوونی خۆیــان بەســەر دابــەزینی نرخــی نەوتــدا ڕابگــەینن و تووشــی دارمــان و ئیفلیجــی ئــابووری نەبنــەوە, لــە نێویشــیاندا عێــراق کــە هاوکــاتیش هــەرێمی کوردستانیشــی لەگــەڵ دەگرێتــەوە لــە نــەبوونی ئــەو ئابووریــە هەمــەجۆرو تۆکمــەدا , کــە ئەمــەش وا دەکــات دووبــارە هەڕەشــەی قــەیرانی ئــابووری ڕوو لــە عێــراق و کوردســتان بکــات , ئەگەرچــی خــۆی عێــراق لــە بنەڕەتــدا تووشــی نغــرۆ بــوون هــاتووە لــەنێو چــەندین قــەیرانی ئــابووری و سیاســی و کەچــی لــە ئێســتادا دابــەزینی نرخــی نــەوت وای لــێ دەکــات دوو ئەوەنــدەی دیکــە نغرۆبێــت, ئەگــەر بێــت و هــیچ پلانێکــی تۆکمــە دانەڕێــژێت بــۆ ئــەو قەیرانــە سیاســی و ئابووریــەی کــە ئــەمڕۆ لەشــەقامی عێراقــی دا بوونی هەیە.

هــــەرکاتێك نــــاوی عێــــراق دەهێنرێــــت پێویســــتە هــــەرێمی کوردستانیشــی لەگــەڵ دا بێــت چــوونکە هــیچ جیاوازیــەکی نیــە لــەو قەیرانــە ئــابووری و سیاســیەی لــە عێــراق هەیــە لــە هــەمان کاتیشــدا لــە هــەرێمی کوردســتانیش بــوونی هەیە,چــوونکە لەســاڵانی ڕابــردوو لــە2014 بــەو لاوە بینیمــان هــەرێمی کوردســتان کەوتــە نێــو چــەندین قــەیرانی جــۆراو جــۆرەوە کــە لــەکۆتایی دا تــەنیا هاوڵاتیــان باجەکــەیان دا ئــەوەش بــەهۆی

دابــەزینی نرخــی نــەوت بــوو دووبــارە, کەچــی ئێســتاش دووبــارە هــەمان یــاری دووبــارە بۆتــەوە کــە نرخــی نــەوت بــەرەو دابــەزین دەڕوات, بــەڵام ئــەوەی کــە جێگــای داخــە لــە مــاوەی ئــەم چــەندین ســاڵەدا نــەتوانراوە بــیر لــە پــرۆژەی ئــابووری هەمــە جــۆر بکرێتــەوە لــە هــەرێمی کوردســتان بــۆ ئــەوەی لــەکاتی دابــەزینی نرخــی نــەوت هــیچ کێشــە و نیگەرانیــەکمان بــۆ درووســت نــەبێت , کەچــی بــەهۆی بــێ پلانیــەوە تــەنیا پشــتمان بــە ئابووریــەك بەســتوە کــە بــەردەوام هەڕەشــەی دابــەزین وکۆتــایی هــاتنی لەسەرە ئەویش ئابووری ( نەوتە ).

ســوودی ئــابووری هەمــەجۆر بــۆ وڵــات لــە چــەندین لایەنــەوە ســوودی خــۆی هەیــە دیــارترین ســوودی ئەوەیــە کــە ئــابووری وڵــات تۆکمــە دەکــات و هــیچ کــاتێکیش وڵــات تووشــی ئیفلــیج و هەڕەشــەی ئــابووری نابێتــەوە چــوونکە لەبنچــینەدا ئــابووری وڵــاتی پێشــکەوتوو بڕبــڕەی پشــتی خــۆی لەســەر چــەندین کــەرتی ئــابووری بنیــاد نــاوە نــەك تــەنیا لەســەر یــەك ئــابووری ڕەش( نــەوت ), هــەرێمی کوردســتان بەیــەکێك لــە وناوچــە بە پیتانــە دادەنرێــت کــە زۆر دۆڵەمەنــدە لــە ڕووی چــەندین سەرچــاوەی ئابووریــەوە بــۆ نموونــە( کشــتوکاڵ و پیشەســازی و گەشــت و گــوزار )...هتــد کەچــی هــەموویان پشــتگوێ خــراون, تــەنیا لــەکاتی قەیرانــەکان بــیری درووســکردنی ئــابووری هەمەجۆرمان بەمێشکمان دا دێت.

**نـــــەوت وەكـــــو هـــــەنگوین وايـــــە بـــــۆ بازرگـــــان و سياســـــە تمەدارەكان بەڵام بۆ هەژارەكان وەكو ژەهری كووشندەيە.**

**ماڵپەڕی خەندان،** 2020|3|11

**عێراق لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە...**

**لـــە ســـاڵی 2003 دا وێســـتیەگی ڕەشـــی سیاســـەتی عێـــراق کۆتـــایی هـــات کـــە ئـــەویش بـــە کۆتـــایی هـــاتنی ڕژێمـــە دیکتاتۆرەکـــەی بـــەعس بـــوو, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــیتر گـــەلی عێـــراق وا ئومێـــدیان خواســـت کـــە عێـــراق بـــەرەو وێســـتیەگەیەکی سیاســـی ســـپی و ڕوونـــاك هـــەنگاو دەنێـــت کەچـــی ئومێدەکـــەیان پێچـــەوانە بـــوو بـــەهۆی ئـــــەوەی عێـــــراق کەوتـــــە لێـــــواری وێســـــتگەیەکی ڕەشـــــتری حوکمداریـــەتی شـــیعەکانەوە , کـــە ســـەردەمانێك لەلایـــەن ڕژێمـــی بەعســـەوە چەوســـێنرابوونەوە بـــەڵام ســـەردەم پێچـــەوانەوە بـــووە ئێســـتا ئـــەوان تـــەواوی خـــەڵکی عێـــراق دەچەوســـێننەوە بـــەهۆی ئـــەو ململانـــێ و گەندەڵیانـــەی کـــە لـــەنێو گۆڕپـــانی عێـــراق درووســـتیان کـــردوە ,چـــوونکە ئـــەم حکومەتـــەی کـــە پێـــی دەگوترێـــت حکومـــەتی شـــیعە دەوڵـــەتیان لـــە یـــەك ڕیزیـــەوە گۆڕیـــوە بـــۆ میلیشـــیا و گـــرووپ, کـــە هـــەرجارێك گوێبیســـتی میلیشـــیاو گرووپێکـــی جیـــاواز دەبینـــەوە کەئـــەم گرووپانـــە وای لـــە عێـــراق کـــردوە بـــەردەوام لـــە گەرمـــەی ململانێـــدا بێـــت, وە هـــەروەها لەهـــەمان کاتیشـــدا بـــووە هـــەلێکی گـــەورە بـــۆ ئێـــران کـــە تـــەواوی هەژموونـــەکانی خـــۆی لـــە عێـــراق بســـە پێنێت و تـــەواوی پرســـەکانی وڵاتەکـــەی لـــە ڕێگـــای ئـــەو میلیشـــیا وگرووپانـــەی کـــە لـــەنێو عێـــراق هـــەن چارەســـەر بکـــات و وە لەهـــەمان کاتیشـــدا لـــە عێراقـــەوە**

دەیـــەوێت پەیامـــەکانی خـــۆی بـــۆ ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت و تـــەواوی جیهـــان بگەیـــەنێت کـــە خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا بەشـــێکی ئـــەو گرووپانـــە بەرپرســـەکانیان لـــە ئێرانـــەوە فـــەرمان وەردەگـــرن, بـــە شـــێوەیەکی ڕوونـــتر ئەوەیـــە کـــە ئێـــران دەیـــەوێت هـــەموو هێـــزی خـــۆی بخاتـــە گـــەڕ بـــۆ لاوزکردنـــی ئەمریکایـــە لـــە نێـــو ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا بـــە پێچەوانەشـــەوە ئـــەمریکا هـــەمان سیاســـەتی هەیـــە کـــە دەیـــەوێت دەســـتی ئێـــران لـــە نێـــو ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا ســـنووردار بکـــات , لـــە گـــەڵ ئەوەشـــدا لـــەم نێوەنـــدە عێـــراق بۆتـــە یاریگایـــەك بـــۆ یاریزانـــەکانی ئێـــران و ئـــەمریکا , کـــە هەرچـــەندە لـــە کۆتاییـــەکانی ســـاڵی 2019 وە کـــە لـــە ســـەرەتای مـــانگی ئۆکتۆبـــەرەوە دەنگێکـــی ناڕەزایـــەتی گـــەورە لـــە عێـــراق بەرزکرایـــەوە دژی ئـــەم حکومەتـــە شـــیعەیە بـــەڵام لەســـەرەتادا خۆپیشـــاندانەکان بەشـــێوەیەکی ئاســـایی لـــە قەلـــەم دەدران کـــە دەگـــوترا ڕەنگـــە هەفتەیـــەك یـــان دووهەفتـــە بخایـــەنێت و لـــە پاشـــان خۆپیشـــاندانەکە کۆتاییـــان پـــێ دەهێنرێـــت, بـــەهۆی ئـــەوەی لـــە ســـاڵانی ڕابـــردوو چـــەندین خۆپیشـــاندان لـــە عێـــراق ڕوویـــان دابـــوو بـــەڵام هـــەرزوو کۆتـــایی پـــێ هـــات, بـــەڵام ئـــەوەی ئـــەم جـــارە بـــەهۆی تـــووڕەیی چـــەندین ســـاڵەی گـــەلی عێراقـــەوە لـــە دەســـتی ئـــەم حکومەتـــە میلیشـــیایەوە کـــە بـــووە هـــۆی ئـــەوەی کـــە خـــۆی لـــە زیـــاتر لـــە ســـێ مـــانگ بـــدات, جگـــە لـــەوەی کـــە بەچـــەندین کووشـــتن و برینـــداری لێکەوتـــەوە بـــەڵام نـــەبووە هـــۆی کۆتـــایی پـــێ هاتنی خۆپیشاندانەکەیان.

لەگـــەڵ بـــەردەوامی خۆپیشـــاندانەکانیان کەچـــی لـــە کۆتـــا ڕۆژی ســـاڵی 2019 کـــە گرووپێـــك لـــە حەشـــدی شـــەعبی لەگـــەڵ چـــەندین بەرپرســـی نێـــو حەشـــدەکەش لەگـــەڵیان دابـــوون کـــە هێرشـــیان کـــردە ســـەر کونســـڵخانەی ئـــەمریکا لـــە بەغـــداد و زیـــانێکی مـــادی بـــەر کونســـڵخانەکەیان گەیانـــد , هـــەروەها ئـــەو هێرشـــەی ســـەر کونســـڵخانەکە لەگـــەڵ ئـــەوە هـــات کـــە ئـــەمریکا و ئێـــران و دووبـــارە دەســـتیان کـــردەوە بـــە بۆردومـــانکردنی بارەگـــاو بنکـــە ســـەربازیەکانی یـــەکترەوە بـــەڵام ئـــەم ڕووداوانـــە کاریگـــەری لەســـــەر خۆپیشـــــاندەرانی درووســـــت نـــــەکرد و خۆپیشـــــاندەران بەردەوام بوون لە خۆپیشاندانەکانی خۆیان.

بـــەڵام لـــە بێـــدەنگی چـــەند ڕۆژەی ئـــەمریکا بۆســـەر کونســـڵخانەکەی لـــە عێـــراق کـــە بەگـــەورەترین کونســـلخانە هـــەژمار دەکرێـــت لـــە جیهـــان دا بـــەڵام بـــۆ دواجـــار لـــە درەنگـــانی شـــەوی هـــەینی بـــەرواری 3|1| 2020 ئـــــەمریکا بێدەنگیەکـــــەی شـــــکاند و لـــــە ڕێگـــــای فرۆکەیـــەکی بـــێ فرۆکەوانـــەوە لـــە نزیـــك فڕۆکەخانـــەی عێراقـــدا موشـــەکێکی فڕێـــدا خـــوارەوە کـــە لـــە ئەنجامـــدا قاســـم ســـولەیمانی فەرمانـــدەی ســـووپای پاســـدارانی ئێـــران وە هاوکـــاتیش ئـــەبو مەهـــدی موهەنـــدیس کـــە بـــە کەســـایەتیەکی دیـــاری نێـــو حەشـــدی شـــەعبی دادەنرێـــت لـــە عێـــراق لەگـــەڵ چـــەندین فەرمانـــدەی دیکـــەدا کووژران, بـــەڵام ئـــەوەی کـــە جێگـــای تێبـــینی بێـــت ئەوەیـــە کـــە ســـەرۆکی ئـــەمریکا دۆناڵـــد ترەمـــپ لـــە شـــەوی ســـەری ســـاڵدا لـــە فلۆریـــدیا ڕای گەیانـــد کـــە ئـــەم ســـاڵ پێشـــبینی جـــەنگ لەگـــەڵ

ئێــــران ناکـــەن کەچـــی لـــە پـــاش دوو ڕۆژ کەســـایەتیەکی گـــەورەی ئێرانـــی کـــە لـــە هـــەمان کاتیشـــدا بـــە ئەنـــدازیاری ڕابـــەری کۆمـــاری ئیســـــلامی ئێـــــران دادەنــــرا لــــە نێــــو ڕۆژهــــەڵاتی ناوەڕاســــت و بەتاییـــەتی لـــە عێـــراق کـــە تـــەواوی بەرپرســـە باڵـــا شـــیعەکانی عێـــراق ملکەچـــی خۆیـــان بـــۆ بڕیارەکـــانی قاســـم ســـولە یمانی نیشـــان دەدا , هەربۆیـــە بـــە کووشـــتنی قاســـم ســـولە یمانی دەتـــوانم بڵـــێم لـــە ئێســـتاوە زەنگـــی جەنگـــە خوێناویەکـــە لێـــدرا لـــە نێـــوان ( ئـــەمریکا و ئێـــران ) بـــەڵام ئـــەوەی کـــە نادیـــارە بریتیـــە لـــە دەســـتپێکردنی جەنگەکـــەو کۆتـــایی پێهـــاتنی جەنگەکـــە , بـــەڵام ئومێـــدی ئـــەوە دەخـــوازم کـــە نەدەســـتپێکی هـــەبێت و نـــە کۆتاییشـــی هـــەبێت چـــوونکە دەرئە نجامەکـــەی لـــە قـــازا نجی هـــیچ لایـــەك دانیـــە بـــەڵکو خـــەڵك لـــەم نێوەنـــدەدا دەبێتـــە قوربـــانی , بۆیـــە باشـــترین ڕێگـــا بریتیـــە لـــە گفتگـــۆ و دیـــالۆگی دیبلۆماســـیانە لـــەنێوان هەردولا نەك بە جەنگ و کووشتاری...

**ماڵپەری خەندان** 2020|1|3

## مرۆڤايەتی لەبەردەم جەنگی كۆرۆنا

بە درێژايی درووست بوونی ئەم گەردوونەوە كە هاوكات لەگەڵيشيدا مرۆڤ تێيدا باڵا دەست بووە لەم گەردوونە زەبەلاحە , كەچی بەردەوام جەنگ و ئاڵۆزی و خوێن ڕشتن و مردنيشی تێدا ڕووی داوە لەنێوان مرۆڤەكاندا بە ڕێگای چەندين ئامراز و چەكی جياوازەوە, كە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناژيری بەشێكی زۆری مرۆڤايەتی چوونكە زۆربەی مرۆڤەكان بەردەوام دەماری تووڕەبوون و شەڕانگێزيەكەی بەكاردەهێنێت , نەك دەمار ئاشتيخوازەكەی كە خۆی لەبنەڕەتدا ئەو دەمارە هی مرۆڤی ڕاستەقينەيە.

ئەگەر چی ئێستا لە سەدەی بيست و يەكداين كە سەدەيەكی زۆر نامۆيە بەلامەوە چوونكە مرۆڤی زۆر نائاسايی بوونيان هەيە كە بەردەوام وەكو درندە پەلاماری بەرامبەری خۆيان دەدەن بەبێ ئەوەی هيچ تاوانێكيان كردبێت , كە لەڕێگای هەڵگيرسانی چەندين جەنگی جۆراو جۆرەوە كە تەنيا ئامانجيان لەناوبردنی بەشێكی زۆری مرۆڤايەتيە بەتايبەتيش چينی ( هەژار و كرێكاران ) .

بەڵام جەنگی ئەم جارە جياوازە كە دەستی ناوەتە بينەقاقای مرۆڤايەتی كە ئەويش ڤايرۆسێكی خێرايە بەناوی ( كۆرۆنا )

هەڵبەتە ئەم ڤایرۆسە لەکۆتایی ساڵی 2019 لە وڵاتی (چین) زەنگێکی ئاگەدارکردنەوە لێدرا سەبارەت بەبوونی ئەم ڤایرۆسە بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەدرا وە بەڤایرۆسێکی ئاسایی دایان نا, بەڵام بۆ دواجار ئەم ڤایرۆسە تووڕەیی خۆی نیشان داو لە 15 کانونی دووەمی ساڵی 2020 دەستێکی فراوانی خۆی وەشاند لە خەڵکی چین, هەر بەمە نەوەستا ڤایرۆسەکە بڵاوەی پێکرا بۆ وڵاتانی دەوروبەری خۆی کە ئەمەش ئیتر مەترسیەکە زیاتر بوو لەگەڵ ئەوەشدا بەچەندین مرۆڤی کووشت وە جگە لەوانەی دیکە کە لە ئێستادا هەڵگری ڤایرۆسەکەن, کە ئەمەش زۆر لە جەنگی چەکداری مەترسیدارترە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی بەهۆی ئەوەی نازانرێت کە لە چ کاتێك بینەقاقات دەگرێت و کۆتایی بەژیانت دەهێنێت.

هەڵبەتە ئەم ڤایرۆسە ترسی لەناو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش درووست کرد بەتایەتیش لە کاتێکدا کە دەنگۆی بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران بڵاوکرایەوە کە هاوکاتیش بە دراوسێی نزیکی هەرێمی کوردستان دادەنرێت لە ڕووی بازرگانی و گەشتیاریەوە,بەڵام خۆشبەختانە هەتاوەکو ئێستا هیچ حالەتێکی مەترسیدار ڕووبەڕووی خەلکی کوردستان نەبۆتەوە, بەڵام بەداخەوە کە بەشێك لە هاوڵاتیانی قازانج ویست ئەم هەلەیان بۆ خۆیان قۆستەوە بە بەرزکردنەوەی نرخی یەك دەمامك بۆ زیاتر لە20 هەزار دینار

کــە هەرچــەندە بــە دانــانی ئــەو دەمامکانــەیش هــیچ ســوودێکی ئــەوتۆ نیــە بــۆ خۆپاراســتن لــەم ڤایرۆســە , چــوونکە ڤایرۆســەکە نادیــارە نازانرێــت لــە چ کاتێــك وە بــە چ جــۆرە رێگایــەك خــۆی دەخاتــە نێــو جەســتەمانەوە , بــەڵام ئــەوەی کــە جیــاواز بێــت بــۆ خــەلکی هــەرێمی کوردســتان ئەوەیــە لــە پاڵ بــوونی ئــەم ڤایرۆســە کووشــندەیە بــۆ جەســتە کەچــی لەلایــەکی دیکــەوە تووشــی ڤایرۆســی دەروونــی بۆتــەوە کــەوەکو, ( ڤایرۆســی نــەوت و غــاز و بــەنزین و کارەبــا و مووچــە و ...هتــد ) ئــیتر ئــەم ڤایرۆسەیشــی هاتــە ســەری بــۆ خــەلکی هــەرێمی کوردســتان, بــەڵام دڵنیــام هــیچ کاریگەریــەکی مەترســیداری نابێــت بــۆ ســەر ژیــانی خــەڵکی هــەرێمی کوردســتان , چــوونکە کــورد لــە پێشــتردا بــە چــەندین ڤایرۆســی مەترســیدارتری رووبــەڕوو بۆتــەوە کــە توانیویــەتی زۆر بە ئازایانە لەگەڵیان دا بجەنگێت.

هەرچــەندە نازانرێــت ســەرهەڵدانی ئــەم ڤایرۆســە سرووشــتیە یــان دەســتکردیە , چــوونکە ئــەمڕۆ لــە ســەدەیەك دایــن مرۆڤــەکان دەتــوانن شــتی زۆر نــامۆ و مەترســیدار دروســت بکــەن , کــە وای لــێ دێــت ئــیتر ڕووداوەکــان لــە سرووشــتی بوونــەوە دەربچــێت و بکەوێتــە ژێــر دەســتی مرۆڤــە نامۆکــان, خــۆی لــە ســەرەتادا وا بــاس دەکــرا کــە هۆکارەکــەی بــۆ خــەڵکی چــین دەگەڕێتــەوە کــە خــۆی هەرلــەوێوە سەرچــاوەی دروســت بــوونی ئــەم ڤایرۆســە بــوو, بــەهۆی ئــەوەی وڵــاتێکی وەکــو چــین کــە لــە ئاســتێکی پێشــکەوتووی پیشەســازی و تــەکنۆلۆجیا ...هتــد دایــن کەچــی خەڵکەکــەی ئاســتی ڕۆشــنبیریان

زۆر لاوازە لـــە ڕووی خواردنـــەوە کـــە دەســـت دەبـــەن بـــۆ چـــەندین خـــواردنی قێـــزەون کـــە خـــودی خـــۆم نـــاوێرم ســـەیری بکـــەی کەچـــی لەلایەکـــەوە گـــەلێك وەکـــو چـــین بەلەزەتـــەوە دەی خـــۆن بـــۆ نمونـــە خـــواردنی شـــەم شـــەمە کـــوێرە یـــان بـــۆق لەگـــەڵ چـــەندین شـــتی تـــری قێـــــزەون کـــــە بەشـــــێك زۆری پزیشـــــکانی چـــــین هۆکارەکـــــەیان گەڕاندەوە بۆ خواردنی ئەم جۆرە شتە قێزەونانە .

ئەگـــەر چـــی لـــە ئێســـتادا ئـــەم ڤایرۆســـە لـــە وڵاتـــانی ئیســـلامی بڵاوبۆتـــــەوە, لەگەڵیشـــــیدا پیـــــاوانی ئـــــاینی لـــــە ڕێگـــــای میمبـــەرەکانی مزگەوتـــە پـــەیامێکی تۆقێنـــەر دەدەنـــە بـــەر گـــوێی موســـڵمانان کـــە گوایـــە ئـــەم ڤایرۆســـە لـــە لـــەلاین خـــوداوە بـــۆ گەلەکـــەی نێـــردراوە بـــۆ ئـــەوەی خەڵکەکـــە بـــە ئاگـــا بێتـــەوە لـــە کـــارە خرا پـــەکانی لەســـەر ئـــەم گـــۆی زەویەدا ,کـــە ئـــیتر ئەمـــەش لـــە ڕووە ئاینیەکەیەوە بەم جۆرە ئایدیایە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

لـــە هـــەمان کاتیشـــدا ئاراســـتەیەکی سیاســـی هەیـــە کـــە گوایـــە دووبـــارە ئـــەمریکا ئـــەو وڵاتـــە زلهێـــزەی جیهـــان کـــە بەهـــەموو جـــۆرە هێزێکـــی ئـــابووری و ســـەربازی و تەکنەلۆجیـــەوە خـــۆی ســـە پاندوە بەســـەر تـــەواوی جیهانـــدا , کەچـــی ئـــەم جـــارە هەڵســـتاوە بـــە بڵاوکردنـــەوەی ئـــەم ڤایرۆســـە لـــە جیهانـــدا و بەتایبـــەتیش لـــە چـــین بـــۆ ئـــەوەی ئـــابووری چـــین تووشـــی ئیفلـــیج بـــوون بێـــت, بـــەڵام مـــن پـــێم وانیـــە ئەمـــە شـــتێکی ڕاســـت بێـــت چـــوونکە لـــە دەرئە نجامـــدا

ئـــەمریکا خـــۆیش دەکەوێتـــە نێـــو ئـــەو تەڵەیـــەوە کـــە بـــۆ جیهـــانی داناوە بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەرێکی لاوازە...

بەهـــەر حـــاڵ گـــرنگ نیـــە بەلامـــەوە کـــە لـــەڕێگای سرووشـــتیەوە بڵاوبۆتـــەوە ئـــەم ڤایرۆســـە یـــاخود لـــە ڕێگـــای دەســـتکردی سیاسـیەوە, چـــوونکە هـــەر لـــە کۆتـــایی دا ئـــەم ڤایرۆســـەش بـــوونی نامێنێـــت کـــە ئێســـتا جیهـــان بەدەســـتیەوە دەناڵێنێـــت وە دەبێتـــە مێژوویـــەك بـــۆ مرۆڤایـــەتی, چـــوونکە لـــە پاش ئـــەم ڤایرۆســـە دەبێـــت خۆمـــان بـــۆ چـــەندین ڤـــایرۆس و جـــەنگی ئـــاڵۆزترو مەترســـیدارتر ئامادەبکـــەین کـــە ڕووبـــەڕووی ژیـــانی مرۆڤایـــەتی دەبێتەوە.

ئایـــا دەبێـــت کـــەی ئـــەو ڕۆژە بێـــت مرۆڤـــەکان بەشـــێوەیەکی ئـــارام ژیانیان بەڕێ بکەن؟

*ماڵپـــــــــــــــــــەڕی خەنـــــــــــــــــــدان2|3|2020

**نەورۆز لەسەردەمی کۆرۆنا**

**نـــەورۆز یـــاخود مـــانگی بـــەهار کـــە بـــە جـــوانترین وەرزی ســـاڵ دادەنرێـــت بـــۆ مرۆڤـــەکان, هاوکـــات بـــۆ کـــورد ئـــەم وەرزە بـــۆی جیـــاوازترە لەگـــەلانی تـــر چـــوونکە خـــاوەن مێژوویـــەکی تاییـــەتی خـــۆی هەیـــە کـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەردەمی کـــاوەی ئاســـنگەر کـــە لـــەو ڕۆژەدا بەســـەر زوحـــاك ســـەرکەوتوو دەبێـــت و مەشـــخەڵی ئـــاگری نـــەورۆز دادەگیرســـێنێت ئـــەو ڕۆژەش 21ی ئـــازارە کـــە هـــەموو ســـاڵێك ئـــەم ڕۆژە بەیەکـــەم ڕۆژی نـــەورۆز دادەنرێـــت و وە هاوکـــاتیش بەســـاڵی نـــوێی کـــوردی دادەنرێـــت, ئەگەرچـــی بەدریـــژایی مێـــژوو داگیرکـــەران و دووژمنـــانی کـــورد بـــەردەوام هـــەوڵیان داوە کـــە کـــورد ئـــەم بۆنـــە تاییەتـــەی خـــۆی نەکاتـــەوە بەتاییـــەتی لەســـەردەمی ڕژێمـــی بـــەعس کـــە تـــەواوی ئـــەم بۆنەیـــەی لـــە کـــورد قەدەغـــەکردبوو بـــەڵام هـــیچ کاتێـــك نـــەیتوانی ئیرادەی کوردبوون لە تاکی کورد قەدەغەبکات.**

**هەڵبەتـــە کـــورد لـــەم مـــانگی بـــەهار و نـــەورۆزدا خـــاوەنی ڕۆژی (ڕەش و سپیە ) ئەوانیش بریتین لە :**

**ڕۆژە ڕەشـــەکە لـــە 16 ئـــازاری ســـاڵی1988 وە دەســـتی پێکـــرد کـــە ئـــەویش بـــریتی بـــوو لـــە ئە نجامـــدانی زنجـــیرە شـــاڵاوێکی گـــەورەی ئـــەنفال و کیمیاویـــاران کـــە کرایـــە ســـەرگەلی کـــورد و**

بەتایبــەتیش هەڵبجــەی شــەهید کــە دەیــان ڕۆڵــەی کــورد بــە پیرو بەگە نجــەوە بوونــە قوربــانی شــاڵاوی ئەنفالەکــەی ڕژێمــی بــەعس کــە ئــیتر بــەهار و نــەورۆزی ئــەو ســاڵە بــۆ کــورد بــووە نــەورۆزێکی ڕەش.

بــەڵام پــاش چــەند ســاڵێك لــەو ڕووداوە ڕەش و تاریکــە کــە کرایــە ســەر گــەلی کــورد بــەڵام لــە بــەهاری ســاڵی 1991 کــورد تــوانی ڕۆژی ســپی بۆخــۆی تۆماربکــات ئــەویش بــە دەرکردنــی بــەعس بــوو لــە ناوچــەکانیان دا کــە ناویــان لێنــا ڕا پــەڕین ئەگەرچــی برینــەکان و ئازارەکــانی کــورد هــەروەکو خــۆی مــابوو بــەڵام توانیــان بــەهارو نــەورۆزی ئــەو ســاڵە بــە خۆشــی و بــەڕۆژێکی ســپی بەڕێی بکەن.

پــاش 28 ســاڵی دیکــەدا لــە بــەهارو نــەورۆزێکی تــردا جــارێکی تــر کــورد ڕووبــەڕووی ناخۆشــیەکی تــر بــووە کــە ئــەویش بڵاوبوونــەوەی ڤایرۆســی کۆرۆنایــە , هەرچــەندە ئــەم ڤایرۆســە بەتــەنیا گــەلی کوردی نەگرتۆتــەوە بــەڵکو هــەموو جیهــانی بەخۆیــەوە ســەرقاڵ کــردووە وە هــەروەها سەرلێشــێوانیکی گــەورەی لەســەر گــۆی زەویــدا درووســت کــردوە, تاکــە چارەســەری ئــەم ڤایرۆســەش لــە ئێســتادا بریتیــە لــە خۆپاراســتن و دوورکەوتنــەوە لــە شــوێنی گشــتی و قــەرەباڵغی , واتــە نابێــت هاوڵاتیــان بــۆ کــاتێکی نادیــار ڕووبکەنــە شوێنەگشــتیەکان و قــەرەباڵغی درووســت بکــەن چــوونکە دەرئە نجامەکــەی دەبێتــە هــۆی بڵاوبوونــەوە فراوانبــوونی

ڤایرۆسەکە, ئەمەش وا دەکات کە نەورۆزی ئەم ساڵ و دەنگە زوڵالەکەی حەسەن زیرەك لە سەیرانگاکانی کوردستان جمەی نەیەت هاوشێوەس ساڵەکانی دیکەدا, بێگومان ئەمەش نابێتە هیچ کێشەیەك چوونکە گەشت و نەورۆز بۆنەیەکی ساڵانە و کەلتورێکە کە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە بەڵام تەندرووستی و جەستەی مرۆڤ هەموو ساڵێك دووبارە نابێتەوە, ئەگەر ئێمەش گرنگی بەتەندرووستی خۆمان نەدەین دەرئە نجامەکەی دەبێتە هۆی زیانگەیەندان بەخۆمان و دەوروبەرەکانمان , بۆیە نەورۆزی ئەم ساڵ بە نەورۆزی خۆپاراستن لە تەندرووستی خۆمان و خێزان و کۆمەڵگاکەمان دادەنێین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی سەلامەت سەربکەوین بەسەر ئەم ڤایرۆسە کووشندەیە کە هاتۆتە ناومانەوە.

ماڵپەڕی خەندان, 2020|3|20

**شتومەکە هاوردەکراوەکان بۆ باشوری کوردستان ...**

**مـــاوەی چـــەندین ســـاڵە هـــەرێمێکی کـــوردی لـــە عێـــراق درووســـت بـــووە بـــە نـــاوی باشـــووری کوردســـتانەوە کـــە هاوکـــاتیش بـــە نیمچـــە ســـەربەخۆییەك دانـــی پیادەنرێـــت لـــە نێـــو سیاســـەتی عێـــراق و وڵاتـــانی جیهـــان, بـــەڵام ئـــەوەی کـــە جێگـــای نیگەرانیـــە ئەوەیـــە لـــە مـــاوەی ئـــەم چـــەندین ســـاڵەدا کـــە لەلایـــەن کۆمەڵـــە کەســـانێکەوە کـــە توانیـــان بـــبن بـــە حوکمـــداری ئـــەم نیمچـــە ســـەربەخۆییەی باشـــووری کوردســـتان کەچـــی نـــەیان توانیـــوە هـــەرگیز بیرێکـــی دووربینانـــە بـــۆ ســـەرجەم کەرتـــەکانی ئـــەم هەرێمـــە بکەنـــەوە کـــە دیـــارترین کـــەرتیش هـــەتاوەکو ئێســـتاش فـــەرامۆش کـــراوە و بایـــەخی پـــێ نادرێـــت ئـــەویش کـــەرتی کشـــتوکاڵە واتـــە نـــەیان توانیـــوە لـــە مـــاوەی ئـــەم چـــەندین ســـاڵەی حوکمڕانیانـــدا گـــەلی کـــورد تـــامی بەرهەمـــە ناوخۆییـــەکانی وڵاتەکـــەی خـــۆی بکـــات کەچی تەنها بۆنی نەوتە ڕەشەکەی وڵاتەکەی کردووە.**

**بـــەردەوام بـــۆ پڕکردنـــەوەی پێداویســـتیەکانی ڕۆژانـــەی هاوڵاتیـــان کـــە گـــرنگترین پێداویســـتیش خواردنـــە کەچـــی بـــەردەوام پشـــتمان بـــە وڵاتـــانی دەوروبـــەرمان بەســـتووە کـــە ئەمـــەش وەکـــو کۆیلـــە بوونێکـــە بـــۆ دەســـکەوتنی خـــواردن لـــە وڵاتـــانی دراوســـێمان,کە جێگـــای نیگەرانیـــە هـــەرێمێك خـــاوەنی زەوییـــەکی بـــە پـــیتی کشـــتوکاڵی بێـــت بـــەڵام بڕۆیـــت لـــە وڵاتـــانی دراوســـێ**

شـــتوومەك بهێنیـــت کـــە ئـــەو وڵاتانـــەش ( ئێـــران و تورکیایـــە ) کـــە زۆرتـــرین پێداویســـتیەکانی هاوڵاتیـــانی لـــێ دەهێنرێـــت جگـــە لـــە وڵاتـــانی دیکـــە , بەداخـــەوە لـــە کـــاتی هـــاوردەکردنی ئـــەو شـــتوموکانە بـــۆ نێـــو باشـــووری کوردســـتان نازانرێـــت کـــە ئـــەو شـــتومەکانە هـــەتاوەکو چ ڕادەیـــەك کوالێتیـــان لـــە ئاســـتێکی باڵـــا دایـــە یـــاخود هەرئەوەیـــە دەهێنرێتـــە نێـــو باشـــووری کوردســـتان و دەبێتـــە ژەهرێـــك بـــۆ ئـــەم میلەتـــە هـــەژارە هـــەروەها دیـــارترین ژەهـــریش لـــە ســـەردەمی ئـــەمڕۆدا بڵاوبوونـــەوەی زۆری نەخۆشـــیە جۆراوجۆرەکانە...

ئـــەوەی کـــە بەچـــاوی خۆمـــان بینیمـــان لـــە مـــانگی ئۆکتۆبـــەری ســـاڵی 2019 دا کـــە ســـوو پای تورکیـــا هێرشـــێکی بـــەرفراوانی خـــۆی بـــۆ ڕۆژئـــاوای کوردســـتان ئە نجام,بـــەڵام هـــەرزوو خـــەڵکی باشـــووری کوردســـتان بـــۆ دەربـــڕینی نارەزایـــەتی خۆیـــان بەرامبـــەر بـــە هێرشـــەکەی تورکیـــا لـــە بەرامبـــەردا چـــەندین هەڵوێســـتیان نیشـــان دا کـــە دیـــارترین هەڵوێســـتیش بـــریتی بـــوو لـــە بـــایکۆت کردنـــی ســـەرجەم کاڵاکـــانی تـــورکی هەرچـــەندە بـــە بـــایکۆت کردنـــی کاڵـــا تورکیـــەکان زیـــانێکی گـــەورەی بـــە لایـــەنی ئـــابووری تورکیـــا گەیانـــد, بـــەڵام لـــە پاڵیشـــیدا خـــەڵکی باشـــووری کوردســـتانی نیگـــەران کردبـــوو لـــە دەســـتنەکەوتنی ئـــەو پێداویســـتیەی کـــە دەیانـــەوێت بیکـــڕن بـــەڵام بـــە مـــەرجێك تـــورکی نـــەبێت کـــە ئەمـــەش زۆر ئەســـتەمە , چـــوونکە بـــەهۆی ئـــەوەی کاڵـــای تـــورکی دەســـتێکی باڵـــای بەســـەر بـــازاڕی هـــەرێمی کوردســـتان و تـــەواوی ئـــابووری

کوردســـتان داگرتـــووە کـــە ئەمـــەش وای لـــە تورکیـــا کـــردووە کـــە باشـــووری کوردســـتان بکاتـــە دەرگایـــەکی گـــەورە بـــۆ خـــۆ دۆڵەمەنکردنی خۆی لە ڕووی ئابووریەوە.

یـــاخود جگـــە لەمانـــە هـــەرکاتێك بیانـــەوێت دەرگـــای ســـنورەکا نمان بـــە ڕوومـــان دادەخـــەن لـــە کاتێکـــدا کـــە بمانـــەوێت هەڵوێســـتێکی نەتەوایـــەتی خۆمـــان نیشـــان بـــدەین بێگومـــان ئەمـــەش هۆکارەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ نـــەبوونی بـــێ پلانـــی ئـــەم حکومەتـــەی باشـــووری کوردســـتان کـــە هـــیچ کاتێـــك پلانێکـــی بـــەهێزو دوربینانـــەی نـــەبووە بـــۆ تـــەواوی کەرتـــەکانی وڵـــات تـــەنها بـــیری لـــە دەرهێنـــانی نەوتێك کردۆتەوە و هیچی تر...

ئەگـــەر بێـــت و گرنگیـــەکی ئـــەوتۆ بـــە بەرهـــەمی کشـــتوکاڵی نـــاوخۆیی خۆمـــان بـــدەین جگـــە لـــەوەی کـــە تـــامی بەرهـــەمی خۆمـــانی دەکـــەین و لەگەڵیشـــیدا ئـــیتر چـــاومان بەشـــێوەیەکی زەق بەســـەر وڵاتـــانی دراوســـێمان نابێـــت,وە لـــە هـــەمان کاتیشـــدا دەبێتـــە دەرگایـــەکی بـــاش بـــۆ نەهێشـــتنی هـــەلی کـــار لـــە وڵاتـــدا چـــوونکە بـــەهۆی ئـــەو گرنگـــی دانـــەی بـــە لایـــەنی بەرووبەمـــە ناوخۆیەکـــەی وڵـــات لـــە دەرئە نجامـــدا چـــەندین کارگـــەی گـــەورەی جۆراوجـــۆری تێـــدا درووســـت دەبێـــت کـــە ئەمـــەش وا دەکـــات چـــەندین گـــەنج لـــە بێکـــاری بـــۆ خـــۆی ڕزگـــاری بێـــت , هەرچـــەندە ئەمـــە تـــەنها وەکـــو پڕۆژەیـــەکی ســـادەیە بـــەڵکو لـــە پاڵ ئەمـــەدا بـــە چـــەندین پـــڕۆژەی گـــەورەتر هەیـــە کـــە دەتوانرێـــت ئـــە نجام بـــدرێت بـــۆ پێشـــکەوتنی

**وڵـــات و کۆتـــایی  پێهێنـــان بـــە بێکـــاری بـــەڵام بـــە مـــەرجێك کـــە دەبێت کاری ڕاستەقینەی بۆ بکرێت.**

*** ماڵپەڕی خەندان** 2020|1|1

## جـــەنگی ئـــەمریکا و تـاڵیبـــان, لەقەتـــەرەوو پـــێ دەنێتـــە قۆنـــاغێکی تر

ئـــەمریکا وڵاتـــە زلهێزەکـــەی جیهـــان کـــە بەچـــەکە پێشـــکەوتوەکانی و بـــە ئابووریـــە بەهێزەکـــەی بـــەردەوام خـــۆی بەســـەر هـــەموو جیهـــان دەســـە پێنێت بەتـایبـــەتیش ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت کـــە بـــەردەوام هەوڵـــدەدات لـــەژێر سیاســـەتەکانی خۆیـــدا بێـــت و پە نجـــەی هەرکەســـێکیش دەقرتێنێـــت کـــە دەســـت بەســـەر ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت دا بگرێـــت, وە هـــەروەها بڕیـــاری هەڵگیرســـانی جـــەنگ دەدات لەگـــەڵ هـــەر وڵاتێـــك و هـــەر گرووپێکـــی تیرۆرســـتی کـــە بزانێـــت دەبێتـــە هۆکارێـــك بـــۆ تێکچـــوونی ئاسایشـــی وڵاتەکـــەی و ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت ئەمـــەش لـــە پێنـــاو چـــاوە جوانـــەکانی ئـــەم ناوچـــەیە نیـــە بـــەڵکو لـــە پێنـــاو خێـــر و بێـــرە بـــە پیتەکـــەیتی کـــە دیارترینیان( نەوتە ).

ســـاڵی 2003 ئـــەمریکا بڕیـــاری جـــەنگی دا لـــە دژی ڕژێمـــی بـــەعس و ســـەدام حســـێن و بـــەڵام بـــۆ دواجـــاریش لـــەناوی بـــرد و عێراقـــی ڕزگـــار کـــرد لـــە دەســـتی حکومـــەتێکی دیکتـــاتۆر بـــەڵام لە پاشـــان عێـــراق پێنایـــە قۆنـــاغێکی ڕەشـــی حـــوکمڕانی ئـــاڵۆز کـــە بەچەندان دیکتاتۆر هاتنە گۆڕەپانەکەوە.

سـالَی 2014 گرووپێکـی تیرۆرسـتی سـەری هەڵـدا بـەناوی داعـش کـە جـارێکی تـر ئـەمریکا بڕیـاری جـەنگی دا دژی ئـەو ڕێکخـراوە تیرۆرسـتیە کـە بـەهاوکاری هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و سـووپای عێـراق بـۆ دواجـار توانیـان شـانە زینـدووەکانیان لەناوببـەن بەتایبـەتیش لـە پاش کـوژرانی سـەرکردەکەیان بەناوی ئەبوبەکر بەغدادی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە.

بـەڵام درێـژترین جـەنگی ئـەمریکا کـە بۆمـاوەی بیسـت سـاڵ بـەردەوام بـوو ئـەویش جـەنگی ئـەمریکا و تالیبـان بوولـە ئەفغانسـتان کـە ئـەمریکا لـەو جەنگـە بەهـەزاران سـووپا و زیـانی ئـابووری پێگەیشـتووە , سـەرەتای هەڵگیرسـانی ئـەو جەنگـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـالَی 2001 کـە هاوکـات لەگـەڵ ڕووداوەکـانی 11 سـێپتەمبەری ئـەو سـاڵە کـە لەلەلایـەن فڕۆکەیەکـەوە هێـرش کرایـە سـەر چـەندین تـاوەری گرنگـی بازرگـانی ئـەمریکا کـە بـە هێرشـێکی تیرۆرسـتی لـە قەڵـەم درا کـە بەسـەرۆکایەتی ئوسـامە بـلادن سـەرۆکی ڕێکخـراوی قاعیـدە ئـە نجام درابـوو, لـەو کاتـەوە جـۆر بـۆش سـەرۆکی ئەوکاتـەی ئـەمریکا بڕیـاری جـەنگی دا دژی ڕێکخـراوە تیرۆرسـتیەکانی ئەفغانسـتان لەنێویشـیاندا تالیبـان کـە ئـەم ڕێکخـراوە لەسـالَی 1994 دامـەزرابوو , ئەگـەر چـی ئوسـامە بـلادن پـاش چـەند سـالێك لـە ڕووداوەکـەی 11ی سـێپتەمبەر دا بـۆ دواجارلەسـالَی 2011 کـوژرا بـەڵام جـەنگ کۆتـایی نـەهات لـەنێوان هێزەکـانی ئـەمریکا و تالیبـان بـەڵکو جەنگەگـە زیـاتر گـەرمی پێـوە دیـاربوو, بـەهۆی ئـەم جەنگـەوە

**ئەفغانســـتان ڕۆژ بـــەدوای ڕۆژ بـــەرەو دواکـــەوتوترین وڵـــات هەنگاوی دەنا لە دەر ئە نجامی ئەو جەنگە بێ ئاما نجە.**

**بـــەڵام بـــۆ دواجـــار لـــە بـــەرواری 29 ی شـــوباتی 2020 لـــە شـــاری دەوحـــەی قەتـــەر ڕێکەوتنامەیـــەکی ئاشـــتیانە مـــۆرکرا لـــەنێوان ( تاڵیبـــان وئـــەمریکا ) ئەمـــەش دوا بـــەدوای ئـــەوە دێـــت کـــە ئـــەمریکا لـــــە لەســـــەرەتای ســـــاڵی 2020 وە کەســـــایەتیەکی دیـــــاری ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتی تیرۆکـــرد لـــە فرۆکەخانـــەی بەغـــداد ئـــەویش قاســـم ســـولەیمانی بـــوو زەبرێکـــی کووشـــندەی لـــە ئێـــران و سیاســـەتەکەی وەشـــاند , واتـــە دەتـــوانم بڵـــێم حکومەتەکـــەی دۆناڵـــد تراەمـــپ زۆر جیـــاوازتر بـــوو لـــە حکومەتـــەکانی پێشـــووی ئـــەمریکا کـــە تـــوانی زۆر بەوشـــێوەیەکی بوێرانـــە ســـەربکەوێت بەســـەر ســـەرجەم پرســـە سیاســـی و ئـــابووری و گرووپـــە تیرۆرســـتیەکان بەتایبـــەتیش لـــە کوشـــتنی قاســـم ســـولەیمانی و ڕێکەوتنەکـــەی لەگـــەڵ تاڵیبانـــدا کـــە لە پێشـــتردا بەتایبـــەتیش لەســـەردەمی ویلایـــەتی بـــاراك ئۆبامـــا نـــەی دەتـــوانی هـــیچ کـــام لـــەم دوو کـــارە ئـــە نجام بـــدات, ئەگەرچـــی هێشـــتا نازانرێـــت دۆخـــی ئـــەمریکا و دۆنالـــد ترامـــپ و بەتایبـــەتیش ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت بـــەرەو کـــوێ هـــەنگاو دەنێـــت هـــەتاوەکو پـــاش هەڵبـــژاردنی ســـەرۆکایەتی ئـــەمریکا کـــە ئـــاخۆ بـــۆ جـــارێکی تـــر ترامـــپ دێتـــەوە گۆڕەپـــانی سیاســـی یـــاخود ماڵئـــاوایی دەکـــات و ســـەرۆکایەتی بـــۆ کەسێکی تر و بۆ سیاسەتێکی نوێ بەجێ دەهێڵێتەوە .....**

ئەگەرچـــی ڕێکخـــراوی تاڵیبـــان بـــەگرنگترین ڕێکخـــراو دادەنـــرا بـــۆ هاوکاریـــەکانی داعـــش لـــە عێـــراق و ســـوریا لـــە ســـەرەتای ســـاڵی 2014 , کەچـــــی خـــــۆی لەبنەڕەتـــــدا تاڵیبـــــانیش هەربەتەواوکـــــەری فکـــــری داعـــــش و قاعیـــــدە و گرووپـــــە تیرۆرســـتیەکانی تـــر دادەنرێـــت بـــەڵام لـــەژێر نـــاوێکی تـــرەوە کارەکـــانی خـــۆی ئـــە نجام دەدا , کـــە ئەفغانســـتانی خســـتبووە گـــەورەترین قـــەیرانی ئـــابووری و سیاســـی و کۆمەڵاتیەتیـــەوە, لـــە نێویشـــیاندا ئافرەتـــان لـــە ئەفغانســـتان گـــەورەترین قوربـــانی دەســـتی ئـــەو ڕێکخـــراوە بـــوون , چـــوونکە ڕێکخراوەکـــە لەســـەر فکـــری ئـــاینی ئیســـلام بنیـــات نرابـــو کـــە ئەمـــەش وای کردبـــوو بـــەناوی ئاینـــەوە ئـــافرەت لـــە کـــونجی ماڵـــە کـــانی خۆیانـــەوە زینـــدانی بکـــرێن, یـــاخود جیـــاواز لەوانـــە ئافرەتـــان و کچـــان گـــەورەترین هەڕەشـــەی دەســـت درێـــژی سێکســـیان بەســـەرەوە بـــوو لـــە ئەفغانســـتان, بـــەڵام دوا بـــەدوای ڕێکەوتنامەکـــەیان لـــە قەتـــەر, ئومێـــدێك بـــەدی دەکرێـــت کـــە بـــارودۆخی ئەفغانســـتان و فکـــری تـــیرۆر کۆتـــایی بێـــت لـــە ئەفغانســـتان و تـــەواوی ناوچـــەکانی ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـت, یـــاخود بە پێچـــەوانەوە ئەگـــەری ســـەرهەڵدانی فکرێکـــی نـــوێتری تـــیرۆر چـــاوەڕوانی ئەفغانســـتان ئـــەو ناوچـــانە دەکـــات بـــەڵام بـــە بـــەرگێکی جیـــاوازترەوە بۆیـــە دەبێـــت چـــاوەڕوانی دیمەنـــەکانی داهـــاتوو بکـــەین کـــە بـــزانین چیمان بۆ دەخاتە ڕوو.

لێــرەدا پرســیارێك درووســت دەبێــت كــە ئــاخۆ بــە هەڵگیرســانی ئــەو جەنگـــە و لە پاشـــان ئە نجامـــدانی ڕێكـــەوتن چ دەســـكەوتێكیان بەدەست هێنا؟

* **ماڵپەڕی ڕێگای كوردستان**4|3|2020

دەسکەوتەکان و مافەکانی کورد لە پاش ڕا پەرینەوە...

ڕا پـــەرین یـــاخود شـــۆڕش, ئـــەم دەســـتەواژەیە لەلایـــەن چـــینی هـــەژاران و کرێکـــاران و گـــەلی ســـتەملێکراو درووســـت بـــووە, ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەوەی کـــە ئـــەو گەلـــە یـــاخود ئـــەو چـــینە هـــەژارە بـــەردەوام لـــەژێر ســـتەملێکردن دابـــوو لەلایـــەن کەســـانی فـــەرمانڕەواو کەســـانی کاربەدەســـتی ســـەرمایەداری زەبەلاحەوە, هەربۆیـــە لـــە دەرئە نجامـــدا ئـــەو گـــەل و چـــینە هەژارانـــە وە بەتایبـــەتیش چـــینی کرێکـــاران دەســـتیان نایـــە نـــاو دەســـتی یـــەکتر و زەنگـــی ڕا پـــەرین و شۆڕشـــیان لێـــدا لـــە دژی دەســـەڵات دارە فاشـــیزم و دیکتاتۆرەکان, ئەگـــەر چـــی دەرئـــە نجامی بەشـــێکی ئـــەو ڕا پەرینانـــە کـــە لەمێـــژوودا هەڵگیرســـاوە زۆربـــەیان دەرئـــە نجامی باشـــیان هـــەبووە , وە بە پێچەوانەشـــەوە هەنـــدێکی تـــر هـــیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتبوو.

هـــەموو گـــەلێگ لـــە جیهـــان بـــە پێ قۆنـــاغ و بارودۆخـــە جیاوازەکـــان زەنگـــی ڕا پـــەرین و شۆڕشـــیان لێـــداوە لـــە پێناو ســـەربەخۆیی و ســـەقامگیری ئـــابووری و سیاســـی و کۆمەڵایاتی, هـــەروەها لەنێویشـــیاندا گـــەلێکی ســـتمەلێکراوی گـــەورەی ئـــەم گـــۆی زەویـــەدا کـــە بـــەردەوام لەژێردەســـتەو چەوســـاندنەوەدا خـــۆی بینیوەتـــەوە ئـــەویش گـــەلی ( کـــوردە ) ئـــەو گەلـــەی کـــە خاکەکـــەی دابـــەش کـــراوە بۆســـەر چـــوار پارچـــە...بەڵام لـــە کۆتایـــەکانی ســـەدەی بیســـتەم لـــە

ڕۆژی 5|3|1991 پارچـــەیەکی گـــەلی کـــورد دەســـت دەخەنـــە نێـــو دەســـتی یـــەکترو بڕیـــاری ڕا پـــەرین و شـــۆڕش دەدەن لـــە دژی دەســـەڵاتی دیکتـــاتۆری داگیرگـــاری بـــەعس کـــە لـــە شۆڕشـــەکەیان داوا دەکـــەن خاکەکـــەیان چـــۆڵ بکـــەن و ســـەربەخۆ بـــن خۆیـــان دەســـەڵات داری خۆیـــان بکـــەن , چـــوونکە ئـــیتر تـــووڕەیی گەیشـــتبووە ســـەر ئێســـکەکانی گـــەلی کـــورد, ئـــەو پارچـــەیەش باشـــووری کورســـتان بـــوو کـــە یەکـــەم ناوچـــەش زەنگەکـــەی لێـــدرا شاری( ڕانیه )بوو.

بـــۆ دواجـــا توانیـــان ڕژێمـــی بـــەعس شـــار بـــەدەر بکـــەن و خاکەکـــەیان ئـــازاد بکـــەن لـــەژێر چـــنگی دووژمنـــان , ئـــیتر لـــە پاش ئـــازادبوونی پارچـــەی باشـــووری کوردســـتان کـــە لکێنـــدرابوو بەعێراقـــەوە کـــە تـــوانی قەوارەیـــەکی ســـەربەخۆ بـــۆ خـــۆی درووســـت بکـــات و حکومـــەت و پەرلـــــەمانیش دا بمـــــەزرێنێت بـــــەناوی حکومـــــەتی هـــــەرێمی کوردســـتانەوە, واتـــە لـــەوە بـــەدوادا ئـــەم پارچـــەی بـــۆ خـــۆی کاروبارەکـــانی خـــۆی بـــەڕێوەدەبات هـــەروەکو نیمچـــە ســـەربەخۆیەك , بـــەڵام جیـــاواز لـــە ســـێ پارچـــەکەی تـــر کـــە بـــەوڵاتانی ســـوریا و تورکیـــاو ئێـــران لکێنرابـــوون بـــەردەوام بـــوون لـــە ژێـــر دەســـتەی ئـــەو سێ دەوڵەتە .

هەڵبەتـــە بەشـــێکی ئـــەو داگیرکـــاری و چەوســـاندنەوەی کـــورد کـــە لەبەرامبـــەری ئـــە نجام دەدرێـــت, دەگەڕێتـــە بـــۆ نێـــو خـــودی یـــەکرێزی خـــۆی چـــوونکە دەســـەڵات دارانـــی کـــورد هـــیچ کاتێـــك

کاریـــــان لەســــەر گوتـــــاری یـــەك دەنگـــی و یــــەك هەڵویســـــتی نەکردۆتــــەوە ,بۆیـــە بــــەردەوام دووژمنـــــان زەفــــەریان بــــەکورد هێنــاوە, دیــارترین نمونــەش ئــەوە بــوو کــە لــە پاش چــەند ســاڵێکی کــەم لــە درووســـت بـــوونی هـــەرێمێکی نیمچـــە ســـەربەخۆ بـــەڵام نــەبوونی یــەك دەنگــی و گوتــاری هاوبــەش وای کــرد کــە دوو هێــزی دەســـــەڵات دار پــــارتی و یــــەکێتی بکەونـــــە جــــەنگ و ســـــەنگەر لەیــەکتر ڕابگــرن کــە ئــەو شــەڕەش بــە شــەڕی نــاوخۆ دادەنــرا , واتــە لێـــــرەو دووبــــارە پرســــەکان و دەســــکەوتەکانی کـــورد کەوتنــــە مەترســــیەوە بـــەهۆکاری کێشـــەو ناخۆیـــەکانی نێـــو مـــاڵی کـــورد , هــیچ دوور نــەبوو کــە کــورد بــەهۆی ئــەو جەنگــە ناوخۆیــەوە ئــەو نیمچـــە قەوارەیــــەی خـــۆی لەدەســـت بـــدات, بـــەڵام هەوڵــــەکانی نێودەوڵــــەتی وکــــەش و هـــەوا سیاســـیەکە ڕێگـــای بـــەو بارودۆخــــە نـــەدا کـــە جـــارێکی تـــر پارچـــەی باشـــووری کوردســـتان بکەوێتـــەوە ژێـــــر دەســــتی عێـــراق وەکـــو پارێزگایـــەکی دەرەجـــە دوو و ســـێ مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات.

ئەگەرچـی لــە کۆتــایی دا جــەنگ لــەنێوان ئــەو دوو هێــزە دەســەڵات دارە کۆتـــایی هـــات بـــەڵام ســـاردی و گـــرژی و ئـــاڵۆزی و گوتـــاری دژ بەیەکیان لەنێوان دا بەردوام بوو.

هەرچـــەندە لـــە پاش ڕا پەڕینـــەوە دەســـت کـــرا بەدرووســـکردنی پـــڕۆژە و خزمـــەتگوزاری بـــەڵام تـــەنیا بەوشـــێوەیەکی لاوەکـــی بـــوون بـــەڵکو بەشـــــێوەیەکی زەق نـــــەتوانراوە ســـــەرجەم ئـــــەو پـــــڕۆژەو

خزمەتگوزاریانـــە پێشـــکەش بـــە هاوڵاتیـــان بکرێـــت لەلایـــەن حکومـــەتی کوردیـــەوە کـــە لـــە پـــاش ڕا پـــەرین دامـــەزرا, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کـــە مـــن تێبیـــنم لـــەم حکومەتـــە کوردیـــەدا کـــردوە ئەوەیـــە کـــە ڕۆژ بـــە ڕۆژ بناغـــەی چـــینایەتی لـــەنێو کۆمـــەڵگای کـــوردی بـــەرەو زەق بوونـــــەوە دەڕوات لەســـــەرجەم کەرتـــــەکانی خزمـــــەتگوزاری کەوەکو یەك پێش کەش ناکرێت بۆ سەرجەم تاکەکان.

ئەگـــەر چـــی ئێســـتا پارچـــەی باشـــوور بـــە نیمچـــە ســـەربەخۆیەك دادەنرێـــت جیـــاواز لـــە پارچـــەکانی تـــر, بـــەڵام عێـــراق بـــەردەوام هـــــەوڵی ئـــــەوە دەدات ئـــــەو پارچـــــە ســـــەربەخۆیەی کوردســـــتان بگەڕێنەتـــەوە ژێـــر دەســـتی خـــۆی بەهـــەر ڕێگایـــەك بێـــت کـــە ئـــەوەش وەکـــــو خـــــەونێکی کوڵـــــاو وایـــــە , بـــــەڵام لەســـــاڵی 2017 کـــــورد بڕیـــاری ڕیفرانـــدۆمێکی دا کـــە ئـــیتر بەیەکجاریـــەتی ماڵئـــاوایی لـــە عێـــــراق بکـــــات, بـــــەڵام ئـــــەو ڕیفراندۆمـــــە شکســـــتی هێنـــــاو دەرئە نجامەکــــەی بــــووە لــــە دەســــتدانی بەشــــێك لــــە خــــاکی کوردســـتان, بـــەڵام خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا ئـــەو بەشـــەی کـــە لـــە دەســـتی کـــــورد دەرچـــــوو ناوچـــــە کێشـــــە لەســـــەرەکان بـــــوون واتـــــە هـــــیچ پەیوەندیـــــەکی فـــــەرمی بـــــەکوردەوە نـــــەبوو بـــــەڵکو بەداخـــــەوە ناوچـــەیەکە دووژمنـــان وەکـــو گـــورگ چـــاویان ناوەتـــە ســـەری کـــە هەریـــەك لـــە پێکهاتـــەکانی ئـــەو ناوچـــانە دەڵـــێن: ( هـــی ئێمەیـــە ) بەڵام ڕاستی تەنیا هی کوردەو موڵکی هیچ کەسێکی تر نیە.

پێویستە کورد جارێکی تر ڕا پەرینێکی گەورەتر بکات بەهەر چوار پارچەکەیەوە بۆ درووست بوونی کوردستانێکی گەورەو ئازاد کە لە ژێر چەتری ئاڵای ڕەنگینی کوردستاندا بحەسێتەوە, چوونکە ئیتر ئەو کاتە کورد سەرجەم ماف و دسکەوتەکانی بەدەست دەهێنێت.

*ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان 7|3|2020

**لە بەهاری عەرەبیەوە بۆ پایزی عەرەبی**

**هەڵبەتە پێش نۆ ساڵ لەمەو پێش لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شۆڕشێك دژی هەژاری و برسیەتی و گەندەڵی بەرپا بوو کە ناوی لێنرا بەهاری عەرەبی , کە هاوکات بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی لە خۆی گرتەوە وە دیارترین وڵاتی عەرەبی کە هەتاوەکو ئێستا کراوەتە ململانێ و جەنگ و کاولکاری کە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشەوە کە هەتاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە ئەویش سوریایە,کە زیاتر لە نۆ ساڵە وڵاتێکی وەکو سوریا بۆتە شوێنی یەکلایی کردنەوەی ململانێی دەوڵەتە زلهیزەکانی جیهان کەدەرئە نجامی ئەو شۆڕشەیان بە هەلێکی گەورە قۆستەوە کە تێیدا قوماری خۆیان لەم ناوچەیەدا بکەن و سەرجەم بەرژەوەندیەکانی خۆیان تێدا یەکلایی بکەنەوە,وە هەرچەندە کوردیش لە نێو گۆڕەپانەکە دایە کە ئەویش دەیەوێ لەگەڵ ئەم قومارچیە گەورانەدا یاری بکات و بەهەر شێوەیك مافی خۆی وەربگرێتەوە کە چەندین ساڵە مافەکانی لێ زەوت کراوە.**

**جیاواز لە بەهاری عەرەبی پاش نۆ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە جارێکی تر لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شۆڕشێکی تر سەری هەڵدایەوە کە لەوەرزی پایزەوە دەستی پێکرد هەربۆیە دەتوانم بە پایزی عەرەبی لە قەلەمی بدەم , کە ئەویش لە**

**شــەقامی عـــەرەبی بەغـــداد هەلگیســـرا دژی هـــەژاری و گەنـــدەڵی, کـــە هاوکـــاتیش زیـــاتر لـــە مـــاوەی حـــەفتاو پێـــنج ڕۆژە بەردەوامـــە و کـــە هـــەتاوەکو ئێســـتاش نازانرێـــت داهـــاتووی ئـــەم خۆپیشـــاندانە چ دەســـتکەوتێکی دەبێـــت بـــۆ گـــەلی عێـــراق و بەتاییـــەتیش بـــۆ چینی گە نجانی خێر لە خۆ نەدیو**...

**بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی خەندان** 2019|12|14

**لە ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ...**

**حــەفتاو یــەك ســاڵ پــێش ئێســتا لــە ڕۆژێکــی وەکــو ئــەمڕۆدا واتــە لــە 10|12 کــە جارنامــەی مافــەکانی مــرۆڤ لەلایــەن نەتــەوە یەکگرتوەکانــەوە ئیمزاکــرا , کــە هاوکــاتیش هــەموو ســاڵێك یــادی ئــەو ڕۆژە دەکرێتــەوە , کــە لــەو یــادەدا ئــەوەمان پێــی دەڵێــت کــە ئــیتر لــە پــاش ئیمزاکردنــی ئــەو جارنامەیــەوە, بــووە دەســتپێکێك بــۆ پێشــێلکردنی تــەواوی مافــەکانی مــرۆڤ لەســەر ئــەم گــۆی زەویەدا.**

**هەرچــەندە لــە جارنامەکــەدا چــەندین مــادەی تێدایــە کــە هــیچ کامیــان بایــەخی ئــەوتۆی پــێ نــەدراوە بــۆ مــرۆڤ , وەیــەکێك لــە مادەکــان کــە زۆر بەلامــەوە جێگــای تێبینــەی ئەوەیــە کــە ئامــاژە بــەوە دەکــات کــە دەلێت:هــەموو مرۆڤــەکان بــە تــەواوەتی لــە بــەردەم یاســا یەکســانن وە نابێــت هــیچ جیاوازیــەك بکرێــت لــە نێوانیانــدا بــەڵکو بەشــێوەیەکی داد پەروەرانــە مامەڵــە لەگــەڵیان بکرێــت بــۆ ئــەوەی مافــەکانی خۆیــان وەربگرنــەوە, بــەڵام خــۆی لــە بنەڕەتــدا ئــەو مادەیــە بــە هەڵــە نووســراوە چــوونکە لــە بیریــان کــردوە شــتێکی بــۆ زیــاد بکــەن کەئــەویش تــەنیا مرۆڤــە هەژارەکانــە کــە دەبێــت لەبــەردەم یاســا چــۆك دابــدەن و بــە هــەموو ســزایەکی دادگــاو یاســادا ڕازی بــبن و نابێــت دەنــگ هــەڵبڕن ئەگــەرنا دەنگیــان بەتــەواوەتی کــپ دەکرێــت ,بــەڵام بــۆ مرۆڤــە دەســت**

ڕۆیشتووەکان کە بە مرۆڤە گەورەکان دادەنرێن لە نێو کۆمەڵگا ئەوان بۆیان هەیە ئەگەر هەر سەرپێچییەك بکەن یاخود هەر خراپەیەك بکەن نابێت یاسا سزایان بدات کەچی خۆی لە بنەڕەتدا هەر خۆیانن یاسا بەڕێوە دەبەن و یاسا دادەنێن بۆ کەسانی هەژار و لێقەوماو , ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داد پەروەیەکی ڕاستەقینە لەنێوان مرۆڤەکان دا نیە خۆی لە بنەمایەکی ڕاستەقینەدا کە دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە زۆر بەلاوە ڕوونەوە وە ڕۆژانەش لە پێش چاوی خۆمەوە بەهەزاران خرا پی و گەندەڵی و پێشلکردنی مافی هەژاران دەکرێت کەچی یاسایەکی داد پەروەرنیە مافی لێقەوماوان وەربگرێتە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وشەی داد پەروەری لەلایەن مرۆڤە گەورەکان تیرۆر کراوە زیندەبەچاڵیان کردوە بۆئەوەی هەژارەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیان وکە ئیتر بەهیچ شێوەیەك داوای مافەکانی خۆیان نەکەن لە یاساو هەربۆیە ئەم ڕێکخراوانەی بەناو مافی مرۆڤ و یاخود نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەمانە خۆیان بە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دادەنێن بەڵام هیچ کاتێك ڕاست نیە و تەنیا بەرژەوەندی خۆیان لە پێشەنگی کارەکانی خۆیان داناوە هیچ تر... چوونکە هەردەم و هەردەم هەژاران و بە تایبەتی چینی کرێکار کە چینێکی گەورە ستەملێکراوە بەردەوام دەبێت لە پێشلکردنی مافەکانیان هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی دەنگێکی ڕاستەقینەی داد پەروەر درووست نەبێت کە بتوانێت ڕووبەڕووی

هـــەموو پێشـــلکاریەکان ببێتـــەوە کـــە لەبەرامبـــەر مرۆڤـــە هـــەژارەکان دەکرێـــت. ئەگـــەر ئێســـتا نموونەیـــەکی بچـــووک بهێنمـــەوە کـــە لـــە ســـەردەمی ئێســـتادا دەبیـــنین بـــە دەیـــان مرۆڤـــی هـــەژار بـــێ حالـــە لـــە مـــاڵ و حـــالی خۆیـــان دەرکـــراون کەچـــی ئەگـــەر ئێســـتا یاســـایەکی داد پـــەروەر بـــوونی هەبوایـــە ئـــەوا مـــافی ئـــەو مرۆڤـــە هەژارانـــەی لـــە کەســـە خرا پـــەکان وەردەگـــرت کـــە خۆیـــان بـــە مرۆڤـــی گـــەورە دانـــاوە وەرگرتبایـــەوە ئێســـتا ئـــەو جـــۆرە مرۆڤانـــە ژیانیان وانەبوو بەڵام نیە نیە نیە بۆچی؟ نازانم!

جیـــاواز لـــەم مادەیـــە کۆمـــەڵێك مـــادەی تـــری تێدایـــە کـــە یـــەکێکی تریـــان لـــەو مادەیـــە باســـی ئـــازادی ڕادەربـــڕین دەکـــات بێگومـــان ئـــەم مادەیـــەش دووبـــارە هـــیچ خزمـــەتێکی بـــە ئـــازادی ڕادەربـــڕین نـــەکراوە بـــەڵکو بـــەردەوام پێشـــێلی تـــەوای ئـــازادی ڕادەربڕینـــەکان دەگرێـــت لـــە نێـــوان مرۆڤـــەکان لەســـەر ئـــاین و ڕەگـــەز و نـــەژاد و ڕەخنەگرتن...هتـــد کـــە زۆرجـــاران ئـــەو مرۆڤـــە بـــەرەو ڕێگـــای مـــردن دەبرێـــت بـــەڵام ئـــازادی ڕادەربـــڕین خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا دەبێـــت لـــە نـــاخی تاکەکانـــەوە هـــەڵ بقولێتـــەوە کـــە بـــەخۆیان بڵـــێن مـــن مـــرۆڤم بـــوونم هەیـــە لەســـەر ئـــەم گـــۆی زەویـــەدا هەربۆیـــە مـــن ئـــازادم و بـــە ئازادانـــە بیردەکەمـــەوە و بـــە ئازادانـــە دەژیـــم و لـــە هـــیچ کەســـێك قـــەبول ناکـــەم ســـنور بـــۆ ئـــازادی بیروڕاکـــانم دابنێـــت بـــەڵکو ئـــەوە خـــۆمم کـــە چـــۆن ســـنور دادەنـــێم بـــۆ بیروڕاکـــانم نـــەك کەســـێکی تـــری بەرامبـــەرم, کەســـی بەرامبـــەر ئـــەرکی ئەوەیـــە کەتـــەنیا ڕێـــز لـــە بیروڕاکـــانم بگرێـــت وە بـــە پێچـــەوانەوەش منـــیش بیروڕاکـــانی

بەرامبـــەر بـــە هەنـــد وەربگـــرم و ســـووكايەتی پـــێ نەكـــەم , كـــە ئەمـــەش وا دەكـــات يەكســـانيەك لـــە نێـــوان مرۆڤـــەكان درووســـت بێت.

خـــۆی لـــە بنچـــينەی مرۆڤايـــەتی دا كاتێـــك مـــرۆڤ دێتـــە ســـەر ئـــەم گـــۆی زەويـــەدا هـــەموو مرۆڤـــەكان وەكـــو يـــەكن و هـــيچ جياوازيـــەكی لـــە نێوانيـــان دا بـــەدی ناكريـــت بـــەڵام بـــە تێپـــەر بـــوونی كاتـــەكان و ســـــەردەمەكان مرۆڤـــــەكان ئـــــاڵوگۆڕی مەترســـــيداريان بەســـــەردا دێـــت, كـــە هـــيچ كاتێـــك هەســـت بـــە بـــوونی خۆيـــان ناكـــەن يـــاخو ڕۆژێـــك لـــە خۆيـــان نا پرســـن ئـــەو جـــۆرە مرۆڤانـــەی كـــە بـــە شـــێوەيك دەگـــۆڕين كـــە لـــە پێســـتی مرۆڤايـــەتی بـــوون دەردەچـــن و دەچـــنە قـــالبێكی پـــڕ لـــە نـــا مـــرۆڤ بوونـــەوە , بـــير لـــەوە ناكەنـــەوە كـــە بڵـــين ئێمـــە بۆچـــی وا گـــۆڕاوين چـــوونكە ئێمـــە مـــرۆڤين وشـــەی مـــرۆڤ واتـــە درووســـــكردنی هێلانـــــەی خۆشەويســـــتی لـــــە نێـــــوان يەكـــــدی نـــــەك درووســـــتبوونی ڕق و كينـــــەوە يـــــەكتر لـــــە نـــــاوبردن كـــــە ئەمـــــە هـــــيچ كاتێـــك ســـوود بـــە مرۆڤايـــەتی بـــوون ناگەيـــەنێت, هەربۆيـــە دەبێـــت مـــرۆڤ لەگـــەڵ خـــۆی دابنيشـــێت و دادگـــايی خـــۆی و دەروونـــی بكـــات نـــەك هـــەر بەشـــێوەيەكی هەڕەمەكيانـــە بـــير لـــە ژيـــان بكاتـــەوە كـــە لـــــە دەرئە نجامەكەيشـــــی بـــــە زيـــــان دەشـــــكێتەوە بەســـــەر خـــــودی مرۆڤايەتی بوون

مرۆڤ وشەيەكی ئاڵۆز و بێ سەرو بەرە

## کرێکاران لەسەردەمی کۆرۆنادا

ســـەرەتا پـــێش ئـــەوەی دەســـت بکـــەم بـــە بەنووســـینی وتارەکـــەم دا, ســـڵاوێك بـــۆ رووحـــی پـــاکی ئـــەو کرێکـــارە زەحمەتکێشـــانە دەنێـــرم کـــە لـــە پێنـاو جـــەنگ کـــردن لەگـــەڵ نـــان و ئـــازادی گیـــانی خۆیـــان ســـپاردوە , هـــەروەها ســـڵاوم بـــۆ ســـەرجەم ئـــەو کرێکـــارە زەحمەتکێشـــانانە هەیـــە کـــە ئـــەمڕۆ لـــە گۆڕەپـــانی خـــەبات کـــردن ئامـــادەن لـــە پێناو بەدەســـتهێنانی نـــان و ئـــازادی و یەکســـانی دا, کـــە هـــیچ کـــاتێکیش کۆلیـــان نـــەداوەو بـــەردەوام بوونـــە لـــە خـــەباتی خۆیـــان لـــە دژی سیســـتەمی ســـەرمایەداری دا, کـــە لـــە خەبەتاکـــەیان دا ئـــاوات دەخـــوازن رۆژێـــك بێـــت چـــیتر جیـــاوازی چـــینایەتی نـــەمێنێت و ســـەرجەم چـــینەکان بەچـــینی کرێکارانـــەوە لـــەژێر چـــەتری یەکســـانی داد پـــەروەری دا بـــژین و ئـــیتر کۆتـــایی بـــە ئەقلیەتی فاشیلی سەرمایەداری بهێنرێت...

وەکـــو هـــەموو بۆنـــەکانی تـــردا , ســـاڵانە لـــە یـــەکی ئایـــاردا , یـــادی چـــینێك دەکرێتـــەوە کـــە بەدرێـــژایی مێـــژوو بۆتـــە قوربـــانی دەســـتی سیســـتەمی ســـەرمایەداری و ئیمپریـــالیزمی دا, کـــە ئـــەو چـــینەش , چـــینی مـــاف خـــوراو چەوســـێنراوی کرێکارانـــە,خۆی لـــە راســـتی دا ئـــەم رۆژە بـــۆ کرێکـــار هـــیچ جـــەژن و خۆشـــی نیـــە بۆیـــان , بـــەڵکو پیشـــاندانی ئازارەکانیانـــە بـــەرووی جیهـــان و ســـەرمایەدارانی کۆنە پەرســـت,بەڕای مـــن ئەوکاتـــە دەبێتـــە جـــەژن بـــۆ کرێکـــار کـــە

چـــیتر لــــەژێر سیســـــتەمی ســــەرمایەداری دا نەچەوســــێنرێنەوە و ســــەرجەم مافـــە خوراوەکانیـــان بـــەدی بێـــت, هـــەتاوەکو ئێســـتا کرێکـــاران بـــۆ پەیـــداکردنی پاروویـــەکی نـــان دا چـــەندین ڕێگـــای ســـەخت و کـــاری قـــورس پێیـــان ئـــە نجام دەدرێـــت , کـــە زۆرجـــاریش لـــە ئـــە نجامی ئـــەو کـــارە قورســـانەدا , کرێکـــار ژیـــانی خـــۆی لەدەســـت دەدات , لە پاشـــانیش هـــیچ جـــۆرە بیمەیـــەك بـــۆ خێزانەکـــەی دەســـتەبەر ناکرێـــت, جگـــە لـــەوەی کـــە خـــۆی هـــیچ جـــۆرە بیمەیـــەکی نیـــە لـــە کـــاتی کـــارکردنی دا, کەچـــی ســـەرمایەداران بـــێ بـــاکن و تەنانـــەت گاڵتـــەیان بـــە مردنـــی کرێکارێـــك دێـــت و زۆر بێباکانـــە هەڵســـووکەوت دەکـــەن لەبەرامبـــەر کرێکارەکـــە و خێزانـــەکانیان دا , کـــە ئەمـــەش نابێـــت چـــیتر قـــەبول بکرێـــت , بـــەڵکو دەبێـــت کرێکـــارانیش هاوشـــێوەی هـــەموو چـــینەکانی دیکـــەی کۆمـــەڵگادا بـــــەڵکو بـــــەزیادەوەش , دەبێـــــت ســـــەرجەم خزمەتگوزاریـــــە تەندووســـتیەکانیان بـــۆ دابـــین بکرێـــت, لەهـــەمان کاتیشـــدا نابێـــت ئـــیتر کرێکـــاران بچەوســـێنرێنەوەو ژیانیـــان بکرێـــت بـــە دۆزەخ , چـــوونکە ســـەرە نجام چـــینی کرێکـــار بـــە داینـــەمۆو بەرهـــەم هێنـــەری وڵـــات دادەنـــرێن, بـــەڵام بەداخـــەوە خۆیـــان بێبـــەش بوونـــە لـــەو بەرهەم هێنانەی کە لە وڵات ئە نجامی دەدەن.

جیـــاوازتر لەهـــەموو ســـاڵانی دیکـــەدا, ئـــەم ســـاڵ یـــەکی ئایـــار هاوکـــات بـــوو لەگـــەڵ شـــە پۆلێکی کووشـــندەی دژ بـــە مرۆڤایـــەتی دا کـــە ئـــەویش بڵاوبوونـــەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنـــا بـــوو لەبەشـــێکی زۆری وڵاتـــانی جیهـــان دا, کـــە بـــە بڵـــاو بوونـــەوەی ئـــەم ڤایرۆســـە بـــووە

**هـــۆی داخســـتنی ســـەرجەم کارگـــە پیشەســـازیەکان و بازارەکـــان بـــە ڕووی تاکـــەکانی کۆمـــەڵگادا, بـــەڵام ئـــەوەی کـــە لـــەم نێوەنـــدەدا , گـــەورەترین زەبـــری ئـــابووری بەرکـــەوت, ئـــەویش چـــینی کرێکـــاران بـــوون , کـــە بەشـــێکی زۆری کرێکـــاران لـــەجیهان لـــەکارەکانیان دابـــڕان و نێردرانـــەوە بـــۆ ماڵـــەوەو , کـــە هاوکـــاتیش ئـــەم ڤایرۆســـەش وا تەماشـــا دەکرێـــت کـــە دووبـــارە کودەتایـــەکی تـــری ســـەرمایەداران بوبێـــت بەســـەر چـــینی کرێکارانـــەوە, بـــەڵام لەلایـــەکی دیکـــەوە ســـەرمایەداران هـــیچ جـــۆرە زیـــانێکی مەترســـیداریان بەرنەکـــەوتوە لـــە ئـــە نجامی ئـــەم ڤایرۆســـە, ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەو ســـامانە زۆرەیـــان کـــە لـــە ڕێگـــای مانـــدبوون و بەرهـــەمی شـــەو و ڕۆژەی چـــەندین ســـاڵەی کرێکارانـــەوە بەدەســـتیان هێنـــاوە, بۆیـــە دەبێـــت ســـەرجەم ئـــەو ســـامانانەی ســـەرمایەدارەکان بگەڕێتـــەوە بـــۆ گیرفـــانی کرێکـــارانی مـــاف خـــواراو دا, بۆئـــەوەی چـــیتر لەناخۆشـــی و چەوســـاندنەوەدا نـــەژین , لەهەمانکاتیشـــدا دەبێـــت ئـــیتر یەکســـانی و داد پـــەروەری ئـــابووری و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە لەنێوان هەموو تاکەکان دا.**

**ماڵپەری ڕێگای کوردستان,**4|5|2020

[درێژبوونەوەی خۆپیشاندانەکانی عێراق

خۆپیشـــاندانەکانی ئـــەم جـــارەی عێـــراق زنجـــیرە خۆپیشـــاندانێکی درێـــژی بەخۆیـــەوە بـــینی کـــە پـــێ دەنێتـــە نێـــو 50 ڕۆژ , لەدەرئـــە نجامی بـــەردوامی ئـــەم زنجـــیرە خۆپیشـــاندانەدا بـــە چـــەندان کـــوژراو برینـــداری لـــێ کەوتـــەوە , کـــە ئەمـــە زیـــاتر خۆپیشـــاندانەکانی درێـــژتر کـــردەوە, بێگومـــان هـــیچ کەســـێکیش ئـــارەزووی ئـــەوە ناکـــات کـــە بێتـــە ســـەر شـــەقام و گیـــانی خـــۆی بکاتـــە قوربـــانی بـــەڵام کاتێـــك هـــەژاری و برســـیەتی گەیشـــتە ســـەر ئێســـقانەکانی مـــرۆڤ , ئـــیتر ئـــەو مرۆڤـــە جەســـتەی خـــۆی بـــە لایـــەوە هـــیچ بایـــەخێکی ئـــەوتۆی نامێنێـــت, یـــاخود کاتێـــك ســـەیر دەکـــات منداڵـــەکانی لـــە تـــاو برســـیەتی دا ئـــازار دەکێشـــن, ئـــیتر چـــۆن بەرگـــەی ئـــەو هـــەموو ئازارانـــە دەگرێتـــەوە , هـــەر بۆیـــە ناچـــار دەبێـــت دەنگـــی برســـیەتی منداڵـــەکانی لەســـەر شـــەقام دا بـــە بەرپرســـان ڕابگەیـــەنێت کەچـــی بەرپرســـان بـــە گولـــە وەڵامیـــان دەدەنەوە,

ئـــەوەی کـــە لێـــرەدا جێگـــای داخـــە کـــە ئـــەمڕۆ ئـــەم بارودۆخـــە نـــاخۆش و نائارامـــەی کـــە لـــە عێـــراق دەگوزەرێـــت بێگومـــان دەرئـــە نجامی گەنـــدەڵی و بـــێ یاســـایی چـــەندین ســـاڵەی عێراقـــە نـــەك تـــەنها هـــی ئێســـتا, عێراقێکـــی دۆڵەمەنـــد و بـــە پیـــت کـــە دەبوایـــە تاکـــەکانی لـــە خۆشـــترین ژیانـــدا بـــژین بـــەڵام بەداخـــەوە بـــەهۆی زۆری گروو پـــی

گەنـــدەڵكارەوە تـــەواوی ســـامانی عێـــراق بـــە درێـــژایی ئـــەم چـــەند ســـاڵەدا لـــە تاڵانكراویـــدا خـــۆی بینیوەتـــەوە, عێـــراق ســـامانێكی گـــەورەی هەیـــە كـــە ناوی( نەوتـــە ) ئـــەم ســـامانەش دابـــەش كـــراوە بـــۆ ســـەر دوو بەشـــەوە, بەشـــێكیان بەســـەر بەرپرســـان دابەشـــكراوە كـــە ئـــەویش لـــە بەشـــە چـــەورەكەیدا خـــۆی دەبینێتـــەوە, بەشـــەكەی تریشـــی بـــۆ هاوڵاتیـــەكانی عێراقـــە كـــە بریتیـــە لـــە دووكەڵـــە زیـــان بەخشەكەیی و هیچی تر...

عێـــراق پێویســـتی بـــە كەســـانی ڕاســـتگۆ و دڵســـۆزە كـــە حـــوكمڕانی میلەتەكـــەی بكـــات كـــە دووربێـــت لـــە هـــەموو جـــۆرە ئایدیایـــەكی تـــایفی و مەزهـــەبی و حزبـــی, واتـــە دەبێـــت عێـــراق ئاڵایـــەكی مەدەنیانـــەی حـــوكمڕانی بـــەرپا بكـــات كـــە تێیـــدا هـــەموو گەلەكـــەی لـــە ژێریـــدا بحەســـێتەوە, وە ئـــیتر كـــاتی ئەوەیـــە گـــە نجانی خێـــر لـــە خۆنەدیوەكـــەی عێـــراق هاوشـــانی گـــە نجانی دونیـــا بـــە خـــۆش گـــوزەرانی ژیانیـــان بـــەڕێ بكـــەن نـــەك بـــە ژیـــانێكی ڕەزالەتـــەوە بـــژین كـــە لـــە ئە نجامـــدا ســـەری خۆیـــان هەڵـــدەگرن و دەبنـــە قوربانی لە نێو ئاوی ڕووبارەكاندا.

بلاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی ڕێگای كوردستان16\11|2019

**کوشتنی عەبدلکەریم قاسم...دەرخەری ڕاستیەکی تاڵ**

**عەبدلکـــەریم قاســـم ســـەرۆك وەزیرانـــە تیرۆکراوەکـــەی عێـــراق کـــە لـــــە ســـــاڵی** 1963 **لەلایـــەن بەعسیچـــیەکان و کۆنە پەرســـتەکانەوە تیرۆرکرا.**

**دەربـــارەی عەبدلکـــەریم قاســـم کۆمـــەڵێك بۆچـــوونی جیـــاواز هەیـــە کـــە دەگوترێـــت ســـەرۆك وەزیرانێکـــی دیکتـــاتۆر بـــووە بـــەڵام هەنـــدێ کـــی تـــر بـــە ســـەرۆکێکی داد پـــەروەرو دیموکراســـی خـــواز نـــاوی دەبـــەن , ئەمـــــەش لـــــە کاتێکـــــدا کـــــە بـــــەردوام عەبدلکـــــەریم قاســـــم بانگەشـــەی عێراقێکـــی کۆمـــاری و دیموکراســـی دەکـــرد کـــە دووربێـــت لەهـــــــەموو پرەنســـــیبێکی ڕەگەزپەرســـــتی و شـــــۆڤینیزمی,بەڵام بەعســـی چـــیەکان و ڕەگەزپەرســـتەکانی عێـــراق ئـــەم بانگەشـــەیەی عەبدلکـــەریم قاسمیـــان بـــەلاوە پەســـەند نـــەبوو بۆیـــە لـــە کۆتـــایی دا توانیـــان لـــە پۆســـەیەکدا کۆتـــایی بـــە ژیـــانی بهێـــنن و عێـــراق بـــــەرەو لێـــــواری ڕەگەزپەرســـــتی و دواکـــــەوتوویی و مەزهـــــەبی هـــەنگاو بنێـــت کـــە هـــەتاوەکو ئێســـتاش عێـــراق بـــاجی هـــەموو جـــۆرە ڕەگەزپەرســـتیەك و مەزهەبچـــیەتیەك دەدات کـــە ئەمـــەش وای لـــە عێراق کردووە بیخاتە لێواری ڕووبارێکی نادیارەوە.**

**هـــــەروەکو دەروونزانـــــی بــــەناوبانگ عـــــەلی وەردی دەڵێـــــت: گـــەورەترین هەڵـــە لەمێـــژووی عێـــراق بـــریتی بـــوو لـــە کووشـــتنی عەبدلکەریم قاسم...**

**بێگومـــان ئـــەم قســـەیەی عـــەلی وەردی بـــۆ خـــودی عەدبدلکـــەریم قاســـم و مێـــژووی عێـــراق چـــەندین مانـــای گـــەورە بـــەدوای خۆیـــەوە جـــێ هێشـــتووە بـــەڵام خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا دەربـــارەی مێـــژوو عێـــراق بـــە درێـــژایی ســـەدەکاندا عێـــراق خـــاوەنی مێژوویـــەکی پـــڕ لـــە ئـــاڵۆزی و یـــەکلایی کردنـــەوەی ســـەرجەم ململانێکـــان بـــووە هەرچـــەندەش کـــە هـــەتاوەکو ئێســـتاش ئـــەم جـــۆرە ململانێیانـــە بـــە چـــەندین جـــۆری دیکـــەوە بـــەردەوامیان هەیـــە, لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هـــەتاوەکو ئێســـتا تـــونێلی داهـــاتووی عێـــراق بەشـــێوەیەکی تـــاریکی ماوەتەوە .**

**لـــە پرســـەکانی کـــوردا ســـەردەمی عەبدلکـــەریم قاســـم دەتوانرێـــت بـــە ســـەردەمێکی زێـــڕین دابنرێـــت بـــۆ گـــەلی کـــورد کـــە یەکـــەم ســـەرۆك وەزیـــران بـــوو لـــە عێـــراق دانـــی بـــە مافـــەکانی گـــەلی کـــورد دانـــا لەگـــەڵ چـــەندین پاڵپشـــتی دیکـــەی تـــری خـــۆی بـــۆ ســـەرجەم پرســـەکانی گـــەلی کـــورد, چـــوونکە عەبدلکـــەریم قاســـم خـــاوەنی فکرێکـــی دیموکراســـی بـــوو بـــۆ بـــەڕێوبردنی وڵـــات لەگـــەڵ ئەوەشـــدا خـــۆی لەهـــەموو جـــۆرە نەتـــەوە پەرســـتیەك پاراســـتبوو لـــە هـــەمان کاتیشـــدا بـــاوەڕی بـــە عێراقـــی دیمـــوکراتی و یـــەکگرتوو هـــەبوو کـــە هـــەموو گەلەکـــەی لـــە ژێـــر ئاڵاکـــەی بـــە شـــێوەیەکی ئـــارام**

بحەسێتەوە , نەك وەكو ئەوەی ئەمرۆ دەبینرێت لە عێراق كە دووژمنانی عێراق نایانەوێت گەلی عێراق بە شێوەیەكی ئارام ژیانی خۆیان بەڕێ بكەن كەچی بەردەوام لە نێو كێشەی قولدان گەلەكەی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بهاتووبایە لەلایەن نەتەوە پەرستەكان و فكرەبەعسیچیەكان تیرۆر نەكرابایە ئەگەرێك هەبوو كە هەرلەو سەردەمەدا كورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنتبایە بەڵام هەرچەندە لە پاش چەندین ساڵ لە كوشتنی عەبدلكەریم قاسم دا وە لە ساڵی 1991 كورد توانی نیمچە سەربۆخۆییەك لە پاش چەندین قوربانی و كیمبارانەوە كە لەلایەن ڕژێمە فاشیستەكەی بەعسەوە بەرامبەر بە گەلی كوردی ئەنجام دا كە هەتاوەكو ئێستاش لەگەڵی دابێت ئاسەواری ئەو ئازارە بە جەستەی كوردەوە ماوە بەتایبەتی ئەوانەی بەركەوتەی چەكە كیمیاویەكەی ڕژێمی بەعس بوون,

بێگومان بەعسیچیەكان و شۆڤینیزمەكانی عێراق هەرئەوەیان دەزانی كە چاویان بەوە هەڵنەدەهات لەلایەن عەبدلكەریم قاسمەوە كورد مافەكەكانی خۆی وەربگرێت كەچی بۆ دواجار كۆتایی بە ژیانیان هێنا, ئەگەر ئێستا گوزەرێك بەنێو مێژووی ئەو كەسە دەسەڵات دارانەدا بكەین كە بە درێژایی مێژوو لە جیهان حوكمڕانیان كردوو بەشێوەیەكی داد پەروەرانە كە ئاما نجیان خۆشگوزەرانی و یەكسانی بووە بۆ نەتەوەكەیان

و تـــەواوی جیهـــان بـــەڵام لـــە پاڵیانـــدا کەســـانی دەروون نـــەخۆش و شـــەڕانگێز ئـــەم جـــۆرە دەســـەڵات دارانەیانـــە پێیـــان قبـــول نـــەبووە هەربۆیـــە هـــەموو جـــۆرە هـــەوڵێکی خۆیـــان خســـتۆتەگەر بـــۆ لـــەناو بردنیـــان کـــە بەهـــەر جـــۆرە شـــێوەیەك بێـــت بـــەڵام لـــە دەرئە نجامـــدا توانیویانـــە شـــوێن پە نجـــەی خۆیـــان لـــەنێو گەلـــەکانی خۆیـــان و جیهان بکەنەوە ئەو جۆرە دەسەڵات دارە داد پەروەرانە.

ئەگـــەر بێـــت و بـــەراوردێکی مێـــژوویی بکـــەین کـــە لـــەنێوان دوو ســـەرۆك وەزیرانـــدا کـــە لـــە دوو ســـەردەمی جیـــاوازدا کـــە ئـــەویش عەبدلکـــەریم قاســـم و عـــادل عەبدلمەهـــدی کـــە ئـــەوەمان بـــۆ ڕوون دەبێتـــەوە کـــە بـــۆ جـــارێکی دیکـــە لـــە عێـــراق کەســـێکی دیموکراســـی خـــواز و دۆســـتێکی گـــەلی تـــری کوردیـــان تـــیرۆر کـــرد بـــەڵام بەشـــێوەیەکی تـــر نـــەك بـــە کووشـــتن چـــوونکە بارودۆخەکـــە وەکـــو بـــارودۆخی ســـەردەمی عەبدلکـــەریم قاســـم نـــەخوازراو بووکـــە جـــارێکی تـــر ســـەرۆك وەزیرانێکـــی تـــری عێـــراق تـــیرۆر بکـــەن بـــەڵام توانیـــان بەشـــێوەیەکی دیکـــە دووری بخەنـــەوە لـــە گۆڕەپـــانی سیاســـی عێـــراق و کەچـــی تـــاوەکو ئێســـتا داهـــاتووی عێـــراق ناڕوونـــەو لەگـــەڵ ئەوەشـــدا نازانرێـــت کـــە کەشـــتیە گەورەکـــەی عێـــراق کـــە مـــاوەی ســـێ مانگـــە بـــێ ســـەرو بەرەیـــە هەربۆیـــە نازانرێـــت داهـــاتووی ئـــەم کەشـــتیەی گـــەلی عێـــراق بـــەرەو چ ئاراســـتەیەك هەنگاو دەنێت.

**بەداخـــەوە هـــەرکاتێك کەســـێکی داد پـــەروەر لـــە عێـــراق بیـــەوێت لـــەدایك بێـــت بـــۆ میلەتـــە هەژارەکـــەی کەچـــی ڕووبـــەڕووی چـــەندین کێشـــەو گـــرفتی جۆراوجـــۆری دەکـــەن کـــە هـــەتاوەکو دەگاتـــە حالـــەتی کوشتنیشـــی ئەمـــەش بـــەهۆی ئـــەوەی کـــە لـــە عێـــراق کـــە ســـانی شـــۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرســـت و مەزهەبچـــی و کۆنـــە بـــەعس و گەنـــدەڵ و بەرژەوەنـــدخوازبوونیان هەیـــە هەربۆیـــە عێـــراق هـــیچ کاتێـــك ئیســـراحەت بەخۆیـــەوە نابینێـــت کـــە هـــەتاوەکو ئـــەم جـــۆرە کەســـــانە دانـــــەماڵڕێن لـــــەنێو عێراقدا.هەربۆیـــــە نـــــەك عەبدلکـــەریم قاســـم و عـــادل عەبدلەهـــدی هەرکەســـێك تـــر بێـــت دەســـت بـــۆ کـــاری چـــاکە ببـــات و ئـــەو جـــۆرە کەســـانە لـــە دەورووبـــەری دا بـــوونی هـــەبێت زۆر ئەســـتەمە بتوانێـــت بـــە ئـــارەزووی خـــۆی و میلەتەکەی کار بۆ وڵاتەکەی بکات...**

**بڵاوکراوەتـــــەوە لـــــە هـــــەردوو ماڵپـــــەڕی خەنـــــدان و ڕێگـــــای کوردستان**2019|12|26

## خۆپیشـــــــاندانەکانی عێـــــــراق و هــــــــەنگاوەکانی پـــــــاش خۆپیشاندانەکە

نوسینی|ئەحمەد کامەران

هەرچـــەندە بـــەهۆی رووداوەکـــەی تورکیـــاوە بـــۆ ســـەر رۆژئـــاوای کوردســـتان کـــە لـــە 9 ئۆکتۆبـــەرەوە دەســـتی پێکـــرد, ئەمـــەش وای کـــرد کـــە خۆپیشـــاندانەکانی عێـــراق لـــە یـــاد بکەین,بـــەڵام خۆپیشـــاندانەکانی عێـــراق کـــە لـــە ســـەرەتای مـــانگی ئۆکتۆبـــەرەوە دەســـتی پێکردبـــوو, هەرچـــەندە کـــە لـــە پێشـــوتر ئامـــاژەم پێکردبـــو کـــە مـــانگی ئۆکتۆبـــەر بـــە کردنـــەوەی دەرگـــای نارەزایـــەتی گـــەلی عێـــراق و وەهـــەروەها بەکردنـــەوەی دەرگـــای نەهامـــەتی گـــەلی کـــورد دادەنرێت لە رۆژئاوا کوردستان.

شـــــــەوی 24 مـــــــانگ بـــــــەدووەم قۆنـــــــاغی دەســـــــتپێکی خۆپیشـــاندانەکانی عێـــراق دادەنرێـــت کـــە لـــە گۆرەپـــانی تـــەحریری بەغـــداوە ئامادەکـــاری بـــۆ کـــرا, کـــە لەلایـــەن هاوڵاتیـــانی عێراقـــەوە وە بەتایبـــەتیش لەلایـــەن چـــینی گەنجانـــەوە کـــە بـــە چـــینێکی ســـەرەکی ئـــەو خۆپیشـــاندانە دادەنرێـــت چـــوونکە ئـــەو چینە بە رێرەوی گۆرینی وڵات دادەنرێن.

**ئایـــا دەســـــتپێکی دووەم قۆنـــــاغی خۆپیشـــــاندانەکانی عێـــراق چـــی دەگۆڕێت؟**

**قــــەیرانی عێـــراق قولایییـــەکی زۆری هەیـــە و ئـــەم دۆخـــەی عێـــراق دەرەئـــە نجامی گەنـــدەڵی وهەڵـــەی حـــوکمڕانی دەســـەڵاتی پێشـــوی حکومەتـــە یـــەك لـــەدوای یەکـــەکانی عێراقـــە, بۆیـــە لـــە شـــەو ڕۆژێکـــدا هـــەموو کێشـــەو خواســـتەکانی خۆپیشـــاندەران جێبـــەجێ ناکرێ,هەرچـــەندە لـــە قۆنـــاغی یەکـــەمی خۆپیشـــاندانەکان هـــیچ گۆرانکاریـــەکی ئـــەوتۆ بـــەدی نـــەکرا بـــۆ خۆپیشـــاندەران کەچـــی لـــە پاڵیشـــیدا بـــە چـــەندان قوربـــانی و برینـــداری لێکەوتـــەوە, چـــوونکە عێـــراق لـــە ئێســـتادا لـــەنێو گـــەورەترین قـــەیرانی گەنـــدەڵی وفکـــری و مەزهـــەبی دایـــە, بۆیـــە بـــەدێهێنانی داواکاریـــەکانی خۆپیشـــاندەران بـــە شـــێوەیەکی مســـۆگەرکراودا لـــە بۆ ئێستادا لە بەردەست نییە.**

**بـــەڵام بـــۆ چارەســـەرکردنی ئـــەم قەیرانـــەی ئێســـتای عێـــراق پێویســـتە حکوومـــەت بەلایـــەنی کەمـــەوە هەنـــدێك چاکســـازی و خواســـتی هەنووکـــەیی خۆپیشـــاندەران جـــێ بـــەجێ بکـــات دوور لـــە ئاراســـتەی تـــایفی و مەزهـــەبی دەزگاکـــانی حکومـــەت ســـاز و ڕێکبخاتـــەوە, فەرمانگـــەو دەزگـــا و وەزارەتـــە خزمەتگوزارییـــەکان چـــالاکانە بەگەڕبخاتـــەوە پرۆژەیـــەکی چاکســـازی لەســـەر بنـــەمای خواســـتی خۆپیشـــاندەرانی گەڵالـــە بکـــات وە لـــە پەرلەمانـــەوە**

یاسـا و ڕێکـاری ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ ئـەم پڕۆژەیـە فەراهـەم بکات.

هــەروەها دەبێــت مــەوداییێکی دیــاریکراو بــۆ جێبــەجێکردنی ئــەم پــڕۆژە چاکســازییە دیــاری بکــات لەلایــەکی دیکەیشــەوە دەبێــت حکومــــەتی عێــــراق دەســــتدرێژکارانی ســــەر خۆپیشــــاندەرانی ڕووبــەرووی یاســا بکاتــەوە و ڕێگــری بکــات لــە هــەژموون و گوشــاری حزبەکان لە نێو کاروباری حکومەتدا.|

بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی خەبات|29|10|2019

**چاکسازی وا ناکرێت...**

**ئەحمەد کامەران**

**چاکسازی :ئەو دەستەواژە گەورەو پیرۆزەیە کە ئەنجامدەدرێت لە پێناوی نەهێشتنی گەندەڵی و نایەکسانی لە سەرجەم کەرتەکانی وڵاتدا, واتە بە ئەنجام دانی چاکسازی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ دەستەبەر دەکرێت بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەکی چینایەتی کە ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو چاکسازیەدا داد پەروەری بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرقەرار دەبێت لە نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ ئەوەی تاکێك لە ڕووی داراییەوە باشتر بێت لە تاکێکی دیکەدا بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو تاکەکان خۆیان لەیەك ئاستدا دەبیننەوە وە هەروەها بە ئەنجامدانی چاکسازی دەبێتە ڕێگایەکی گەورە بۆ نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان چینی هەژاران و دۆڵەمەندان.**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەواژەی چاکسازی وەکو قەلغانێکی گەورە هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانەوە ,بەڵام هەرچەندە لە کابینەکانی دیکەش ئەم دەستەواژەیە قسەی بریق و باقی**

لەســـەر دەكـــرا بـــەڵام لـــە كۆتـــایی دا بـــێ دەرئـــە نجام بوو, بـــەڵام پـــڕۆژە چاكســـازیەكەی ئـــەم جـــارەی كابینـــەی نۆیـــەم تـــەنیا قســـەی بریـــق و بـــاق نـــەبوو بـــەڵكو بـــە كـــردار ئـــە نجام درا و ڕەوانـــەی پەرلـــەمان كـــرا بـــۆ ئـــەوەی دەنگـــی لەســـەر بـــدرێت لـــە پێنـــاو بەرژەوەنـــدی خـــەڵكی هـــەژارو نەهێشـــتنی جیـــاوازی چـــینایەتی چـــوونكە خـــۆی لـــە بنەڕەتـــدا دەســـتەواژەی چاكســـازی بریتیـــە لـــە نەهێشـــتنی جیـــاوازی لـــە نێـــوان چـــینەكانی كۆمـــەڵگا كـــە هـــەروەكو لـــە ســـەرەتادا ئامـــاژەم بـــە دەســـتەواژەی چاكســـازی )دا, بـــەڵام ئـــەو چاكســـازیەی لـــە هـــەرێمی كوردســـتان ڕووی دا مـــن پـــێم وایـــە بـــە دەســـتكاری كردنـــی دەســـتەواژەی چاكســـازی دادەنرێـــت, چـــوونكە نـــەبووە هـــۆی چاكســـازیەكی ڕاســـتەقینە بـــۆ ســـەرجەم تاكـــەكانی كۆمـــەڵگا بـــەڵكو لـــە دەرئـــە نجامی ئـــەم چاكســـازیە بـــووە قازا نجێـــك بـــۆ بەشـــێك لـــە تاكـــەكانی كۆمـــەڵگا كـــە خۆیـــان بـــە پلـــە باڵـــا هـــەژمار دەكـــەن, واتـــە لێـــرەدا دووبـــارە دەســـتەواژە ڕاســـتەقینەكەی چاكســـازی و و لەگـــەڵ بـــەرقەرارکردنی داد پـــەروەری هـــەردووكیان بە شێوەیەكی كتوپڕدا تیرۆر كران .

ئـــەوە هـــەر مرۆڤـــەكانن ئەگـــەر بیانـــەوێت یەكســـانی بەرپابكـــەن بـــەرپای دەكـــەن یـــاخود بە پێچـــەوانەوە ئەگـــەر بیانـــەوێت نایەكســـانی بەرپابكـــەن ئـــەوە زۆربـــە شـــێوەیەكی ئاســـانتر بـــەرپای دەكـــەن لـــە بـــەرپاكردنی یەكســـانیەكەدا, بـــەڵام ئـــەوەی كـــە مـــن بینـــیم و گوێبیســـتی بـــوو لـــەم پـــڕۆژە بـــە نـــاو چاكســـازیەدا زۆر نیگـــەرانی كـــردم ,چـــوونكە دەســـتە مانـــدووەكانی كـــارگوزارێكم بـــیر

هاتـــەوە کـــە بـــەیانیان زوو لـــە ســـەرماو گـــەرمادا لـــەنێو شـــەقام وشۆســـتەکانی شـــاردایە کـــە بـــە جـــوانترین شـــێوە خاوێنیـــان دەکاتـــەوە کەچـــی تـــەنیا 300هـــەزار بـــۆ400هـــەزاری پـــێ دەدرێـــت, بـــەڵام لـــە پاش ئـــەوەی کـــە تەمـــەنێکی زۆر لـــە خزمـــەتکردنی شـــەقام وشۆســـتەکانی شـــاردا بەرێـــدەکات کەچـــی لـــەکاتی خانەنیشـــینەکەی تـــەنیا 200 هـــەزارێکی بـــەزۆر پێـــی ڕەوا دەبیـــنن واتـــە نـــە لـــەکاتی کارکردنەکـــەی دا خۆشـــی لـــەخۆی بـــینی کەچـــی لـــەکاتی خانەنیشیکردنەکەیشـــیدا بـــە تـــەواوەتی ژیـــانی لـــێ بـــوو بـــە دۆزەخ, هـــەروەها بـــە هـــەمان شـــێوەش فەرمانبـــەرێکیش ســـاڵانێکی دوورودرێـــژ لـــەنێو فەرمانگەکـــەی خۆیـــدا خزمـــەتێکی بەرچـــاو پێشـــکەش دەکـــات کـــە ئـــەم فەرمانبـــەرە بـــە بڕبـــڕەی پشـــتی حکوومـــەت دادەنرێـــت بـــەڵام حکوومـــەت ئـــەم بڕبڕەیـــە پشـــت گـــوێ دەخـــات وکـــەمترین مووچـــە بۆیـــان دابـــین دەکـــات کـــە لەشایســـتەی ئـــەو ماندووبونـــەیان دانیـــە لـــە مـــاوەی ئـــەو چـــەندین ســـاڵەدا پێشکەشـــیان کـــردوە , کەچـــی لەلایـــەکی تـــرەوە دەبیـــنین پەرلـــەمانتارێك یـــاخو وەزیرێـــك یـــان بریکارێـــك یـــان ئـــیتر چـــووزانم هـــەر بەرپرســـێکی تـــر بێـــت کەچـــەند ســـاڵێکی کـــەم لـــە ســـەر ئـــەرکێکی زۆر ســـادە و ســـاکاردایە کـــە زۆرجـــاریش ئـــەو ئەرکـــە ســـادەو ســـاکارەی خـــۆی بەشـــێوەیەکی تـــەواو جـــێ بـــەجێ ناکـــات یـــاخود گەنـــدەڵی تێـــدا دەکـــات کەچـــی لـــە پـــاش ئـــەوەی دەســـتبەرداری ئـــەو پۆســـتەی دەبێتـــەوە بـــە پارەیـــەکی زۆر زەبەلاحـــەوە بـــۆ خـــۆی لـــە ماڵـــەوە ئیســـراحەت دەکـــات , وە جیـــاواز

لـــــەو پـــــارە زۆرەی کـــــە لـــــەکاتی خانەنیشـــــین بوونەکـــــەی وەری دەگرێـــت کەچـــی لـــە پاڵ ئـــەوەدا لـــە کـــاتی خـــۆی کـــە لە پۆســـتەکەی دابـــووە بـــە چـــەندین ئیمتیـــازاتی جـــۆراو جـــۆری دیکـــەی بـــۆ خـــۆی و خێزانەکـــەی دابـــین کـــردوە واتـــە تـــەنیا ئـــەو پـــارە زۆرەی کەلـــە کـــاتی خانەنیشـــین بوونەکەیـــدا وەری دەگرێـــت تـــەنیا وەکـــو شیرینیەك وایە کە بۆخۆی دەیخاتە گیرفانیەوە.

چـــەندە جوانـــە کـــە مرۆڤـــەکان مـــافی یـــەکتر نـــەخۆن و بـــۆ خۆیـــان زۆر بەشـــێوەیەکی داد پەروەرانـــە لـــە نێـــوان خۆیانـــدا بـــۆ خۆیـــان دابەشـــی بکـــەن بـــەبێ ئـــەوەی هـــیچ کەسـێك مـــافی کەسـێکی تـــر بخـــوات و خـــۆی بســـــە پێنێت بەســـــەر کەســـــانی دیکـــــەدا ئـــــیتر بـــــەم شـــــێوەیە چاکسازیەکی ڕاستەقینە درووست دەبێت.

بڵاوکراوەتـــــەوە لـــــە ماڵپـــــەری ڕێگـــــای کوردســـــتان و دەنگـــــەکان
2020|1|18